# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود -
باوان عومەر - زریان محەمەد


2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# کارل مارکس

**بەرگی چوارەم**

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێك نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 52 )

# ناسیۆنالیزم و پرسی نەتەوەیی
# لە روانگەی مارکسیزمی کلاسیکدا

سەلاح بایەزیدی

دروستبونی نەتەوە، حکومەتی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی، وەک چەند دیاردەیەکی گرنگی سەردەمی دنیای مۆدێرن و بڵاوبوونەوەی سیستمی سەرمایەداری هەژمار دەکرێت.

پێش گەشەسەندنی بازاڕی ئازاد و گەشەسەندنی بازاڕی ئازاد و داڕشتنەوەی پێناسەیەکی نوێ بۆ پێگە و مافی ئەندامانی کۆمەڵگە، هەست و هۆشیاریەکی راستەقینەی نەتەوەیی بوونیان نەبوو. کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی بە تەواوی لەسەر بنەمای ناوچەگەلی بچوکی سەربەخۆ بونیادنرابوو و دانیشتوانی وەک ئەندامانی گوندەکان، شارەکان، ناوچەکان، هەرێمەکان و میرنشینەکان پێناسە دەکران. ئەوە تەنیا دوابەدوای پرۆسەی گەشەسەندنی سەرمایەداری، بەرپابوونی شۆڕشێکی نوێی ئابووری، دروستبوونی سیستمێکی مۆدێرنیی چینایەتی و ئەسیمیلاسیۆنی ئەندامانی ئەو دنیا کۆنە لە ناو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا بوو کە هەست و گیانی نەتەوەیی و پرسی دامەزراندنی حکومەتی نەتەوەیی وەک دوو دیاردەی مێژوویی، رووبەڕووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بووە. بەم پێیە، کۆکردنەوەی هەموو هێزە بەرهەمهێنەرەکان لە ناو یەک حکومەتی نەتەوەییدا، وەک ئەرکێکی سەردەمییانە و پێشکەوتنخوازانەی بۆرژوازی لە قەڵەم درا. لەسە بنەمای ئەو بیرۆکەیە، ساڵانی بە تایبەت دوای 1789 لە ئەوروپا، وەک سەردەمی شۆڕشی نەتەوەیی_دیموکراتی بۆرژوازیی و سەرهەڵدانی نەتەوەکان و هۆشیاریی نەتەوەیی پێناسە دەکرێت.

بەدرێژای مێژوو. ناسیۆنالیزم بە شێواز گەلی زۆر جیاواز(کۆنەپارێز، رادیکال وهتد....) دەرکەوتوە، لەلایەن کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر (بۆرژوازیی، چینی کرێکار و هتد....)، پاڵپشتی لێکراوە و هەروەها چەندین کاریگەری زۆر جیاوازی سیاسی (کۆنەپەرستانە، پێشکەوتنخوازانە و هتد...)ی، دروست کردووە. لەم پەیوەندیەدا، بیرمەندانی مارکسیزمی کلاسیک وەک(کارل مارکس، فردریک ئەنگلس و ڤلادیمێر لینین) لە لێکۆڵینەوەی چەمکی ناسیۆنالیزم ئاماژەیان بە دوو خاڵی گەوهەری کردووە کە خۆی لە گرنگی پێدان بە بەرژەوەندی ستراتیژیک و باڵای چینی کرێکار و هەروەها جەختکردنەوە لە بوونی پەیوەندیەکی پڕاو پڕ و نزیک لە نێوان ناسیۆنالیزم و دیموکراسیدا دەبینێنەوە، لە هەمان کاتدا، مارکسیزم باس لە بایەخ پێدان بە رەگوڕیشە کۆمەڵایەتیەکانی تێکۆشانی نەتەوەیی و ناوەڕۆکی نەتەوەیی خەباتی چینایەتی کردوەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەو بە هەڵە تێگەیشتنە هەیە کە(مارکس و ئەنگلس)، گرنگییەکی ئەوتۆیان بە چەمکی ناسیۆنالیزم نەداوە. ئەو دوو بیرمەندە، بۆ ئەوە ناوبانگیان دەرکردوە کە لە نوسینی مانیفێستی کۆمۆنیستدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە((کرێکاران هیچ وڵاتێکیان نییە)). ئایا ئەو گوتەیە بەو مانایە دێت کە ئەوان هیچ بەرژەوەندیەکیان لە بوونی نەتەوە دا نییە؟ لە راستیدا، (مارکس و ئەنگلس)، زۆر بەباشی لە گرنگی پرسی نەتەوەیی بۆ سیاسەتگەلی چینی کرێکار تێگەیشتبوون. لە هەمان سەرچاوەی مانیفێستی کۆمۆنیست، ئەوان ئاماژەیان بەوە کردووە )) کرێکاران دەبێت وەک چینێکی باڵادەست و رابەری نەتەوە دەرکەون، دەبێت خۆی وەک پێکهاتەی سەرەکیی نەتەوە هەژمار بکات، ئەوەش لە کاتێکدا مانا و هەستی نەتەوەیی بوونی خۆی لە خەون و حەزەکانی بۆرژوازی جیابکاتەوە.))

ئەوە پرسیارە کە چ چینێک رابەرایەتی نەتەوە دەکات گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە. کۆمەڵگاکان بەسەر چینەکاندا دابەشکراون، کەوابوو، ((بەرژەوەندی نەتەوەیی)) دەبێت لە لایەن یەکێک لەوە چینانەوە نوێنەرایەتی بکرێت. پێشکەوتنخوازترین چینی کۆمەڵگا وەک سەرەکیترین لایەنی نەتەوەیی پێناسە دەکرێت، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەموو کۆمەڵگا بەرەو پێشەوە دەبات، تەنانەت ئەگەر ئەوە زۆرتر لە برەو پێدان بە بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆشی بێت. ئەگەر چینی کرێکار و ئەو لایەنە نەبێت کە رابەرایەتی شۆڕشی نەتەوەیی بکات، ئەوە چینی باڵادەست و بۆرژوازییە کە ئەو دەرفەتەی بۆ دەبێت کە ناسیۆنالیزم بەکاربهێنێت و بەرژەوەندی خۆیشی وەک هیی هەموو نەتەوە پێناسە بکات. ئەو توانایی و دەسەڵاتە کە بەرژەوەندی چینێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی وەک هەموو نەتەوە هەژمار بکرێت، گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە. بەهەمان شێوە، ئەوان بەوەش تۆمەتبارکراون کە پلانی لە ناوبردنی جیاوازییە نەتەوایەتیەکانیان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی کە مارکس و ئەنگلس پێشبینیان دەکرد بە مانای هەوڵێک بۆ سڕینەوەی هەموو ئەو جیاوازییە نەتەوایەتیانە هەژمار ناکرێت، بەڵکو بە تایبەتی ئاماژەیەک بوو بۆ نەهێشتنی جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، تەریک کردنەوەی ئابووری، جیاکردنەوە ناڕەواو نابەجێکان، ململانێ سیاسیەکان، شەڕەکان و چەوساندنەوەی نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی دیکە. وەک نمونە ئەوان لە پرسی ئیرلەند و بەریتانیا لایەنگریان لە ((گۆڕینی یەکێتیە زۆرە ملێیانەکەی هەنووکە بە کۆنفدراسیۆنێکی یەکسان و ئازاد یان جیابونەوەیەکی تەواو ئەگەر پێویست بێت کرد)). کێشەی ئیرلەند کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لە دارشتن و

دروستبوونی شیکردنەوەی مارکسیزم لەمەر پرسی نەتەوەیی هەبووە.

لە روانگەی مارکس و ئەنگلس، هیچ لایەنێکی جەوهەری پێشکەوتووخوازی لە بارەی پرسی نەتەوەی ئیرلەندبوونی نییە و مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەیش نابێت بە رەها و تەواوکەری هەموو شتێک هەژمار بکرێت. هاوکات مارکس و ئەنگڵس بە روونی لەوەش ئاگاداربوون کە پەیوەندی نێوان بەریتانیا و ئیرلەند لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی چەوسێنەرانە دروست کراوە. لەگەڵا ئەوەشدا، لایەنگری مارکس لە پرسی ئیرلەند تەنیا ((بۆ بوونی هەست و سۆزێکی مرۆڤدۆستانە ناگەڕێتەوە)) لە راستیدا، پاڵپشتی کردنی مارکس لە مافی چارەی خۆنوسینی ئیرلەند لەسەر بنەمای شیکردنەوەی چینایەتی دامەزراوە. بەدرێژای هەردوو دەیەی 1840و 1850، مارکس و ئەنگڵس لەسەر ئەو باوەڕە ساغبوەتەوە کە رزگاری ئیرلەند وەک بەرهەمێکی لاوەکی شۆڕشی چینی کرێکاری بەریتانیا پێناسە بکرێت. بەڵام ئەو لە ساڵی 1869 دا، رای خۆی دەگۆڕێت و بەم شێوەیە دەنووسێت((بەدوای لێکۆڵینەوەیەکی قووڵا و پڕاوپڕ، ئێستا بە پێچەوانەی پێشتر بیردەکەمەوە. چینی کرێکاری ئەنگڵس بەبێ رزگاری ئیرلەند هیچ سەرکەوتنێک مسۆگەر ناکات)) بۆچی؟ مارکس بیری لەوە کردبووەوە کە چینی ئاریستۆکراسی ئەنگڵس لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر ئیرلەند ئەو تواناییەی پەیداکردووە کە درێژە بەدایەپاندنی دەسەڵاتی ناوخۆیی بدات. هەر بەم پێیە ((بۆ خێراترکردنی پرۆسەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا، تۆ دەبێت کارەساتێک بۆ کاربەدەستانی ئینگلسی دروست بکەیت. بۆ ئەنجامدانی ئەوەش، تۆ دەبێت لە ئیرلەند هێرشی پێبکەیت، چونکە ئەوە بەلاوازترین شوێنی ئەو هەژمار دەکرێت.))

کەوابوو، لە روانگەی کرێکارانی ئەنگلسی، ((رزگاری نەتەوەیی ئێرلەند تەنیا مانای دابینکردنی دادپەروەریەکی ئەبسنکراتێ، یان هەستێ وسۆزێکی مرۆڤدۆستانە نییە، بەڵکو ئەوە وەک یەکەم پێشمەرج بۆ رزگاری کۆمەڵایەتی خۆیان دەسنیشان دەکرێت)). بەم پێیە، ئەوە ئەرکی سەرەکی سۆسیالیستەکان لە هەموو شوێنێکە کە گرنگییەکی زۆرتر بە کێشەی نێوان ئەنگلس و ئێرلەند بدەن و بەراشکاوی لایەنگری لە تێکۆشانی نەتەوەیی ئێرلەند بکەن، هەروەها مارکس لە گەڕان بەدوای ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان پرسی نەتەوەیی و خەباتی چینایەتی هەیە، لەو دەرەنجامە نزیک دەبێتەوە ((پرسی زەوی لە ئێرلەند هەتا ئێستاش پەیوەندییەکی پڕاوپڕی بە کێشە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، چونکە ئەوە بۆ زۆربەی خەڵکی ئێرلەند وەک پرسی هەبوونە، ژیان و مەرگ و لەبەر ئەوەی کە هاوکاتێ لە پرسی نەتەوەش جیاناکرێتەوە)). مارکس وەک چارەسەرێک پاڵپشتی لەو چەند پێشنیازە دەکات و پێی وایە کە ئێرلەند پێویستە ئەو چەند خاڵە رەچاو بکات:

1 –خۆ بەڕێوەبردن و سەربەخۆیی لە بەریتانیا.

2– بەرپاکردنی شۆڕشێک بۆ دابەشکردنی زەوی و زار بە یەکسانی .

3– باجی تاریفی پارێزەر لە دژی بەریتانیا. لە لایەکی دیکەوە، ئەوەیش لە بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی پێناسە دەکرێت کە ئێرلەندیەکان دەبێت بە گرنگییەکی زۆرتر سەیری پرسی نەتەوەیی بکەن. ئەنگلس لەنامەیەک بۆ کائوتسکی لە ساڵی 1882 دەنوسێت((ئێرلەندییەکان نە تەنیا مافیان هەیە بەڵو ئەرکیان لەسەر شانە بەرلەوەی کە بیر لە ئێنتەرناسیۆنالبوون بکەنەوە، بە تەواوی نیشتیمانپەروەر بن)).

((ئەوان ئەو کاتە زۆرتر لە ئینتەرناسیۆنالبوون و هاوکاری جیهانی

نزیک دەبنەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لایەنگری پرسی نەتەوەیی بن)).

ئەوەی کە وەک ڕاستییەک لە بارەی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان بەریتانیا و ئیرلەند جەختی لێکرا، دواتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و تێپەڕبوونی سەرمایەداری بۆ قۆناغی داگیرکەری ئیمپریالیزم لە هەموو جیهاندا ڕەنگدانەوەی پەیداکرد. ئیمپریالیزم وەک سیستمێکی جیهانی چەوەساندنەوەی کۆلۆنیالی و زاڵبوونێکی تەواوی بەسەر بەشێکی ئێجگار زۆری ئەم جیهانە لەلایەن چەند وڵاتێکی سەرمایەداری دامەزرابوو. لە ئەنجامدا، ئیمپریالیزم، جیهانی لە نێوان دوو کەمپی نەتەوە چەوساوە و چەوسێنەرەکان دابەشکرد. لە دوای مارکس و ئەنگلس، لینین کاری بۆ داڕشتنی پێشکەوتوترین تێگەیشتنی مارکسیزم لە بارەی پرسی نەتەوەیی کرد. لە ڕوانگەی لینین، هەر کاتێک کەسێک ڕووبەڕووی ڕاستیەکانی سەردەمی ئیمپریالیزم دەبێتەوە، یەکەم شت کە نابێت لە بیری بکات ئەوەیە کە جیهان ئێستا لە نێوان نەتەوە چەوسێنەر و چەوساوەکان دابەشکراوە و چەوساندنەوەی نەتەوەیی نە تەنیا زیادی کردووە، بەڵکو بە شێوەیەکی نەبینراو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێتەوە.

لینین لە لێکدانەوەیەکی مارکسیزمی کلاسیک لە بارەی پرسی نەتەوەیی ئاماژە بەوە دەکات کە(( ڕوانگەی مارکس و ئەنگلس لە بارەی پرسی ئیرلەند یارمەتیەکی گەورەی بە داڕشتنی سیاسەتێک بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبونەوەی کرێکارانی نەتەوە چەوساوەکان لەگەڵ بزووتنەوە نەتەوایەتییەکاندا کردووە، نمونەیەک کە هیچکام لە گرنگیە کردارەکانی خۆی لە دەستنەداوە)).

بۆ لینین، سۆسیالیزم زۆرتر لە ڕستەیەکی بێ مانا دەچێت ئەگەر بە هەموو ئەو ڕوانگە ڕادیکاڵانەی کە پەیوەندییەکی چڕوپڕیان بەپرسی

دیموکراسی و تایبەت پرسی نەتەوەیی هەیە، نەبەستریێتەوە. بەواتایەک، ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناسیۆنالیزم و پرسی نەتەوەیی رۆڵێکی گرنگیان بۆ بەرەو پێشچونی ئامانجەکانی سۆسیالیزم هەیە.

لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، سۆسیالیستەکان رووبەڕوی ئەو پرسیارە گرنگ و هەستیارە دەبونەوە ئایا مارکسیزم بۆی هەیە کە پاڵپشتی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەکان بکات؟ ئەو پرسیارە بە گەرموگوڕی لە ناو سۆسیال دیموکراتەکانی روسیای پێش شەڕی یەکەمی جیهانی، مشتومڕی لەسەر کرابوو و بە تایبەتی لە روسیا و ئۆسترالیا کە هەردوکیان وەک ئیمپراتریەتی فرەنەتەوە هەژمار دەکران. لەو پەیوەندیەدا، لینین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پرسی نەتەوەیی دەکرێت وەک دەرفەتێکی لەبار بۆ جووڵاندنی جەماوەر لەدژی دیکتاتۆریەت کەڵکی لێ وەربگیرێت، هەربۆیە وەڵامی ئەو بەڵێ بوو. بەڵام لە نێوان ئەوانەی کە لە دژی پشتگیری کردنی سۆسیالیستەکان لە خەباتی نەتەوەیی وەستانەوەو بە نا وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، دەکرێت ئاماژە بەناوی مارکسیستی بەناوبانگی پۆڵەندی (ئۆتریش) رۆزا لۆکسەمبۆرگ بکرێت.

لە سەردەمێکدا کە رۆزا لۆکسەمبۆرگ لە پۆڵاند لە دایکبوو، ئەو وڵاتە هێشتا لە ژێر رکێفی داگیرکەریدابوو، لە ساڵی 1795 بە دواوە پۆڵاند لە نێوان هەرسێ ئیمراتۆریەتی روسیا، ئۆستریا دابەشکرابوو. دوابەدوای پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی لە وڵاتی ئاڵمانیا، ئۆستریا و روسیا، ئەو بیرۆکەیە لە هەرێمەکانی پۆڵاندیش بڵاوبویەوە. هەر بەم پێیە، پرسی سەربەخۆی پۆڵاند بە هاوشێوەی پرسی ئیرلەند بە باسێکی هەرە گرنگ و هەستیاری سۆسیالیستەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەژمار دەکرا.

بابەتی ئەگەری لایەنگری کردن لە سەربەخۆی پۆڵاند لە کۆنگرەی لەندەنی ئینتەرناسیۆنالی دووەم لە ساڵی 1896 مشتومڕی لەسەر کرا و پارتی سۆسیالستی پۆڵاند، پێشنیازێکی بۆ سەربەخۆیی پۆڵاند پێشکەش کرد و لەوەیدا رایگەیاندبوو کە سەربەخۆی پۆڵاند، گرنگییەکی یەکجار زۆری سیاسی بە تایبەتی بۆ کرێکارانی پۆڵاند و بە گشتی بۆ بزوتنەوەی جیهانی کرێکاران هەیە.

رۆزا لۆکسەمبۆرگ بە توندی لە دژی ئەو بیرۆکەیە وەستایەوە و بە نوسینی کۆمەڵێک وتار لە چاپەمەنییەکانی سەر بە بزووتنەوەی جیهانی کرێکاری، باسی لەوە دەکرد کە کرێکاران بەبێ گرنگی پێدان بە پرسی نەتەوەیی، دەبێت تێکۆشان و خەباتی خۆیان بۆ دژایەتیکردنی سەرمایەداری جیهانی، تەرخان بکەن و لە هاوسۆزی و بەشداریکردن لە بزووتنەوە نەتەوایەتیەکان دوور بکەونەوە، چونکە ناسیۆنالیزم هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەلاڕێدابردنی کرێکاران لە خەباتی چینایەتی و سۆسیالیزم.

لە راستیيدا، رۆزا لۆکسەمبۆرگ بە دژایەتیکردنی پرۆژەی سەربەخۆی پۆڵاند، مارکسیزمە کلاسیکی رووبەڕوی ئەگەری دابەشبوون و دابڕانێکی فیکری و تیۆری دیکە کردووە. بە واتایەک، ئەو بەرهەڵستی داواکارییەکی دەکرد کە مارکس بە درێژای ژیانی خۆی پاڵپشتی لێکردبوو. لەگەڵا ئەوەشدا، ئەو بە تەواوی ئاگاداری ئەو بەرەنگاربوونەوەیە بوو و تەنانەت لەوەش سڵی نەکردەوە کە بیرۆکەی مارکس لە بارەی سەربەخۆی پۆڵاند بە(( بیرۆکەیەکی پەککەوتو هەڵە)) پێناسە بکات. هەر لەم پەیوەندیەدا، لەبەرئەوەی کە پارتی سۆسیالستی بەریتانیا پاڵپشتی لە داواکارییەکەی مارکس بۆ سەربەخۆی پۆڵاند دەکرد، رۆزا لۆکسەمبۆرگ لە زنجیرە وتارێک بەشێوەیەکی چڕوپڕتر رەخنەیەکی زۆرتری ئاراستەی ئەو بیرۆکەیە کرد.

ئەو باسی لەوە دەکرد کە لەساڵی 1848، مارکس و زۆربەی دیمکراتە ئەوروپاییەکانی رۆژئاوایی، لە پێناو دروستکردنی هێڵێکی بەرگریکەر لە نێوان روسیای تێزاری و رۆژئاوای ئەوروپا کە ئەو کاتە مەترسی ئەگەری داگیرکەری روسەکان لە ئارادا بوو، پاڵپشتیان لە دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی پۆڵاندی دەکرد. رۆزا لۆکزامبۆرگ جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەم هەڵوێستە لە ساڵی 1848 جێگای پەسەندکردن بوو، بەڵام نە لە ساڵانی 1890 و 1900 (تەنانەت لە 1880یش، رێی تێنەدەچوو کاتێک مارکس راگەیاندراوێکی دیکەشی لە لایەنگریکردن لە سەربەخۆیی پۆڵاند بڵاوکردەوە). ئەو هەروەها مشتومڕی ئەوەشی دەکرد، کە بڵاوبوونەوەی سیستمی سەرمایەداری و بەرزبوونەوەی ئاستی هاوپشتی و هاوخەباتی چینی کرێکار لە وڵاتە پیشەسازییەکانی ئەوروپا، پەیوەندیەکی پڕاوپڕی لە نێوان روسەکان و پۆڵاندیەکانی روسیا درووستکردوە و ئەو پێشنیازەی سۆسیال دیموکراتەکان بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی سەربەخۆی پۆڵاندی بە هاوشێوەی((یۆتوپیایەکی خەیاڵی)) پێناسە کرد رۆزا لۆکسەمبۆرگ وەک لایەنی پەڕگیروتوندڕەوی مارکسیزمی کلاسیک لە درێژەی رەخنەکانی لە ناسیۆنالیزم و پرسی نەتەوەیی جەخت دەکاتەوە داکۆکیکردن لە پێکهێنانی پۆڵاندێکی سەربەخۆ زۆرتر لە داواکارییەک بۆ دروستبوونی حکومەتێکی دیکەی سەرمایەداری و لە ئەنجامدایش، چەوسێنەرو دژ بە چینی کرێکار دەچێت. بە واتایەک، لە روانگەی ئەو، کرێکاران نابێت بە بڕ و بیانوی پاڵپشتی کردن لە((ناسیۆنالیزمی ژێر دەسـت)) و پرسی نەتەوەیی لە دروستکردنی حکومەتێک بۆ چینی بۆرژوازی هاوپشت و هاوکار بن، بەڵکو هەوڵەکانیان بۆ دابینکردنی سۆسیالیزم و گەیشتن بە ئازادییە دیموکراتیەکان چڕتر بکەنەوە. هەروەها لۆگسەمبۆرگ ئەو داوایە دەخاتە روو کرێکارە

پۆڵەندیەکان ( لە کاتێکدا بەشێک لە نیشتیمانەکەیان لەلایەن روسیا داگیر کرابوو) دەبێت بە هاوکاری لەگەڵا هەموو ئەو کرێکارانەی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئیمراتۆری روسیا، لە رێگەی خەباتێکی هاوبەش هەوڵا بۆ روخاندنی تێزاریسم و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک و کرێکاری بدەن.

لە ئەنجامدا، ئەو بیرمەندە ناسراوەی مارکسیزم کە روانگەی مارکس و ئەنگلسی لە بارەی ناسیۆنالیزم و پرسی نەتەوەیی بە هەڵەیەکی گەورە و لە هەندێک شوێنیش بە تیۆریەکی((ماوە بەسەر چوو)) پێناسە کرد، لە ئەنجامدا لێکترازان و دابڕانێکی نوێ لە بیر و هزری سۆسیالیستەکان لەمەڕ کێشەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا دروست کرد. رۆزا لۆکسەمبۆرگ و هاوڕێیانی لەو قوتابخانە فیکرییەی کە دواتر بە((مارکسیزمی رووسی)) ناوبانگی دەرکرد، لەسەر ئەو سوور بوون ((کاتێک ئێمە باس لە مافی چارەی خۆنوسین دەکەین، ئێمە چەمکی نەتەوە بە هاوشێوەی پێکهاتەیەکی هاوتوخم و یەکسان پێناسە دەکەین، لە کاتێکدا کۆمەڵگەیەک کە بەسەر چینەکاندا دابەشکراوە، پێکهاتەیەکی لە یەکچوو و هاوتوخمی کۆمەڵایەتی_سیاسی بوونی نییە)).

بەڵام پرۆسەی روداوەکان لە ساڵانی دواتر، ئەوەی زۆر بەباشی سەلماند کە رۆزا لۆکسەمبۆرگ لەوەدا هەڵەیەکی مێژووی کوشندەی کردووە کە سەربەخۆی پۆڵاندی بە هاوشێوەی ((یۆتۆپیایەکی خەیاڵی)) پێناسە کرد. ئەگەر ئەو تەنانەت روانگەکەی خۆی بەو وتەیەش سنوردار کردبا، کە دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی پۆڵاندیش، ناتوانێت ئەو وڵاتە لە ژێر رکێفی داگیرکەری روسیا و وڵاتە زلهێزەکانی دیکە رزگار بکات، بەڵکو دەکرا لە ئاستی ئەو رەخنە و گازندانەی کە دواتر رووبەڕوی ئەو بیرمەندە

مارکسیستە دەبنەوە کەم بکرێنەوە، بەڵام ئەو بەوەش نەوەستاوە مشتومڕی ئەوەی کردووە کە تەنانەت حکومەتێکی بە رووکەش سەربەخۆی پۆڵەندیش سەرکەوتن مسۆگەر ناکات.

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، روانگەی رۆزا لۆکسەمبۆرگ بۆ ناسیۆنالیزم و پرسی نەتەوەیی لەگەڵ بیرۆکەکانی مارکس و ئەنگلس وێکچوو هاوتەریب نەبوو و ئەوەش بۆ کۆمەڵێک گۆڕانکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژووی ئەو سەردەمە دەگەڕێنەوە. لەم پەیوەندیەدا، ئەوە زۆر گرنگە کە روانگەی لینین بۆ ئەو پرسە هەستیارە لە دوو سەردەمی جیاوازی مێژووی لێکۆڵینەوە و تێڕامانی لە بارەیەوە بکرێت، یەکەم لە سەرەتای سەدەی بیستەم زۆر پێشتر لە هەڵوێستەکانی رۆزا لۆکسەمبۆرگ لە بارەی پرسی نەتەوەیی و دووەم لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و چارەسەرکدنی کاتیی کێشەی سەربەخۆی پۆڵاند لە ساڵی 1919. لینین وەک درێژە پێدەری مارکس، زۆر بەباشی کەڵکە لە پرسی نەتەوەیی وەک دەرفەتێک بۆ دروستکردنی یەکڕیزی لە ناو بەرەی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا و کۆکردنەوە و یەکگرتنی نەتەوە چەوساوەکان لە ژێر ئاڵای چینی کرێکار وەرگرت. وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پرسی نەتەوەیی، مارکسیستە روسەکان (لە بەندی 9ی پارتی سۆسیال دیموکراتیکی روسیا) بانگەوازی مافی چارەی خۆنوسینیان بۆ نەتەوەکان کرد کە ئەوە جیابوونەوەیەکی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆشی دەگرتەوە. ئەوە بەتایبەت کاردانەوەیەکی زۆری روسیای تێزارییەوە هەبوو لەو سەردەمەدا، بە ئیمپراتۆرییەتێک کە بەندینخانەیەکی گەورەی بۆ نەتەوەکان درووستکردبوو، پێناسە دەکرا. لە ژێر حوکمی داگیرکاری روسەکاندا (پۆڵاندیەکان، لیتوانییەکان، یستوونیەکان، فینەکان، لینسەکان، ئۆکرانییەکان و هتد) لە هەموو مافەکانی خۆیان بێبەشکرابوون

و بە شێوەیەکی سیستماتیک لە لایەن حکومەتی تیزاری دەچەوسانەوە لە راستیدا، لینین بە کەڵک وەرگرتن لە پرسی نەتەوەیی سەرکەوتنێکی کاتی بۆ پارتی سۆسیال دیموکراتی رووسیا مسۆگەر کرد، بەڵام، بەوەش((سندووقی پاندۆرای)) کردەوە و دواتر کێشەی نەتەوەکان وەک هێزێکی کۆنتڕۆڵا نەکراو رووبەڕوی یەکەم حکومەتی کرێکاری جیهان دەبێتەوە.

لەگەڵ ئـەوەشـدا، پاڵپشتی کـردن لە مافی چـارەی خۆنوسین رووبەڕووی کۆمەڵێک دەنگی ناڕەزایی و دژایەتیکردن لە ناو بەرەی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا بووەوە کە لە ناویاندا دەکرێت ئاماژە بە ناوی رۆزا لۆکسەمبۆرگ، بۆخارین، پیاتاکۆڤ و چەند کەسێکی تر بکرێت. خاڵی سەرەکی بۆ بە رهەڵستکاری ئەو چەند بیرمەندە ناسراوە لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی بۆ ئەوە دەگەڕاوە کە لە روانگەی ئەوان لە سیستمی ئیمپریالیزمدا، مافی چارەی خۆنوسین زۆرتر لە یۆتۆپیایەکی خەیاڵی دەچێت، لە کاتێکدا لە سەردەمی سۆسیالیزم وەک هێزێکی کۆنە پارێز دەردەکەوێت. بە واتایەک، لەسەردەمی داگیرکەری ئیمپریالیزمدا، ئیتر نەتەوە سەربەخۆ بچووکەکان بوونیان نامێنێت. هەروەها بەدوای جێگیر بوونی سۆسیالیزمیش، پێگەی حکومەتی نەتەوەیی بەرەو لاوازبوون دەچێت وپرسییاری سنوورە نەتەوەییەکان، گرنگی و هەستیاری خۆی لە دەستدەدات.

کەوابوو، مارکسیزم لە سەردەمە جیاوازە مێژوویەکان کۆمەڵێک چارەسەری جۆراوجۆر و هەندێک جار لەیەک نەچووی بۆ پرسی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم پێشنیاز کردووە. لەگەڵا ئەوەشدا، دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە هەموو ئەو چارەسەرانە لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی مارکسیستی، ماتریالیزمی دیالێکتیک و شرۆڤەکردنی بارودۆخی چینایەتی بونیاد نراوە. بە هەمان شێوە جیاوازییەکی قووڵا لە نێوان نوسینەکانی لینین لە سەرەتای شەڕی

یەکەمی جیهانی و دواتر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری1917 لە بارەی پرسی نەتەوەیی و پێگەی ناسیۆنالیزم لە سەردەمی شۆڕشی کرێکاری هەیە. پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، لینین بە کەڵک وەرگرتن لە دروشمی مافی چارەی خۆنوسین گورزێکی کوشندە لە ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی دەدات و هاوکات باوەڕ و پاڵپشتی چینی کرێکاری نەتەوە چەوساوەکان مسۆگەر دەکات. لە راستیدا لینین و زۆربەی ئەندامانی پارتی سۆسیال دیموکراتی روسیا، باوەڕیان بەوە هەبوو کە پێدانی ئەگەری جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ زۆرترین یارمەتی بە یەکێتی و گردبونەوەی چینی کرێکاری ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری روسیا دەکات. هەروەها بۆ دڵنیا کردنەوەی زۆرتری ئەو کرێکارانەی کە لە ئاستێکی نزمی سیاسدا بووە، ئەوە پێویستیەکی مێژوویی و تاکتیکی بوو کە جەخت لەوە بکرێتەوە کە چینی کرێکار هیچ بەرژەوەندییەکی لە زۆر لێکردن و چەوساندنەوەی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەدا نییە. لە هەمانکاتدا، ئەوەشیان دەخستە روو کە چینی کرێکار تەنیا دەبێت لە ژێر یەک ئاڵا کۆبێتەوە و لە ژەهری ناسۆنالیزمی دواکەوتوی نەتەوە بچووکەکان و شۆڤێنیزم و دەمارگیری نەتەوەش دوور بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لینین مافی چارەی خۆنوسینی وەک داخوازییەکی سەرەتایی چینی کرێکار پێناسە دەکرد. هەروەها وەک لینین خۆی ئاماژەی پێدەکات، ((بۆرژوازی هەموو کات گرنگییەکی ئێجگار زۆر بە داخوازییە نەتەوەییەکانی دەدات و ئەوەش یەکلاکەرەوە دەخاتە روو. بۆ پرۆلیتاریا پرسی نەتەوەیی لە پلەی دووەم دیت و لە خوارەوەی بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی هەژماری دەکات).

لەسەرەوەی هەمووانیش، ئەو مافی چارەی خۆنوسینی وەک داواکارییەکی دیموکراتیکی بۆرژوازی پێناسە دەکرد کە پەیوەندییەکی بە

ئامانج و بەرنامەی سۆسیالیستەکانەوە نییە. لەگەڵ هەموو ئەو ناتەبایی و جیاوازییە تاکتیکیەی سۆسیال دیموکراتەکای روسیا لەمەر ناسیۆنالیزم و کێشەی نەتەوەیی، لینین بەردەوام روونکردنەوەی بۆ ئەوە دەکرد کە بەرنامەی مارکسیزم لەمەر پرسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی سەرەکی کەموکورتی تێدایە و بە نەرێنی(مەنفی) پێناسەی دەکرد:لە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی، لە دژی سەرکوتکردنی کولتووریی و هتد.

لە پەنابوونی ناتەباییەکی تاکتیکی لە سیاسەتی لینین بۆ پرسی نەتەوەیی، جەخت لەوەش دەکرێتەوە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کاریگەرییەکی گەوەری بەسەر بەرەوپێشچوونی شۆڕشی دژی داگیرکەری کۆلۆنیالی هەبووە. لینین خۆی دوو قۆناغی بۆ شۆڕشی نەتەوەیی دیموکراتیک دەستنیشان کردووە: قۆناغی یەکەم لە ساڵی1871 بۆ 1879 کە لەو ماوەیەدا حکومەتە مۆدێرنەکانی ئەوروپا، دروست دەبێت و قۆناغی دووەم لە ساڵی 1905 بۆ سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 کە دەورێکی نوێ لە پرۆسەی رزگاری نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئاسیا لە خۆدەگرێت.

لە کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست ساڵی1920، لینین جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرسی نەتەوەیی تەنیا لە رێگەی شۆڕشی پرۆلیتاریا چارەسەر دەکرێت. لەمەودوا بۆرژوازی تواناى رابەرایەتی خەباتی نەتەوەیی نییە، چونکە هاوکاری و پاڵپشتی ئیمپریالیزم دەکات و ئێستا دەبێت وەک لایەنێکی دژە شۆڕش پێناسە بکرێت. بەواتایەک، بۆرژوازی سەردەمی خەباتی دژی داگیرکەری کۆلۆنیالی، جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چینی باڵادەستی سەدەی 18 و 19 هەیە کە خەباتی بۆرژوا_دیموکراتیکیان رابەری دەکرد، کەوابوو، ئەو ئەرکە تەواو نەکراوە ئێستا لەسەر شانی چینێکی شۆڕشگێڕی نوێیە، ئەوەش چینی کرێکارە.

لە کاتێکدا بەدرێژای سەدەی بیستەم مارکسیزمی کلاسیک کۆمەڵێک ڕێگاچارە و تاکتیکی جیاوازی بۆ بەرپەرچدانەوەی ناسیۆنالیزم و پرسی نەتەوەیی ڕەچاو کرد و لە نێوان نکۆڵی کردن لە بوونی نەتەوە و پاڵپشتی کردن لە خەباتی نەتەوە چەوساوەکان بە دوو دڵی و ڕاڕاکردن مامەڵەی لەگەڵا دەکرد، لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەم هێشتاش کێشەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم هەروا بە گەرم و گوڕی ماوەتەوە. زیاتر لە سەدە و نیوێک پێش ئێستا، هەردوو بیرمەندی مەزنی مارکسیزمی کلاسیک کارل مارکس و فردریک ئەنگلس، جەختیان لە بوونی پەیوەندییەکی پڕاوپڕ و نزیک لە نێوان ناسیۆنالیزم و دیموکراسدا کردووەتەوە، بە تایبەتی ئاماژەیەک بوو بۆ نەهێشتنی جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان، تەریک کردنەوەی ئابووری، جیاکردنەوە ناڕەوا و نابەجێیەکان و بە گشتی، کۆتای پێهێنان بە ململانێ سیاسیەکان، شەڕەکان و چەوساندنەوەی نەتەوەیەک لە لایەن نەتەوەیەکی دیکە.

ئەگەرچی ئەوان لەسەرچاوە بەناوبانگەکەی خۆیان (مانیفێستی کۆمۆنیست) زۆرتر گرنگیان بە پێشبڕکێیە ئابوریەکانی ناو کۆمەڵگە داوە، کاتێک باس لەوە دەکەن کە ئەگەر چینی کرێکار ئەوە لایەنە نەبێت کە ڕابەرایەتی شۆڕشی نەتەوەیی بکات، ئەوە چینی باڵادەست و بۆرژوازییە کە ئەو دەرفەتەی بۆ دروست دەبێت کە ناسیۆنالیزم بەکاربهێنێت و بەرژەوەندی خۆشی وەک هیی هەموو نەتەوە پێناسە بکات، لەگەڵا ئەوەشدا ناکرێت نکۆڵی لە بوونی ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستانە و لۆژیکێکی سەردەمیانەی ئەو دوو بیرمەندە مەزنە بکرێت.

لە کۆتاییدا دەبێت ئاماژە بە شەپۆلێکی نوێی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەگەرایی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بکرێت. دوابەدوای

هەرەسهێنای یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆنی یۆگسلاڤیا توندوتیژییەکی بێوێنەی نەتەوەیی بەرپابوو و ئەوەش وەک لایەنێکی دژێو دواکەوتوانەی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم پێناسە کرا، ئەگەر چی پێکەوەلکاندنی زۆرەملێیانەی نەتەوەکان دەرەنجامێکی لەوەی باشتریشی نابێت. لەبەر ئەوەی کە بیرۆکەی چەپ و روانگەی مرۆڤگەرایانەی مارکسیزم وەک بەشێک لە فەلسەفەی مۆدێرنی رۆژئاواو دەرەنجامێک لە تێپەڕبوون بە قۆناغی رێنسانس کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی دیکەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژووی هەژمار دەکرێت، پێدەچێت کە چەپی نوێ، پێداچوونەوەیەکی دیکە بە پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ رزگاری نەتەوەیی بکات. بەبێ لەبیرکردنی لایەنە ئابوورییەکانی پرسی نەتەوەیی، ئەوە پێویستیەکی سەردەمیانەیە کە گرنگیش بەبوونی پەیوەندیەکی پڕاوپڕ و نزیکەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە و پەرەپێدان بە مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ رزگاریخوازی نەتەوەیی و شوناسی سەرکوتکراوی نەتەوە چەوساوەکان بدرێت.

# ژیان و هزرەکانی کارڵ مارکس

فریدریک ئەنگڵس

لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

کارڵ مارکس، ئەو پیاوە بوو کە بۆ یەکەمجار چوارچێوەیەکی زانستی بۆ سۆسیالیزم دانا، مارکس لە ساڵی 1818 لە تریر لەدایکبووە. سەرەتا لە زانکۆی بۆن زانستی مافەکانی خوێندووە، بەڵام زوو لە مێژوو و فەلسەفەی کۆڵیوەتەوە و لە ساڵی 1842 بڕیار دەدات وەک مامۆستای یاریدەدەر لە بەشی فەلسەفە بۆ دەستەبەرکردنی پێگەی مامۆستایی درێژە بە خوێندن بدات، کە جووڵانەوەی سیاسی پاش مردنی فریدریک ویلهلمی سێیەم سەریهەڵدابوو، بەرە و ڕێگەیەکی دیکەی برد. سەرۆکەکانی بۆرژوای لیبراڵی ڕاین2 بە هاوکاری مارکس هەروەک کامپ هاوزن، هانسمان و ئەوانی دی لە کۆڵن «ڕاینیشی تسایتۆنگ»یان دامەزراند و ڕەخنەکانی مارکس، سەرنجێکی زۆری دەربارەی ڕەفتاری ئەنجومەنی ویلایەتی ڕاین کێشکردبوو، لە پایزی سالی 1842 بە سەرنوسەری ئەو بڵاوکراوەیە هەڵبژێردرا. دیارە «ڕاینیشی تسایتۆنگ»(4) لە هەلومەرجی سانسۆردا بڵاودەبوەوە، بەڵام سانسۆر دەرەقەتی نەهات.

«ڕاینیشی تسایتۆنگ» تا ڕادەیـەک توانی هەرجارە و کۆمەڵە وتارێکی گرنگ، لە سانسۆر ڕزگار بکات. سەرەتا ماددەیەکی کەم بۆ وەلانان دەرخواردی سانسۆر دەدرا، بە شێوەیەک کە یان دەزگای سانسۆر بۆخۆی پاشەکشەی دەکرد، یان بۆ ئەوەی مل بۆ بڵاوکردنەوە بدات، هەڕەشەی لێدەکرا کە ڕۆژنامەی بەیانی بڵاونابێتەوە. هەر کاتێک بڵاوکراوەکان بوێری

«ڕاینیشی تسایتۆنگ»یان دەبوو، بڵاوکەرەوانیان بودجەیەکی چەندسەد تالەر زیاتریان بۆ کۆکردنەوەی ڕۆژنامەکان تەرخان دەکرد، لەو کاتەدا ئەگەری بەردەوامی سانسۆر لە ساڵی 1843 لە ئەڵمانیا چیتر ئاسان نەبوو. بەڵام خاوەن ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا بوودەڵە، ترسنۆک و نەزان بوون، بویە «ڕاینیشی تسایتۆنگ» دەبوایە بە تەنیا بجەنگایە. ئەو دوای هەر سانسۆرێک ڕووبەڕووی سانسۆرێکی دیکە دەبووەوە، تا سەرۆکی حکومەت بۆخۆی هەنگاوی بۆ سانسۆرکردنی ئەو بڵاوکراوەیە نا. حکومەت لە سەرەتای 1843 ڕایگەیاند کە دەرەقەتی ئەو بڵاوکراوەیە نایەت و لەوە بە دواوە بێ هیچ بیانویەک سەرکوتی کرد.

ماركس لەو نێوەدا زەواجی لەگەڵ خوشکی ڤۆن وستفالیا (5) کرد، کە پاش ماوەیەک بە وەزارەتی کۆنەپارێزی گەیشت، کۆچیکرد بۆ پاریس و لە وێ بە یارمەتی ئە ڕۆگە «کتێبەکانی ئەو ساڵەی ئەڵمانیا – فەرەنسا»ی بڵاوکردەوە کە تێیدا زنجیرەی بەرهەمی سۆسیالیستی خۆی بە «ڕەخنەی فەلسەفەی مافەکانی هیگڵ» دەستپێکرد، پاشان بە هاوکاری ف. ئەنگڵس «بنەماڵەی پیرۆز، دژی برۆنۆ باوەر (Bruno Bauer) و هاوبیروباوەڕانی» بڵاوکردەوە کە ڕەخنەیەکی تەوس ئامێز بوو دەربارەی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا.

فێربوونی ئابوری سیاسی و مێژووی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بۆ ماركس هێندە کاتی بۆ هێشتەوە کە هەندێجار پەلاماری حکومەتی پروس بدات، ئەو حکومەتەش بە چەشنێک تۆڵەی خۆی کردەوە، کە توانی لە سەرەتای ساڵی 1845 داوای دەرکردنی ماركس لە فەرەنسا بە وەزارەتی گیزۆ (Guest) پەسەند بکات، لەم پێوەندیەدا ئەلیکساندار فۆن هۆمبلێد (6) ڕۆڵی ناوبژیوانی بینی.

مارکس شوێنی ژیانی بۆ برۆکسل گواستەوە و لەوێ لە ساڵی 1848 بە زمانی فەرەنسی «قسەکردن دەربارەی بازرگانی ئازاد» و ساڵی 1847 «هەژاری فەلسەفە»ی بڵاوکردەوە کە ڕەخنەبوو لە «فەلسەفەی هەژار»ی پرۆدۆن. هاوکات دەرفەتی هێنا لە برۆکسل یەکێتی کرێکارانی ئەڵمانیای دامەزراند و بەمشێوەیە بە کاری برەوپێدان ڕاگەیشت. لەو کاتەوە کە خۆی و هاوڕێکانی لە ساڵی 1847 پەیوەندییان بە یەکێتی نهێنی کۆمۆنیستەکانەوە کرد، کە لە مێژبوو هەبوو، ئەم کارە بۆ ئەو بایەخی زیاتر بوو. تێکڕای ئەو دامەزراوەیە وەرچەرخا، پەیوەندی کەم و زۆری نهێنی کە تاکو ئەو سەردەمە هەبوو، بۆ ڕێکخراوی ئاسایی بۆ بانگەشەی کۆمۆنیستی، بووە یەکەم ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا کە تەنیا دەبوایا بە ناچاری بە نهێنی مابایەتەوە. کە یەکێتی کرێکارانی ئەڵمانیا لە هەموو شوێنێک سەریانهەڵدا، ”بۆند“یش(7) سەریهەڵدا، تاڕادەیەک هەموو سەرۆکانی یەکێتی کرێکاران لە بەریتانیا، بەلژیکا، فەرەنسا و سویسرا و زۆربەی یەکێتییەکان ئەندامی «بۆند» بوون، کە لە ئەڵمانیا دامەزران و پشکی «بۆند» لە سەرهەڵدانی جوڵانەوەی کرێکاری ئەڵمانیا زۆر گرنگ بوو، بەڵام «بۆند» لەو نێوەدا یەکەم دامەزراوەی ڕێکخراو بوو، کە سروشتی نێونەتەوەیی جووڵانەوەی کرێکاری بەرجەستە دەکرد، هەروەها کاری پێدەکرد، لە «بۆند» بەریتانییەکان، بەلجیکییەکان، هۆڵەندییەکان، پۆڵەندییەکان و هتد ئەندامی بۆند بوون و بەتایبەت لە لەندەن دانیشتنەکانی کرێکارانی نێونەتەوەیی پێکدەهێنا.

ئاڵوگۆڕی «بۆند» بە پێی دوو کۆنگرە لە ساڵی 1847 دامەزرا، بڕیاریدا کە لە کۆنگرەی دووەم پێکهاتە و بڵاوبوونەوەی بنەماکانی حزب پەسەند بکرێت، کە مارکس و ئەنگڵس وەک «مانیفێست» ڕێکیخستبوون.

بەم شێوەیە بوو کە «مانیفێستی حزبی کۆمۆنیستڤ» لە ساڵی 1848 بۆ یەکەمجار پێش نزیکبوونەوەی شۆڕشی فێڤرییە بڵاوبوەوە و تاکو ئێستا تاڕادەیەک بۆ هەموو زمانەکانی دنیا وەرگێڕدراوە.

«ڕۆژنامەی ئەڵمانیا - برۆکسل»(8) لەو کامەرانیەدا بەبێ هیچ تێبینیەک زێدی باوکی مارکسی ئاشکرا کرد کە مارکس هاوکاری بوو، حکومەتی پروسی ناچارکرد کە مارکس دەربکاڤ، کارێک کە بێئەنجام بوو، بەڵام شۆڕشی فێڤرییە لە برۆکسل کە جووڵانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی لێکەوتەوە و لە ئاستانەی وەرچەرخان بەزەین دەگەیشڤ، حکومەتی بەلجیکا بێ بیانوو مارکسی گرڤ و لە و وڵاتە دەریکرد. لەم نێوەدا حکومەتی کاتی فەرەنسا بەهۆی فۆکۆوە بانگێشتی کرد بۆ پاریس بگەڕێتەوە و بەدەم ئەو داوایەوە چوو.

لە پاریس پێش هەموو شتێک ڕووبەڕووی ئەو دەستبڕو فێڵبازانە بوەوە کە دەیانویسڤ تاقمی چەکدار لەو کرێکارە ئەڵمانیانە درووسڤ بکەن، کە لە فەرەنسا دەژییان تا بە هۆیەوە لە ئەڵمانیا شۆڕش و کۆماری بێننەکایەوە. لە لایەک دەبێ ئەڵمانیا بۆخۆی شۆڕشی خۆی ئەنجام بدا و لە لاکەی دی هەرتاقمێکی شۆڕشگێڕی بێگانە کە لە فەرەنسا دادەمەزرا، هەرئەودەمە لامارتینەکانی(9) حکومەتی کاتی بۆ حکومەتێک ئاشکرایان دەکرد کە دەبوایە سەرکوڤ بکرێڤ، هەروەک کە ئەم ڕووداوە لە بەلژیک و بادن ڕوویدا.

مارکس دوای شۆڕشی مارس چووە کۆڵن و لەوێ ڕۆژنامەی «نیو ڕاینیشی تسایتۆنگ»(10)ی دامەزراند، کە لە یەکەمی ژوئیەی 1848 تا 19ی مەی 1849 بەردەوام بوو، تاکە ڕۆژنامەیەک کە لەنێو جووڵانەوەی دیموکراتی ئەو سەردەمە هەڵوێستی پرۆلیتاریای دەخستەڕوو ئەوەش لە ڕێگەی لایەنگری بە ئاشکرای خۆی لە ڕاپەڕیوانی مانگی ژوئیەی 1848 لە

پاریس، کارێک کە بووە هۆی سەرکێشی زیاتری پشکدارانی ئەم بڵاوکراوەیە. «ڕۆژنامەی خاچ» بێهوودە ئاماژەی بە «سەرکێشی شیمپراسۆ» دەکرد کە بڵاوکراوەی «نیو ڕاینیشی تسایتۆنگ» بەو هۆیە پەلاماری تێکڕای پیرۆزییەکان، لە پاشاو سەرۆک وەزیرانی ڕایخ بیگرە تا عەسکەرەکان و 8000 خەڵک، کە لە یەکێک لە قایمگاکانی پروسیا جێگیر بوون؛ خەڵکی ئاسایی لیبراڵ و لەپڕ کۆنەپارێزبووی ڕاین بێهوودە دەمارگیرییان نیشاندەدا، حکومەتی سەربازی کۆڵن لە پاییزی سالی 1848 بێهودە بۆ ماوەیەکی زۆر دۆخی ئەو بڵاوکراوەیەی بە هەڵپەساردو ڕاگەیاند، بێهودە وەزارەتی دادی فرانکفۆرت لەلای دادوەری کۆڵن بە پشتبەستن بە بەند بەندی یاسا داوای لێپرسینەوە و دادگاییکردنی ئەو بڵاوکراوەیەی دەکرد؛ بە سەرنجدان بە پارێزەری سەرەکی، هەروەک ڕۆژنامە بەبێ دەنگی هەڵەچنی و چاپدەکرا، بەش و ناوبانگی ڕۆژنامە هاوکاتی پەلامارەکانی بۆ حکومەت و بۆرژوازی گەشەی کرد. کاتێک لە نۆڤەمبەری 1848 لە پروسیا کودەتا کرا، «نیو ڕاینیشی تسایتۆنگ» لە یەکەم لاپەڕەی هەر ژمارەیەکی کە بڵاودەبۆوە، داوای لە خەڵک دەکرد سەرانە نەدەن و وەڵامی توڕەیی بە توڕەیی بدەنەوە. لە بەهاری 1849 ڕۆژنامە لەبەرئەوە و لەبەر وتارێکی تری ڕاکێشرایە دادگا، بەڵام لە هەردوو بوارەکەدا دادگا بێتاوانی ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاند. لە ئاکامدا، دوای ئەوەی کە ڕاپەڕینی مەی سالی 1849 لە درسدن و لە ویلایەتی ڕاین سەرکوتکراو لەشکرکێشی پروسیا دژی ڕاپەڕینی بادن- فالتس بەهۆی چڕبوونەوە و کۆکردنەوەی هێزێکی زۆر بە گرنگ ئەنجامدرا، لەو کاتەدا حکومەت وایزانی وەک پێویست بەهێز بووە، کە بتوانێت «نیو ڕاینیشی تسایتۆنگ» بە بەکاربردنی هێز سەرکوت بکات. دوا ژمارەی ڕۆژنامە لە 19ی مەی بە مەرەکەبی سور بڵاوبۆوە.

مارکس جارێکی دی چوو بۆ پاریس، بەڵام کاتێکی کەم دوای گردبوونەوەی 13ی ژوئیەی 1849 حکومەتی فەرەنسا سەرپشکی کرد لە نیوان برتانە (Bretagne)و فەرەنسا یەکییان بۆ ژیان هەڵبژێرێت. دووەمی هەڵبژارد و چوو بۆ لەندەن، شارێک کە لەو کاتەوە بە بەردەوامی تێیدا ژیاوە. لەبەر تەواو و دیاری دواکەوتوویی هەوڵی بڵاوکردنەوەی سەرلەنوێی «نیو ڕاینیشی تسایتۆنگ» لە هامبۆرگ وەک گۆڤار لە ساڵی 1850 پاش ماوەیەک ڕادەگیرێت. مارکس بێهۆ دوای کودەتای دیسەمبەری 1851 لە فەرەنسا «برۆمەر لویی پۆناپارت»ی بڵاوکردەوە (نیۆیۆرک 1852، چاپی دووەم 1869 لە هامبۆرگ ماوەیەکی کەم پێش شەڕ). لە ساڵی 1853 «ئاشکرابوونی دادگایی کردنی کۆمۆنیستەکان لە کۆڵن»ی نوسی (سەرەتا لە بازل، پاشان لە بۆستۆن و ئەوجا لە لابیزیک بڵاوکرایەوە).

مارکس پاش حوکمدانی ئەندامانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە کۆڵن خۆی لە چالاکی سیاسی دوورخستەوە و لەلایەک 10 ساڵ لە تەمەنی خۆی تەرخانکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند کە کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا لە بواری ئابوری سیاسی دەخاتەڕوو، لەلاکەی دیکەوە هاوکاری بڵاوکراوەی «نیۆیۆرک تریبۆن»ی کرد کە تا سەرەتای شەڕی ناوخۆ نەک تەنها ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئەو لە خوارەوە واژۆیدەکردن، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر سەروتار بڵاوبوونەوە، کە بە پێنوسەکەی دەربارەی پەیوەندی ئەورووپا و ئاسیا نووسرابوون. هێرشەکانی بۆسەر لۆرد ئالمرستۆن11 کە بەپێی خوێندنەوەی بەڵگەی فەرمی نوسرابوون، لە لەندەن وەک شەونامە بڵاودەبەونەوە.

«ڕەخنەی ئابوری سیاسی»، وەکو یەکەم بەری خوێندنەوەی ئابوری دورودرێژ لە ساڵی 1859 بڵاوبووەوە. دەفتەری یەکەم «بەرلین، بڵاوکەرەوەی

دونکر». ئەم بەرهەمە یەکەم وەسفی پێکەوە بەستراوی تیۆری بە هاکانی مارکسە لەگەڵ فێربوونی پارە. مارکس لە ماوەی شەڕی ئیتالیا بە بڵاوکراوەی ئەڵمانی «خەڵک»(12)، کەوتا دژایەتی بۆناپارتیزم کە ماسکی لیبراڵی پۆشیبوو ڕۆڵی میللەتانی ژێر ستەمی دەبینی، هەروەها لەگەڵ سیاسەتی ئەو سەردەمەی پروسیا، کە لە شکۆ و گەورەیی بێلایەنی دەکۆشا، ماسی لە قوڕاودا بگرێت.

مارکس ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بوختانی شەرمەزارهێن و درۆینەی ڤۆگت بوەوە، لە ساڵی 1860دا لە لەندەن بە نوسراوی «ئاغای ڤۆگت» وەڵامی دایەوە و تێیدا ڤۆگت و ئەوکەسانەی ئاشکراکرد، کە سەر بە ڕەوتی دۆرینەی ئیمپریالیزمی بوون و بەپێی بەڵگەی ئاشکرا و پەنهان ڕایگەیاند، کە ڤۆگت بەرتیلی لە دەسەڵاتی دیسەمبەر وەرگرتووە. ڕێک دوای 10 ساڵ ئەم بیردۆزە پشتگیری کرا. لە ساڵی 1870 لە تۆبرە لە لیستێکی مووچەخۆرانی پۆناپارتدا هاتبوو، کە لەلایەن حکومەتی سێپتامبەر بڵاوکرایەوە، لە خوارەوە وشەی «واو» هاتبوو. ڤۆگت لە 1869 بڕی 40 هەزار فرانکی درایە.

سەرەنجام لە ساڵی 1867 لە هامبۆرگ «سەرمایە، ڕەخنەی ئابوری سیاسی، بەرگی یەکەم» بڵاوبوەوە کە بەرهەمی سەرەکی مارکس لە بونیادەکانی بۆچوونی ئابوری – سۆسیالیستیەکەی و لایەنی سەرەکی ڕەخنەی لە کۆمەڵگە هەبوو، بە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و دەرەنجامەکەی خراونەڕوو. چاپی دووەمی ئەم بەرهەمە سەردەم خولقێنە لە ساڵی 1872 بڵاوبۆوە. لەم نێوەدا جووڵانەوەی کرێکاری لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا دووبارە هێندە بەهێز ببوو کە مارکس بتوانێت بەو ئارەزووە لە مێژینەی بگات، لەسەر بنەمای دامەزراندنی یەکێتییەک بیربکاتەوە کە کرێکارانی پێشکەوتووترین وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بگرێتە خۆی و تایبەتمەندیەتی

نێونەتەوەیی جووڵانەوەی سۆسیالیستی نەک تەنها بۆ کرێکاران، بەڵکو بۆ بۆرژوازی و حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە وەک دەڵێن بە شێوەیەکی جەستەیی بخاتەڕوو، وره بداتە پرۆلیتاریا و بەهێزی بکات و دوژمنانی بتۆقێنێت. گردبوونەوەیەکی جەماوەری وایکرد ئەو بۆچوونە لەوێ بخاتەڕوو کە پێشوازیەکی بێ کەموکورتی لێکرا، کە لە 28ی سیپتەمبەری 1866 لە هۆڵی مارتبنسی لەندەن بە قازانجی هۆڵەندا پێکهات بوو، کە جارێکی دی ڕوسیا ستەمی لێکردبوون.

یەکێتی نێونەتەوەیی کرێکاریی هاتبووە کایەوە، شورایەکی گشتی کاتی کە لە لەندەن هەبوو، لەو دانیشتنە هەڵبژێردراو ڕۆحی ئەم شورایە و تەواوی شوراکانی تری کۆنگرەی لاهای هەڵبژێردران، (مارکس) بوو. تا ڕادەیەک هەموو نوسینەکانی بڵاوکردنەوە، کە شورای گشتی نێونەتەوەیی بڕیاری لێدان، لەناونیشانی کردنەوە، لە ساڵی 1866 بیگرە تا ناونیشانی شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا لە ساڵی 1871. چالاکییەکانی مارکسیان لە نێونەتەوەیی بووندا شیکار کرد، بە مانای نوسینی مێژووی «بۆند»ە کە هێشتا یادەوەری لە مێشکی کرێکارانی ئەوروپادا زیندووە.

ڕوخانی کۆمۆنەی پاریس، بووە هۆی ئەوەی نێونەتەوەییبوون بکەوێتە بارودۆخێکی سەختەوە. نێونەتەوەیی، ڕێک لە ساتێکدا بەرەو سەرەتای مێژووی ئەوروپا پاڵی پێوەنرا، کە بە کردەوە چالاکیکردن تاڕادەیەک لە هەموو شوێنێک نەمابوو. ڕووداوێک کە نێونەتەوەییان بۆ حەوتەمین دەسەڵاتی گەورە گۆڕی، هاوکات لە سازکردن و بەکاربردنی سوپای خۆی و سزای شکستە هەڵە قبووڵ نەکردن و داخستنی جارێکی دی ڕێگەی جووڵانەوەی کرێکارییان بۆ چەند دەیەیەک قەدەغە کرد. بۆ ئەو مەبەستە لە هەر لایەنێکەوە تۆخمگەلێک پەلاماری نێونەتەوەییاندا کە دەیانەویست

بۆ ئامانجەکانی لوتبەرزی کەسی خۆیان یان پێگەخوازی شەخسیی خۆیان سود لەو چەشنە ناوبانگییە لەپڕیەی یەکێتیەکە وەربگرن، بێئەوەی لە پێگەی ڕاستەقینەی نێونەتەوەیی بگەن یان ئاوڕی لێبدەنەوە. دەبوایا بڕیارێکی دلێرانە بدرێت و ئەوجارەشیان دیسانەوە مارکس بوو، کە ئەو بڕیارەی داو بۆ کۆنگرەی لاهای خستیەڕوو.

نێونەتەوەیی لە ڕێگەی دەنگدانی فەرمی خۆی لە قبوولکردنی هەرجۆرە بەرپرسیاریەتێکی هەنگاوەکانی باکۆنینیستەکان دزییەوە، کە لەو سەردەمەدا ئەنجومەنی کەسانی ئاڵۆز و ناتەواویان پێکهێنا، پاشانیش بە سەرنجدان بە بارودۆخی سەخت کە نێونەتەوەیی لە بەرامبەر کاردانەوەکان گشتگیر بوو، بە تایبەت هەرجارێک دەیویست وەڵامی داوا لە گەشەکان بداتەوە، کە داوای لێدەکرا، زنجیرەک قوربانیدان و خوێنڕشتنی جووڵانەوەی کرێکاری لێدەکەوتەوە، نێونەتەوەیی بڕیاریدا بە گواستنەوەی شورای گشتی بۆ ئەمریکا، بەکانی خۆی لە بەستێنەکە دووربخاتەوە. ڕووداوەکانی ئایندە نیشانییان داوە، ئەم بڕیارە تا چەند ڕاستبوو، کە لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا سەرزەنشتکراوە. لەلایەک سەری تەواوی هەوڵەکان دای لە بەرد، کە دەیویست لەژێر ناوی نێونەتەوەیی کودەتای بێئەنجامی خۆی ئاڕاستە بکات و لەلاکەی دیشەوە سەلمێنرا کە خواستی دەروونی گەشەکردوو کە لە حزبە کرێکارییەکانی سۆسیالیستی وڵاتە جۆراوجۆرەکان هەیە، کارێک کە بە هۆی نێونەتەوەیی وشیاری هۆگری هاوچەشن و هاوپەیوەستی پرۆلیتاریای هەموو وڵاتانی بێدار کردبووەوە، دەکرێت لە متمانە بەهرەمەند بێت، تەنانەت گەر لەو ساتەدا بە ڕستەی فەرمی یەکێتی نێونەتەوەیی نەبەسترابێتەوە، کە بۆ زنجیر گۆڕابوو، تاوەکو مارکس سەرەنجام دوای کۆنگرەی لاهای جارێکی دی ئارامی و هێمنی بۆ بگەڕێتەوە و بتوانێت شوێن چالاکیە تیۆریکییەکانی خۆی بکەوێت.

لێرەدا تەنیا دەتوانین لە نێوان ئەزموونکردنەکانی مارکس دوو ئەزموونکردن بەرجەستە بکەین، کە مارکس بە هۆیانەوە ناوی خۆی لە مێژووی زانستدا تۆمار کردووە.

یەکەم برییتە لە گۆڕانکاریی کە مارکس و تەواوی تێگەیشتن لە مێژووی جیهانی پیادەی کردووە. لەو سەردەمەوە تێکڕای ڕوانینەکان بۆ مێژوو لەسەر ئەو بۆچوونە وەستابوویەوە کە دەبوایا لە ئایدیالی مرۆڤایەتی بۆ هۆی دوایینی تەواوی گۆڕانکارییەکانی مێژوو گەڕابا، کە بۆخۆیان تووشی وەرچەرخان دەبوون و لەم پێوەندیەدا لەنێو تێکڕای گۆڕانکارییەکانی مێژوو، گۆڕانی سیاسی گرنگتر بە زەین دەگەیشتن، کە بەسەر تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا زاڵبوو، بەڵام کەسێک نەیدەپرسی ئەم (ئایا)یانە لە کوێوە هاتوون و چ هۆکارێک دەبنە داینەمۆی بزووێنەری گۆڕانی سیاسی. بەڵام مێژوونوسانی فەرەنسی و تا ئاستێکیش مێژوونوسانی بەریتانی لە قوتابخانە نوێیەکاندا گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە لانیکەم لە سەدەکانی نێوەڕاست بەدواوە داینەمۆی بزووێنەری مێژووی ئەوروپا خەباتی هاوڵاتیان لەگەڵ پیاوماقوڵانی دەرەبەگ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێکدێنێت، بەڵام مارکس سەلماندی تەواوی مێژوو تا هەنووکە، مێژووی خەباتی چینایەتیە، کە خەباتی سیاسی بە هەموو لایەن و گۆشە جۆراوجۆرەکانیەوە، خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسیە و ئەوەش بەم هۆیە، کە چینە کۆنەکان دەیانەوێت بەردەوامی بە سەروەرییان بدەن و چینی نوێی لە گەشەدا دەیانەوێت سەروەری خۆیان باڵادەست بکەن، بەڵام چۆن ئەو چینانە پەیدا دەبن و درێژە بە ئامادەیی خۆیان دەدەن؟ پەیدابوونی یان پەیوەستە بە هەلومەرجە ماددیە ناقۆڵاکان و جەستەیی کە بە هۆیەوە کۆمەڵگە لەکاتی دیاریکراودا پێداویستی ژیانی خۆی بەرهەم دێنێت و

ئاڵوگۆڕی دەکات. سەروەری دەرەبەگایەتی سەدەکانی ناوەڕاست پشتی بە ئابوری خۆبەسی کۆمەڵگەی لادێ نیشین بەستبوو، ئابوریەک کە تاڕادەیەک هەموو پێداویستیە کەسییەکانی دەخەملاند، ئابوریەک کە تاڕادەیەک بەبێ ئاڵوگۆڕ کاریدەکرد، کە پیاوماقوڵانی شەڕانگێز لە بەرامبەر هۆکارە دەرەکی و نەتەوەییەکان دەیانپاراستن، یان کۆمەڵەیەکی سیاسی پێکدێنا.

کاتێک شارەکان و لەگەڵیدا پیشەسازی دەستی هاتەکایەوە کە سەرەتا لە ئاستی نیشتمانی، پاشان لە ئاستی جیهانی هاموشۆی بازرگانی هێنایە بوونەوە، گەشەی بە هاوڵاتیبووندا و بـۆرژوازی لە خەبات لە دژی پیاوماقوڵانی شارنشین سەرەتا بواری ژیانی خۆی بەردەستکرد و لە کۆمەڵگەی فیوداڵی پشتبەستوو بە ڕستەکان، توانی مافێکی تایبەت بۆخۆی دەستەبەر بکات، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی (15)دا بە ئاشکراکردنی لە وڵاتی فەرەنسای ئەوروپا دەستپێکرد، ئەم بۆرژوازییە توانی دەستی بگاتە زۆر ناوچەی بازرگانی فراوانتر و بەمشێوەیە توانی شێوازێکی نوێ بۆ پیشەی خۆی بدۆزێتەوە، پیشەوەری لە لقە گرنگەکانی بەرهەمهێنان، ئەوەش بەهۆی بەرهەمهێنانی مانیفاکتۆری بێکەڵک بوو کە لایەنی کارخانەی بەخۆوە گرتبوو، ئەم ڕەوتەش بەهۆی دۆزینەوەکانی سەدەی پێشو بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن پیشەسازی گەورە، کە بەهۆی ئامێری هەڵمی شیابوو، دواکەوت و بەمشێوەیە ئەم یەکەش کاری لە بازرگانی کرد کە بەرهەمهێنانی پیشەوەری وڵاتە دواکەوتووەکانی دواخست و لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئامرازی نوێی هەنووکەیی، واتا ئامێری هەڵمی، هێڵی ئاسن و تەلگرافی هێنایە ئـاراوە. بەم چەشنە بوو کە بـۆرژوازی توانی وردە وردە سامانی کۆمەڵایەتی لە دەستی خۆیدا چڕ بکاتەوە، گەرچی ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ نەیتوانی بگاتە دەسەڵاتی سیاسی، کە هەروەک

بە دەستی پیاوماقوڵان و پاشاوە بوو، کە پشتی بە پیاوماقوڵان بەستبوو. بەڵام لەماوەی چەند قۆناغێک، لە فەرەنسا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەورە، توانی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەدەست و لەو سەردەمە بە دواوە لە بەرامبەر پرۆلیتاریا و جوتیارانی بچوک ببێتە چینی فەرمانڕەوا. دەکرێت لەم ڕوانگەیەوە بە سادەیی بە زانیاری پێویست لە بارودۆخی ئابوری هەر کۆمەڵگایەک، کارێک کە مێژوو نوسانمان قەت ئاوڕی لێ نادەنەوە، هەرجۆرە گردبوونەوەیەکی مێژوویی و بە هەمانشێوە دەکرێت بە سادەیی بۆچوون و ئایدیایەک ڕوونبکاتەوە، کە لە هەر قۆناغێکی مێژوویی بەپێی هەلومەرجی فەرمانڕەوا بەسەر ژیانی ئابووری دێننە بوونەوە و پێوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لەسەر بنچینەکەی دەنوسرێن. بەم شێوەیە بۆ یەکەمجار مێژوو لە سەربنەمای ڕاستەقینەی خۆی جێگیربوو، واقعیەتێکی بەڵگەدار، کە تا ئەو کاتە هەر لە بەرچاو ناگیردرێت لەسەر ئەو بنەمایەی کە مرۆڤەکان پێش هەر شتێک پێویستییان بە خواردن، خواردنەوە، نیشتەجێبوون و جلوبەرگە، بەمەش دەبێت پێش ئەوەی کە بە سیاسەت، ئایین، فەلسەفە و هتد... ڕابگەن، کار بۆ فەراهەمکردنی بکەن، سەرەنجام ئەم واقیعیەتە بەڵگەدارە گەیشتە مافی مێژوویی خۆی.

بەڵام ئەم تێگەیشتنە نوێیە لە مێژوو بۆ جیهانبینی سۆسیالیستی بایەخێکی زۆری هەبوو. بەپێی ئەم تێگەیشتنە سەلمێنرا کە هەموو مێژووی ئێستا لەسەر تەوەری لێکدژی چینایەتی و خەباتی چینایەتی دەخوولێتەوە، کە هەمیشە چینی فەرمانڕەواو فەرمان بەسەرکراو، چەوسێنەر و چەوساوە هەیە و بەردەوام زۆرینەی مرۆڤەکان ناچاربوون کاری قورس بکەن و چێژێکی کەم لە ژیان وەربگرن. بۆچی بەم چەشنە بوو؟ بەم هۆیە سادە، کە بەرهەمهێنان لە هەموو قۆناغەکانی کشانی مرۆڤایەتی زۆر کەم کامڵ

ببوو، کە کامڵبوونی مێژوویی تەنها لەمشێوە لێکدژییەدا دەیتوانی پێکبێت، کە پێشکەوتنی مێژوویی بە کورتی وابەستەی چالاکی کەمینەیەکی بچوکە، کە لە مافی بەرزەتری بە هرەمەند بوو، لە کاتێکدا زۆرینەی زۆری بەوە تۆمەتبار بوو کە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی ژیانی کەمی خۆی، هەروەها بۆ کەسانی بەرزەتر کاربکەن، کە ڕۆژ بە ڕۆژر دەوڵەمەندتر دەبن، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی لە و چەشنەی مێژوو بە پێچەوانەی نەریتی ئەوکاتە کە مێژوو بە گوێرەی کاری خراپی مرۆڤەکان ڕوون دەکرێتەوە، دەتوانێت مێژووی چینایەتی بە شێوەیەکی ئاسایی و ئەقڵانی ڕوون بکاتەوە و ئاشکرای بکات کە لە ئەنجامدا گەشەی سەرسامکەری هێزی بەرهەمهێن لە سەردەمی ئێستا، لانیکەم لە وڵاتانی پێشکەوتو چیدیکە بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگە بۆ حکومەتکار و حکومەت بەسەرداکراو.

بیانوویەک بۆ چەوسێنەر و چەوساوە نییە، هەروەها بۆرژاوزی پیشە گەورەی مێژووی خۆی جێبەجێ کردووە، کە چیدیکە ناتوانێت ڕێبەری کۆمەڵگا بکات و تەنانەت بۆتە کۆسپی ڕەوتی گەشەکردنی بەرهەمهێنانی خۆی، هەروەک لە ئێستادا قەیرانە بازرگانییەکان، بە تایبەت هەراو هۆریای گەورە و بارودۆخی شێواوی پیشەسازی لە هەموو وڵاتان شایەتی ئەو کارەیە، کە ڕێنمایی مێژوو بۆ پرۆلیتاریا گوازراوەتەوە، بۆ چینێک کە تەنیا بەوهۆیە دەتوانێت خۆی لە تەواوی بارودۆخی کۆمەڵایەتی خۆی ڕزگار بکات و لە ڕاستیدا تەواوی دەسەڵاتی چینایەتی، تەواوی کۆیلەیەتی و تەواوی چەوساندنەوە لە بەین ببات و هێزەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی کە بەدەست بۆرژوازیەوەن، بخاتە ژێر ڕکێفی پرۆلیتاریای یەکگرتوو تاکو بتوانێت بارودۆخێک بهێنێتە ئاراوە، کە بەوپێیە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە بتوانێت نەک تەنها لە بەرهەمهێناندا، بەڵکو تەنانەت لە دابەشکردن و

ئیدارەی سامانە کۆمەڵایەتییەکان بەشداربن و لە ڕێگەی بەرنامە ڕێژیەوە کۆمەڵێک بەرهەم بە بەرهەمهێنانی هێزە بەرهەمهێنەرە کۆمەڵایەتییەکان و بەرهەمێک کە بەرهەمیدێنن، زۆر بکاتْ تا بتوانن تەواوی پێداویستییەکانی ئەقلانی تاکەکان بە بەردەوامی و گەشە کردو دابین بکەن.

دووەم دۆزینەوەی گرنگی مارکس بریتیە لە دابەشکردنی کۆتایی پەیوەندی سەرمایە بە کار، یان بە دەربڕینێکی دی سەلماندنی ئەم کارە کە چۆن ئەمڕۆکە سەرمایەداران لە ناخی کۆمەڵگە، لە کرۆکی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە کردەوە کرێکاران دەچەوسێننەوە. لەو کاتەوە ئابوری سیاسی ئەم بیردۆزەی خستوەتە ڕوو، کە کار سەرچاوەی هەموو سامانەکان و هەموو بە هاکانەکردنی ئەو پرسیارە خۆ لێ نەدزراوە ببوو، کە چۆن گونجاوە کرێکاری حەقدەستْ کە هەموو بەهاکانی دەرەنجامی کارەکەی بەدەستناهێنێتْ، بەڵکو دەبێتْ بەشێکی بداتە سەرمایەدار؟ هەم ئابوری زانانی بۆرژاوا و هەم سۆسیالیستەکان هەوڵیانداوە پشتبەستوو بە لۆژیکی زانستی وەڵامی ئەوپرسیارە بدەنەوە، بەڵام هەوڵیان بێهودە بوو تا مارکس ڕێگەچارەی خۆی خستەڕوو.

ئەم ڕێگەچارەیە ئەوەیە کە شێوازی بەرهەمهێنانی ئەمڕۆکەی سەرمایەداری بۆ ژیانی خۆی پێویستی بە دوو چینی کۆمەڵایەتیە. لەلایەک سەرمایەدارەکان، کە خاوەنداریەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هۆکارەکانی ژیان لە دەسەڵاتی خۆیاندا دەبیننەوە و لەلاکەی دی پرۆلیتاریا، کە خاوەنداریەکی لەو چەشنەی نییە و بۆ بەدەستهێنانی هۆکارەکانی ژیان، تەنها کاڵایەک، واتا دەتوانێتْ هێزی کاری خۆی بفرۆشێتْ، بەڵام بەهای کاڵایەک بەهۆی بڕی کار دیاریدەکرێتْ، کە بۆ بەرهەمهێنانی خەرج دەکرێتْ، واتا لەسەر پێگەی بڕی کاری پێویستْ کە بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو کاڵایە

بەکاردەبرێت، واتا بەهای کاری مرۆڤێکی ئاسایی لە ڕۆژێک، هەفتەیەک، مانگێک، ساڵێک، واتا بەهۆی بڕی پێویست، کە بۆ پاراستنی ئەو بڕەی هێزی کار لە ڕۆژێک، هەفتەیەک، مانگێک، ساڵێک، پێویسە گریمانە بکەین کرێکار بۆ بەرهەمهێنانی هۆکارەکانی ژیانی ڕۆژێکی خۆی پێویستی بە شەش کاتژمێر کارە، یان کارێک کە هاوشێوەیەتی: بڕی کارێک کە هۆکارەکانی ژیان لەناویدا پەنهانە، شەش کاتژمێری کار دەردەخات، بەهای کاری ڕۆژێکی خۆی لەو کاتەدا لە بڕێک پارەدا ڕەنگدەداتەوە کە شەش کاتژمێری کار بەرجەستە دەکەن، دیسانەوە گریمانە بکەین سەرمایەداری کە کرێکاری ئێمەی بەکار بردووە، لە بەرامبەر کارێک کە کرێکار ئەنجامی دەدات، پیاوێکی وا، واتا هەموو بەهای هێزی کاری دەدانێ، کەوایە هەر کاتێک کرێکار ڕۆژانە شەش کاتژمێر بۆ سەرمایەدار کار بکات، لەو کاتەدا ئەوەی سەرمایەدار دەیدانێ، هەمووی قەرەبوو کردوەتەوە، واتا شەش کاتژمێری کار لە بەرامبەر شەش کاتژمێر کار.

لە کاتێکی لەو چەشنەدا شتێک بۆ سەرمایەداری نامێنێتەوە، هەر بەو هۆیە سەرمایەدار بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکات. مارکس دەڵێت کە من هێزی کاری ئەو کرێکارەم نەک بۆ شەش کاتژمێر، بەڵکو بۆ ڕۆژێکی کار کڕیوە و لەسەر ئەم بنچینەیە دای دەنێت، کە کرێکار بۆی هەیە 8، 10، 12، 14، یان کاتژمێری زیاتر کاربکات، بە شێوەیەک کە بەرهەمەکانی کاتژمێری 7، 8 و کاتژمێرەکانی دیکە، بەرهەمی کاری بە خۆڕاییە و سەرەتا دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەوە. بەمشێوەیە کرێکار کە خزمەتی سەرمایەدار دەکات نەک تەنها بەهای هێزی کاری خۆی وەردەگرێت، بەڵکو سەروتر لەوە، بەهای زیادەش دێنێتە کایەوە کە لە دەسپێکدا سەرمایەداری دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی

داهاتوو، بەپێی زنجیرەیەک یاساگەلی ئابوری، ئەو زێدەبابیە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هەموو سەرمایەداریەوە، پوختەکەی ئەم زێدەبابیە بۆ بنەمایەک دەگۆڕێت کە بەهرەی زەوی، قازانج، کەڵەکەبوونی سەرمایە، کورتەی تەواوی ئەوەی لێی هەڵدێنجین کە ئەو چینانەی بۆ خۆیان کار ناکەن، خەرج دەکەن یا بە چەشنێک سەرمایەیەک کەڵەکە دەکەن. بەڵام بەو پێیە سەلمێنرا ئەوەی سەرمایەداری ئەمڕۆ کە وەک سامان بەدەستی دێنێت و ئەوەی خاوەن کۆیلە یا دەرەبەگێک کە بێگاری بە جوتیاران دەکات، بە دەستی دێنن، هەمووی بەپێی زەوتکردنی کاری نامۆ، واتا کاری زیادە دەوەستێنەوە و تەواوی ئەم شێوەی چەوسانەوەیە تەنها بەهۆی ناکۆکیەک لێکجیان، کە لە شێوەی زەوتکردنی کاری زیادە بەیەکەوە هەیانە. بەمشێوەیە دوایین بەڕەش لەژێر پێی شێوازەکانی گوتاری ڕیاکارانەی چینەکانی خاوەنداریەت ڕاکێشراوە کەوا دەنوێنن گوایە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەنووکەدا حەق و عەدالەت، یەکسانی مافەکان و ئەرکەکان و هاوئاهەنگی هەمووانی خواستەکان هەیە، هەروەها هەروەک کۆمەڵگەکانی پێشوو، پەردە لەڕووی کۆمەڵگای بۆرژوازی هەنووکەش لادرا کە شتێکی دیکە نییە، مەگەر دامەزراوەی قووڵ بۆ وەبەرهێنانی دێوئاسای زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵک لەلایەن کەمینەیەکەوە کە ڕۆژانە بێکەڵکتر دەبێت.

سۆسیالیزمی زانستی مۆدێرن بەپێی ئەو دوو حەقیقەتە گرنگە بنیاتنراوە. لە بەرگی دووەمی «سەرمایە»دا ئەم دووەی تر پەیپێبردنی زانستی نەک کەمتر پڕ بایەخ لەستراکتۆری کۆمەڵایەتی سەرمایەداری زیاتر وێکدەهێنرێتەوە و بەو هۆیەوە لایەنی دەست لێنەدراوی ئابوری سیاسی وەردەچەرخێنێت.

1. فریدریک ویلهلمی سێیەم لە ساڵی 1770 لە دایکبووە، ساڵی 1840 مرد. لە ساڵی 1797 لە پروسیا گەیشتە دەسەڵات، لەگەڵ ئەوەی مرۆڤێکی ئەرکناس بوو، بەڵام دەسەڵاتێکی ئەوتۆی بڕیاردانی نەبوو هەرئەوە وایکرد تا پروسیا لە سەردەمی دەسەڵاتیدا بەرەو تەریکی کێش بکرێت. لە شەڕدا لە بەرامبەر ناپلیۆنی یەکەم شکستی خوارد و تا ڕادەیەک نیوەی خاکی پروسیا لەدەستدا. لە سالی 1815 بە دواوە کەوتە دژایەتی هێزێک کە داوای ئازادییان دەکرد. تا ئاستێک مردنی بووە هۆی ئەوەی فەزای سیاسی پروسیا بکرێتەوە و هەر لەو سەردەمەدا بوو، کە مارکس ڕووی لە سیاسەت کرد.

2. Rein

3. «ڕاینیشی تسایتۆنگ بۆ سیاسەت، بازرگانی و پیشە» لە یەکی ژانویەی 1842 تا 31ی مارسی 1843 لە شاری کۆڵن بڵاوبۆوە. ئەم ڕۆژنامەیە ئەو سەرمایەدارانە بەرنامەیان بۆ داڕشت کە نەیاری دەسەڵاتی پروسیا بوون.

4. تالەر Taller پارەیەکی زیوی بوو، کە لە کۆندا یەکەی پارەی ئەڵمانیا بوو. ئەم پارەیە لە 1518 تا 1907 لە ئەڵمانیا بە شێوەی جۆربەجۆر هەبووە.

6. لێرەدا بۆ وشەی Spießbürger بەرامبەر نەزان هەڵبژێردراوە، بەڵام Spießbürger کەسێکە سەر بە چینی مامناوەند کە بێ کلتورە، بەڵام لاسای خەڵکانی خاوەن کلتور دەکاتەوە.

5. Von Westphalia

6. ئەلێکساندەر ڤۆن هۆمبۆلت لە ساڵی 1769 لە بەرلین لە دایکبوو لە ساڵی 1859 لە هەمان شار مرد. لەو سەردەمەدا یەکێک لە بەناوبانگترین لێکۆڵەرەوانی زانستی سروشتی و جوگرافیای ئەڵمانیا بوو، توانی بەهۆی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی خۆی ناوبانگی و متمانەی جیهانی بەدەست بێنێت.

7. مارکس و ئەنگڵس لە کۆتایی ساڵی 1847 بەو ئامانجە یەکێتی کرێکارانی ئەڵمانیایان لە برۆکسل دامەزراند، کە بتوانن بەو هۆیەوە لەنێو کرێکارانی ئەڵمانیای دانیشتووی بەلجیکا ڕۆشنگەری سیاسی پیشان بدەن و ئەمان بە هزری کۆمۆنیستییان ئاشنا بکەن. ئەم بە یەکێتییە بەو ئاشکراو یاسایی کاریدەکرد، بەڵام پاش شۆڕشی فێڤرییەی 1848 لە فەرەنسا، پۆلیسی بەلجیکا چالاکی ئاشکرای قەدەغە کرد.

8 «ڕۆژنامەی ئەلمان-برۆکسل» لەلایەن کۆچبەرانی ئەڵمانی کە لە برۆکسل دەژییان، دەرکرا. ئەم بڵاوکراوەیەوە لە 3ی ژانویەی 1847 تا فێڤرییەی 1848 دوو هەفتە جارێک بڵاو دەبۆوە. سەرەتا ئەدالبێرت ڤۆن بۆرنشتد سەرنوسەر و بڵاوکەرەوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکەی دیاری دەکرد کە کەسێکی دیموکراتێ بوو. ویستی ڕۆژنامەکەی بکاتە تریبۆنی تێکڕای لایەنگرانی سیاسی، کە دژی ستەمکاریی بوون. هەر بەو هۆیەش مارکس و ئەنگڵس هەندێک لە بەرهەمەکانیان لە و بڵاوکراوەیەدا بڵاوکردەوە و وردە وردە کردیانە بڵندگۆی شۆڕشی دیموکراتی ئەڵمانیا. هاوکات ئەمان بۆ برەودان بە هزرە کۆمۆنیستییەکان سودییان لە لاپەڕەکانی هەمان ڕۆژنامە وەرگرت.

9. ئەلفۆنس ماری لۆیس لامارتینی شاعیر، مێژوونوس و سیاسەتمەداری فەرەنسی لە ساڵی 1790 لە دایکبوو لە ساڵی 1869دا مرد. کۆماریخواز بوو لە ساڵی 1848 گەرچی وەزیری دەرەوەی حکومەتی کاتی فەرەنسا بوو، بەڵام سیاسەتی تێکڕای حکومەتی دیاری دەکرد.

10. ڕۆژنامەی «نیو ڕامینیس تسایتۆن»ی لە ساڵی 1848 لە بەرلین دامەزراند، کە تێیدا بابەت و داواکاری هێزە محافزکارەکان و لایەنگری سیستەمی هەبوو ڕەنگی دەدایــەوە. خەڵک بەم ڕۆژنامەیان دەگوت «ڕۆژنامەی خاچ»، چونکە لە سەردێڕەکەی هێمای خاچی ئاسنین چاپدەکرا، کە هێمای حکومەتی پروسیا بوو.

11. لۆرد هنری جۆن تامپل ڤۆیسکۆنت ئالمرستۆن لە ساڵی 1784 لە دایکبووە و لە ساڵی 1865 مردووە، سیاسەتمەدارێکی پلەیەکی بەریتانیایە. سەرەتا پەیوەندی بە حزبی تۆری و لە 1830 بە حزبی ویگەوە کردووە. لە 1809 تا 1828 وەزیری بەرگری، لە 1830 تا 1834 و لە 1835 تا 1840 وەزیری دەرەوە، لە 1852 تا 1855 وەزیری وڵات و لە 1855 تا 1858، هەروەها لە 1859 تا 1865 سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بووە.

12. بڵاوکراوەی هەفتەنامەی «خەڵک» بە زمانی ئەڵمانی لە 7ی مەی تا 20ی ئووتی 1859 لە لەندەن بلاوبۆوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەلایەن یەکێتی فێرکاریی بۆ کرێکارانی ئەڵمانی نیشتەجێی لەندەن بە سەرنوسەری ئیلارد بیسکامپ بڵاوبوەوە. مارکس لە ژمارەی 6ی بە نافەرمی هاوکار بووە و لە ڕوانگەی فکرییەوە هاوکاری دەکردن. لە ژمارە 6ی بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیەنرا کە مارکس، ئەنگڵس، فرایلی گارس، ویلهێلم وۆڵف و هاینریش هایزە هاوکاری ئەم بڵاوکراوەیە دەکەن. لەم بڵاوکراوەیەدا هەندێک لە بەرهەمەکانی مارکس و لەوانە پێشەکیەک کە بۆ کتێبی «ڕەخنەی ئابوری سیاسی» نوسرابوو، بڵاوکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە دوای بڵاوبوونەوەی 16 ژمارەی، ناچار بوو کارەکەی بەهۆی کەمی پارەوە ڕابگرێت. لەم دەرفەتەدا هێرشکرایە سەر کارڵ ڤۆگتیش کە لەو ڕۆژانـەدا بە ڕاسپاردەی شازادە ناپلیۆن (بگن-بگن)بوو و بە موچەی لویی ناپلیۆن بێلایەنی، تەنانەت لە برەوی بە ئیتمای ئەڵمانیا دەدا.

**سەرچاوە:**

مجموعە اثار مارکس وانگلس بە ئەڵمانی، جلد، صفحات.

# فەلسەفە لە ڕوانگەی مارکسەوە

تیری ئیگلتۆن

وەرگێڕانی: دانا لەتیف شوانی

بێگومان هیگڵ و ئەرەستۆ فەیلەسوف بوون، بەڵام کارل مارکس بە چ مانایەک فەیلەسوفە؟ مارکس ژمارەگەلێکی زۆر شتی نووسی کە دیدێکی فەلسەفی لەبارەیانەوە هەبوو، هەروەها ئەو بەبێ هیچ تێبینیەک بە دیدێکی ئیهانەپێکردنەوە لە زیهنی فەلسەفی دەڕوانی. لە تێزی یازدەیەمەوە ناسراوەکەی لە بارەی فیورباخ رایگەیاند کە «فەیلەسوفان بە رێگەگەلی هەمە چەشن تەنها جیهانیان راڤە کردووە، بەڵام پرسە سەرەکییەکە لەبارەی گۆڕینی جیهانە»(1). دەشێت کەسێک چوست و چالاکانە وەڵام بداتەوە، کە زەحمەتە بتوانین جیهان ئاوەژوو بکەینەوە، لە کاتێکدا کە نەتوانین لێیتێبگەین، هەڵبەتە بە مەرجی ئەوەی کە خودی مارکس بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەم گوتەیە هاو داستان و هاو چیرۆک نەبێت. مارکس مەبەستی وا نییە کە شوێنی هزرەکان بە کردارێکی کوێرانە بدات، بەڵکو دەخوازێ چەشنێ فەلسەفەی پراکتیکی دابرێژێت، کە کۆمەکی پێبگەیەنێت، تاوەکو ئەوەی دەکرێت لێی تێبگات، بیگۆڕێت. گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هزری هاودەستەوسار بەرەو پێشەوە دەڕۆن. مارکس دەنووسێت: «فەلسەفە ناتوانێت بێ تێپەڕاندنی پرۆلیتاریا خۆی بەدیبهێنێت، پرۆلیتاریاش ناتوانێت بێ بەدیهاتنی فەلسەفە خۆی بەدیبهێنێت(2). تێزی دووەم لەبارەی فیورباخەوە درێژەی دەبێت:

پرسی ئەوەی کە ئایا دەتوانرێت حەقیقەتی عەینی بە هزری مرۆڤ ببەسترێنەوە، نەک بە پرسێکی تیۆری، بەڵکو پرسێکی پراکتیکیە. پێویستە مرۆڤ لە کاری ڕاستیدا، واتە واقیعیەت و دەسەڵات، ئەم جیهانیبوونەی هزری خۆی بسەلمێنێت. باسە گرنگەکە لەسەر واقیعیەت، یاخود ناواقیعیەتی هزرێکی جیاو سەربەخۆ لە کار، مەسەلەیەکی تەواو قوتابخانەییە(3).

ئەمجۆرە تایبەتەی تیۆری کار بە تەوەری «زانینی رزگاریبەخش» دەناسرێت و چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە. جۆری زانین یان ناسین پێگەی ئادەمیزادە کە گرووپ، یاخود تاکەکەسێک پێویستی پێی هەیە، تاوەکو بتوانێت ئەم پێگەیە بگۆڕێت و بەم چەشنە لە وێنەی چەشنی خۆناسینە (Self–understanding)، بەڵام ناسینی خود بە شێوەیەکی تازە بە مانای گۆڕانی خودیشە بە هەمان کردار، بەم چەشنە لێرەدا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ شێوەیەکی تایبەت لە زانیندا هەیە، کە تێیدا کاری زانین و ناسینی ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە دەگۆڕێت.

من لە هەوڵداندام بۆ ناسینی خۆم و هەلومەرجەکەم، هەرگیز ناتوانم لەگەڵ خۆم بە تەواوی بە هاوجۆر و تەبا (idenical) بمێنمەوە، چونکە ئەو خودەی پرۆسەی کاری ناسین ئەنجامدەدات، هەروەها ئەو خودەی کە دەناسرێت، هەنووکە لەگەڵ ئەوەی لەپێش ئەمەدا هەبوون، جیاوازییان هەیە. ئەگەر من ویستبام ئەم هەمووە بناسم، ئەوکات هەمان ئەو پرۆسەیە دەستپێدەکات. ئەمە ڕێک بەوە دەچێت کە کەسێک بخوازێ بەسەر سێبەری خۆی باز بدات، یاخود بە گرتنی پرچی خۆی، خۆی بەهەوادا بەرزبکاتەوە، لەبەرئەوەی زانینێکی وەها، هەروەها خەڵک بەرەو گۆڕانی هەلومەرجی خۆی بە شێوەیەکی پراکتیکی ئاراستە دەکات، خۆی بە شێوەی جۆرێکی هێزی کۆمەڵایەتی، یاخود سیاسی دەردەخات و، لە باتی ئەوەی

کە (ریفیلێکشن)ی (Refelection) ئەم پێگە مادییەیان سەبارەت بەوە بێت کە بەشێکە لەم پێگە مادییە. ئەم زانینە لە باتی ئەوەی کە بیرکردنەوەی ئەبستراکت بێت، ئەو زانینە وەک رووداوێکی مێژوویی وایە کە تێیدا ناسین، ئیدی بە ڕوونی لە زانینی چ جۆرێک شایەنی جیاکردنەوە نییە. ئەو کات، هەوڵدان بۆ خۆ ڕزگارکردنی پرسەکانی لکاو بە بەها بە پێویست و گرنگ دەزانرێت، هەنووکە ئەوەی کە زانین لە بارەی پێگەکەتانەوە پەیوەندی بە ئیدراکی واقیعییەوە هەیە، بەم چەشنە، لێرەدا ئەو جیاکارییە باوەی کە فەلسەفە لە نێوان کاروباری واقیع و بەهاکان دایناوە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر رەشدەبێتەوە. مەبەست ئەوە نییە کە دەتوانرێت لەم چەشنە زانینەدا سوودێکی بەهاداری لێبکرێت، بەڵکو پاڵنەری زانین لە چرکەساتی یەکەم لکاوە بە وەرگرتن و تێگەیشتنێک لە بەهادا.

کەواتا، تێزی یازدەهەم سەبارەت بە فیورباخ جۆرێک لە ویستی دژە کولتوورانە بۆ ڕوو وەرگێران لە بیرکردنەوەی ئەبستراکت و رووکردنە جیهانی واقیعی نییە، هەرچەندەش کە دەمارێک لەم دژە رۆشنبیرییە توندوتیژ ئامێزە لە مارکسیزمی قۆناغی بەراییدا هەیە. ویستێکی لەوجۆرە لەیاد دەکات کە بێگەیشتنگەلێکی ئەبستراکت لە چرکەساتی یەکەمدا بوونی هیچ جیهانێکی واقیعی بۆ ئێمە نابێت. تەنزی جووڵانەوەی مارکس لەوەدایە، کە ئەو ئەم ویستەی نەک وەک فەیلەسوف، بەڵکو رێک لە پلەو پایەی چالاکڤانێکی سیاسی دەخاتەڕوو.

بەم چەشنە دەتوانرێت بگوترێت کە ئەو دەچێتە ریزی نەژادێکی دیار لە «دژە فەیلەسوفان» کە زنجیرەیەک لەوانە پێکدێن لە کیرکەگۆر، نیتشە، هایدگەر، بنیامین، وینگنشتاین. لە رۆژگاری خۆمانیشدا بیرمەندانێکی وەک جاک دریدا و ریچارد رۆرتییە کە لای ئەوان لە بنەڕەتەوە شتێکی

شێواو سەروسیما تێکچوو لەمەڕ تەواوی کاروباری فەلسەفی سەردەمەکەیان هەیە. لە دیدی ئەو کەسانەوە، خودی فەلسەفە، نەک وەک هاوشێوەی بابەتەکەیەتی، بەڵکو بووەتە چالاکییەکی سەختی گومانهەڵگر. لەم ڕووەوە دەیانەوێت، یاخود لە تەواوی پرۆژەکەدا بە هۆکارگەلێک کە لە ڕووی فەلسەفییەوە سەرەنجڕاکێش دەمێنێنەوە تێپەڕ بن، یاخود ڕێگەیەک بدۆزنەوە تاوەکو بە تەواوی لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی تازە بیخەنەڕوو. ئەو ئامانجەی کە لە دیدی زۆرێک لەم بیرمەندانە بە مانای سەرقاڵبوونە بەشێوەیەکی تازە لە نووسینی تیۆریدا. زۆرێک لەم کەسانە لە هەوڵی خاڵیکردنەوەی بای بانگەشە میتافیزیکییەکانی فەلسەفەدان و، دەکارێن ئەم بانگەشانە لەگەڵ شتێکی بەرواڵەت بنەڕەتی تر غافڵگیر بکەن، بوون، دەسەڵات، جیاکاری، فۆرمە پراکتیکییەکانی ژیان، یاخود لەمەڕ خودی مارکس «هەلومەرجی مێژوویی». دژە فەیلەسوفی لەم دەستەیە هێندە جیاوازی لەگەڵ نەیارێکی وەهـای فەلسەفەدا هەیە، کە کەسێکی وەک ئۆلیس جیاکاری لەگەڵ پێنەگەیشتن و کامڵنەبووندا هەیە، وەک لە دەفتەری ڕێنمایی تەلەفۆندا هەیە.

بۆچی مارکس ئەوەندە گومانی لە فەلسەفە هەیە؟ یەکێک لەو هۆیانەی کە مارکس لە فەلسەفەدا بە چاوی ئەو شتانەوە لێی دەڕوانێت، کە لە شوێنێکی ناڕاستەوە دەستپێدەکات. فەلسەفە بەو چەشنەی کە پێویستە و لەوانەیە زۆر لەمێژە دەستی پێنەکردووە. فەلسەفەی ئەڵمانی باوی هاوچەرخی ڕۆژگاری ئەو، ئایدیالیزم، لە ئایدیاکانەوە دەستپێدەکات و لە هوشیارییدا بە چاوی بونیادی واقیعەت دەڕوانێت، بەڵام مارکس دەیزانی بۆئەوەی کە لە بنەڕەتدا ئایدیایەکمان هەبێت، بڕێکی زۆر شتی دیکە پێویستبوو لەپێش ئەمە ئەنجامدرابوایا. دەبوایا چ شتێک پێش ئەمە رووی

بدایا، تاوەکو بتوانین دەست بە ریفیلێکشن بکەین؟ دەبوایا پێش ئەمە بە شێوەیەکی پراکتیکی پەیوەندیمان بەو جیهانەی کە لێی تێڕادەمێنین و لەپێش کۆمەڵەیەکی تەواو لە پەیوەندییەکان، هەلومەرجی ماددی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دابنێین.

بەرهەمهێنانی هزرەکان، چەمکەکان و ئاگایی لە سەرەتادا راستەوخۆ لەگەڵ چالاکی ماددی و دەستاودەستکردنی مادی مرۆڤەکان، زمانی ژیانی ماددی، تێکەڵاوی یەککراون. لەم قۆناغەدا، وێناکردن، بیرکردنەوە و دەستاودەستکردنی زیهنی مرۆڤەکان هاوشێوەی دەرەوریژی راستەوخۆ رەفتاری ماددییان دەردەکەوێت؟ هەر ئەم مانایە لەمەڕ بەرهەمهێنانی زیهنی بەو جۆرەی کە لە زمانی سیاسەت، ماف، مۆراڵ، ئایین، میتافیزیک و مرۆڤ دەردەکەوێت، راستە. مرۆڤەکان بەرهەمهێنەرانی چەمکەکان، هزرەکان و شتگەلێکی دیکەی خۆیانن مرۆڤە واقیعی و چالاکەکان بەو چەشنەی کە بەهۆی تەواوکاری دیاریکراوی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی خۆیان و دەستاودەستکردنی تەبا و هەماهەنگ بەم هێزانەوە، تاکو دوورترین فۆرمەکانی، بڕیاریان لەسەر دەدرێت. ئاگایی هەرگیز ناتوانێت ببێتە شتێک جگە لە بوونێکی ئاگایانە و بوونی مرۆڤەکان پرۆسەی ژیانی واقیعییانە(4).

لێرەدا پێویستە ئەوە باس بکەین کە لە هەمان دۆخدا مارکس دەیەوێت لە ڕوانگەی ئەپستیمۆلۆژیاوە ئاگایی و جیهانی ماددی بە شێوەیەکی توندوتۆڵ بە یەکەوە گرێبدات. ئەو تێگەیشتنە سیاسیە هەیە، کە بە گوێرەی ئەو تێگەیشتنە دەیەوێت ئەم پەیوەندییە سست و لاواز بکات. بەو چەشنەی کە دەبینین، لەلای ئەو، ئەو کاتەی کە ئێمە ئازادانە و بێهۆو بەدەر لە هەر چەشنە پێویستیەکی مادی کاتی و هەنوکەیی بەرهەمدەهێنن، زیاتر مرۆیین و کەمتر لە گیانلەبەرانی دیکە دەچین. لە دیدی مارکس ئازادی

جۆرێکی زێدەیی ئافرێنەرە لەسەر ئەو شتەی کە لەرووی مادییەوە سەرەکی و گرنگە، بەو چەشنەی کە لەم ئەندازەیە تێدەپەڕێت و دەبێتە پێودانگی خۆی، هەورەها لەم ڕووەوەیە کە بۆ ئەوەی ئەم هەموو شتە لە کۆمەڵگەدا ڕووبدات.

لە چرکەساتی یەکەمدا، هەلومەرجێکی ماددی دیاریکراو پێویستە، بە شێوەیەک کە دەروونی (زێدەیی) ئاگایی لەسەر سروشت کە مارکس بە هێمای دیاریکراوی مرۆڤایەتیمان دەیژمێرێت خۆی بە شێوەیەکی تەنزئامێز، ئەو هەلومەرجەیە کە لەرووی مادییەوە بڕیاری لەسەر دراوە، یان مەرجاوییە. لە دیدی مارکسدا لە خودی زماندایە کە ئاگایی و کرداری کۆمەڵایەتی بە روونترین شێوە پێکەوە ئاوێزان دەکرێن:

زمان تا ئەو ڕادەیە دێرینە کە ئاگایی، واتا زمانی ئاگایی پراکتیکی و واقیعییە کە بۆ مرۆڤەکانی دیکەش هەیە و تەنها لەم ڕووەوەیە کە بۆ منیش بوونی هەیە، زمان، چەشنی ئاگایی، تەنها لە پێویستی و لە زەرووورەتی پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە، سەرچاوە دەگرێت (GE).

بەڵام ئەگەرچی زمان لە ویستدا وەک رەهەندێکی پێویست لە کاری بەکۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بەم پێویستییەوە وابەستە نابێت، هەر وەک دیاردەیەکی ناسراو بە ئەدەبیات شاهیدی ئەم بانگەشەیەیە.

ئەو کاتەی کە بە وردی قسە لەسەر ئاگایی نییە، بەڵکو لەبارەی چەشنێکی سیستەماتیک لە ریفلێکشنی ناسراو لە فەلسەفەدایە، ئەو کات ئەم ڕوونی و بەرچاوییە پێویستی بە پسپۆڕانی بواری ئەکادیمی و زانکۆییەکان و جەماوەرێک لە دامـەزراوە پەیوەندیدارەکان هەیە، کە هەموویان لە دەرەنجامی کاردا تەنها دەتوانن لە پێش کاری ئەوانی دیکەوە بودجە دەستەبەر بکەن. ئەمە لایەنێکی ئەو شتەیە کە مارکس لە دابەشکردنی کاری

هزری و دەستیدا دەیخوازێت.

تەنها ئەو کاتەی کە کۆمەڵگەیەک پاشەکەوتێکی ئابووری دیاریکراوی زیاتر لە زەرورەتی ماددی بە دەستهێناو، ژمارەیەکی کەم لە ئەندامانی لە پێکهاتەکانی کاری بەرهەمهێنان ڕزگار بکات و ئەو پێدراوە (ئیمتیازە) بەدەست بهێنێت کە ببنە سیاسەتمەدار، ئەکادیمیکی و داهێنەرانی کولتووری و هاوشێوەکانی، فەلسەفە دەتوانێت بە کامڵترین مانای خۆی بە گەشانەوە بگات. لەم دۆخەدا، هزر دەتوانێت دەست بە خەیاڵدارێژیی بکات کە سەربەخۆیە لە واقیعیەتی ماددی، ڕێک لەو ڕووەوە کە تێگەیشتنێکی ماددی هەیە کە لە بەرامبەریدا:

دابەشکردنی کار تەنها لە ساتەوەختێک بەراستی دەبێتە دابەشکردنی کار، کە دابەشکردنی کاری نێوان کاری زیهنی و کاری دەستی دەردەکەوێت. (یەکەمین شێوەی «ئایدۆلۆژیستەکان» واتا قەشەکان، هاوکات لەگەڵ ئەم دابەشکردنە دەردەکەوێت). لەم ساتەوەختە بەدواوە ئاگایی دەتوانێت لەراستیدا خۆی فریوبدات کە شتێکی جگە لە ئاگایی لە کرداردا هەیە، ئەوەی کە بەراستی ئەو شتە دەردەخات بێئەوەی شتێکی واقیعی دەربخات، لەم قۆناغە بەدواوە ئاگایی لەو پلەو پایەدایە کە خۆی لە جیهان رزگار بکات و پەل بۆ پێکهێنانی تیۆریەی «پەتی»، ئیلاهیاتناسی، فەلسەفە، زانستی ئاکار و هاوشێوەکانی دەبات (G151).

بەڕای مارکس لە راستیدا کولتوور تەنها یەک باوکی هەیە و ئەویش کارەکە لە دیدی ئەو هاوقورسایی ئەمەیە کە بگوترێت (ئەم باوکە) وەبەرهێنە. رەوتی کولتووری کۆمەڵگەی چینایەتی لەڕووی ئەمەوەیە کە ئەم ڕاستیە ناخۆش و نیگەراناویە دادەمرکێنێتەوە، ئەم کولتوورە زاڵدەکات و باوکێکی شەریفتر بۆ خۆی پەروەردە دەکات، خزمایەتی زەبوونی خۆی

ڕەتدەکاتەوە و گومانی هەیە کە کولتوور بە سادەیی لە کولتووری پێشووتر، یان لە خەیاڵی تاکەکەسی ئازاد سەردەرهێنێت، بەڵام مارکس دەکرێت وەبیرمان بهێنێتەوە، کە هزرەکانمان وەک هەستە سروشتییەکانمان، خۆی دەستکەوتی ئەو مێژووەیە کە لەگەڵیدا لە ململانێکردندایە. مێژوو (واتا جیهانی واقیعی) بەردەوام بە ڕێگەیەکی توندتر لە هزرێک بەبادا دەڕوات، کە دەکرێ لەخۆی بگرێت.

مارکس کە وەک دیالێکتیسنی باش جەخت لەسەر زانێکی نەگۆڕ، بێلێوار و نێوانکردەی شتەکان دەکاتەوە، لەو دەزگا فیکرییە خۆبەزلزانانە بێزاری دەردەبڕێت کە (وەک ئایدیالیزمی هیگڵیی) لەسەر ئەم بۆچوونەن، کە دەتوانن بە ڕێگەیەک تەواوی جیهان لە تێگەیشتنەکانی خۆیان بئاخێنن. تەنزی تەڵخ و ئاڵۆز لێرەدایە کە کاری خودی ئەو (مارکس)، بۆ نموونە بە پێگەی خۆی دەبێتە هۆی دەزگاسازییەکی نەزۆکی وەها.

کەواتا لە دیدی مارکسەوە باسەکە لەسەر پرسی هۆکارە ماددی و هەلومەرجەکانی خودی هزرە. ئێمە دەتوانین هۆکارەکانی ئەو پرسە، یان ئەو باسە ئاوەژوو بکەینەوە، بەڵام ئایا ئەو هزرە دەتوانێ، بە گوتەیەک، خۆی لێ بە دوور بگرێت، تاوەکو شتێک لەو مێژووە تێبگات کە هێناویەتیە کایەوە؟ لەوانەیە بۆ ئێمە مۆدێرنەکان هۆکارگەلێکی باشیان لەبەر دەستدابێت کە بۆچی هەرگیز ناتوانرێ بە تەواوەتی بەم مەبەستە بگات، بۆچی هەمیشە جۆرێک خاڵی کوێر و نابینا، فەرامۆشکردنێکی وەها، یاخود خۆ-ئاڵۆزییەک (Self-opagueness) بوونی هەیە، کە دڵنیامان دەکاتەوە لەوەی زیهن هەمیشە سەرەنجام لەم هەوڵدانانەدا ناکام دەبێت. خودی مارکس وەک منداڵی سەردەمی ڕۆشنگەری، لەوانەیە تاڕادەیەک زیاتر لە ئێمە متمانەی بە دەسەڵاتی ڕوونی عەقڵ هەبووە، وێڕای ئەوەش وەک بیریارێکی مێژووباوەڕ

و (ئەو پرۆسە پارێزراوانەی عەقڵباوەڕیی و مێژووباوەڕیی زۆرجار لە کاری ئەودا لەگەڵ یەک لە ململانێدان) دیاریدەکات، کە ئەگەر تەواوی هزر مێژوویی بێت، کەواتە ئەم خاڵە دەبێت بە جۆرێک لە بارەی هزری خودی، ئەویش راست بێت. لەسەردەمی شارلمانیی(1) یان چوسنر(2)، ناتوانرێت هیچ چەشنە مارکسیزمێک بوونی هەبێت، چونکە مارکسیزم شتێکی زیاتر لە کۆمەڵێک لە هزرە روونەکانە کە هەموو کەسێک، لە هەر کاتێکدا بتوانێت لێیان تێبگات. مارکسیزم کەم تا زۆر دیاردەیەکی وابەستەیی شوێنکاتە، کە رایدەگەیەنێت هەموو ئەو زانایانەی کە لە بۆتەی ئەوەوە بیر دەکەنەوە (کاری ئەبستراکت، کاڵا، تاکی ئازادی چالاک و هاوشێوەکانی) تەنها دەتوانێت لە میراتی سەرمایەداری و لیبرالیزمی سیاسی سەر دەربهێنێت. مارکسیزم وەکو گوتار ئەو کاتە سەر دەردێنێت، کە هەم مومکین و هەم پێویستە وەک «رەخنەی ناخئاسا»ی سەرمایەداری و لەبەر ئەوە وەک دەستکەوتی هاوجۆری ئەو سەردەمەی کە مەیلی هەیە باڵاتر لێی بڕوانێت، سەر دەربهێنێت. کتێبی مانفێستی حزبی کۆمۆنیست لە ستایشکردنی چینی ناوەڕاستی شۆڕشگێری گەورە و ئەو تەوق و شکاندنی زنجیرە بەهێزە لە دەست و پێی توانا مرۆییەکان کە ئێمە وەک سەرمایەداری دەیناسین، دەست و دڵ کراوەیە.

بۆرژوازییەت لە هەر کوێیەک کە چەقی بەست کۆتایی بە هەموو پەیوەندییە فیوداڵی، باوکسالارانە و سادەکان بەخشیوە و پەیوەندیگەلێکی جۆراوجۆری فیوداڵی کە مرۆڤەکانی بە «دەستباڵا سروشتییەکەی» دەبەستەوە، بێبەزەییانە لە یەک دابڕاوو لەنێوان مرۆڤەکان پەیوەندییەکی جگە لە بەرژەوەندی تاکەکەسی پەتی و «سەرقاڵبوونی رەخنەیی» بێ سۆزانەی بەجێنەهێشتووە. مەلەکوتیترین گەشانەوە ئاینییەکان و گەرموگوڕی

سوارچاکانە و هەستخوازیی بێ کولتوورانە لە ئاوە سەهۆڵبەندییەکانی حیسابگرە خۆخوازانەکان نغرۆ کردووە. لە گوتەیەکدا، وەبەرهێنانی رووت، بێشەرمانە، راستەوخۆ و دڕندانە لە شوێنی وەبەرهێنانی ئاڵۆز لە پوزەوانەی خەیاڵە ئایینی و سیاسییەکان داناوە. بۆرژوازییەت پۆششی هەستەکانی پەیوەندییە خێزانییەکان لە یەکدا دڕیوە و ئەوەش بۆ پەیوەندی پارەیی کورتکردووەتەوە. بۆرژوازییەت بێ بەدیهاتنی گۆڕانێکی بەردەوام لە ئامرازی بەرهەمهێنان و بەم چەشنە بێ بەدیهاتنی گۆڕان لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هاوشان بەوە بێت، بەدیهاتنی گۆڕان لە تەواوی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە ناتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات. بەدیهاتنی شۆڕش بەردەوام لە بەرهەمهێنانی ئاشووبە بەردەوامەکان لە تەواوی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ناپایەدار و پێکدادانی هەمیشەیی، سەردەمی بۆرژوازییەت لە تەواوی سەردەمەکانی پێشووتر جیادەکاتەوە. تەواوی پەیوەندیە جێگیر و نەگۆڕەکان، هاوشان لەگەڵ زنجیری پێشداوەرییەکان و بڕوا کۆن و بەرێزەکان لەنێو دەچن و تەواوی ئەو پەیوەندییانەی کە بەم زووانە شێوەی گرتووە، لەپێش ئەوەی کە شێوە و ناوەڕۆک بگرێت، بەتاڵ دەکرێنەوە. هەموو ئەوەی سەخت و جێگیرە دەبێنە دوکەڵ و بە هەوادا دەڕوات، هەموو ئەوەی پیرۆزە دەبێنە ناپیرۆز و سەرەنجام مرۆڤ ناچار دەبێت بە ئاگادار بوون لە هەلومەرجی واقیعی ژیان و پەیوەندییەکانی خۆی بەهاو جۆری خۆی رووبەروو بکرێنەوە.(5)

لەم هەوڵ و کۆششە شۆڕشگێڕییەی کە لە هەمانکاتدا هەم ستایش هەڵگرو هەم وێرانکەرە، لەلایەک پایەی ماددی بۆ سۆشیالیزم بوونی هەیە و لەلایەکی دیکەوە بەردەوام ئەم پرۆژەیە رۆڵی وەک بڵقی سەرئاو دەڕوات. سەرمایەداری هەموو شێوە نەریتییەکانی ستەمکاری لەنێو دەبات و بەم کارەشی مرۆڤایەتی لەگەڵ واقیعیەتێکی حەوتەوانەیی رووبەروو دەکاتەوە، کە سۆسیالیزم دەبێت بوونی رابگەیەنێت و بیشی گۆڕێت.

لێرەدا هەندێک کەس لەوە تێدەگەن کە ئەو هـزرەی لە هەوڵی ئاوەژووکردنی هەلومەرجی مادیدایە، هەر لە هەمان هەلومەرجی مادییەوە سەرچاوە دەگرێت و بە مانای ئەوەیە، کە فەیلەسوفێکی ماددەباوەڕ، ئەو دەستەواژەیەی کە لە بارەیەوە شتێکی زێتر لە نیشانەیەک لە پێکدژی، بوونی هەیە. ئەرکی بیرکردنەوەی مادەباوەڕانە ئەوەیە کە ئەو واقیعیەتەی (جیهانی ماددی) لە خۆیدا شەنوکەو بکات، کە بەرامبەر بە خودی هزرەکە لایەنێکی دەرەکی هەیە، بەو مانایە بنەڕەتی تره لێی. مەبەستی مارکس لەم گوتەیەی کە لە مێژووی جۆری مرۆڤدا، «بوونی کۆمەڵایەتی» هۆشیاری دیاریدەکات نەک بە پێچەوانەوە، بە پێچەوانەی بانگەشەی ئایدیالیستەکان، ئاوەژووەکەی، ئەمەیە کە:

بەم چەشنە، ئاکار، ئایین، میتافیزیک، تـەواوی شتەکانی دیکە ئایدۆلۆژیا و شێوەکانی هوشیاری هاوشێوەکەیان ئیدی شێوەی رواڵەتی سەربەخۆیان ناپارێزن. ئەوان هیچ مێژوویەک و هیچ رەوتێکی پەرەسەندنیان نییە، بەڵام مرۆڤەکان بە بەخشینی پەرەسەندن بە بەرهەمهێنانی ماددی و دەستاودەستکردنی ماددی خۆیان، هاوشان بەوەی بوونی واقیعی، هزر و دەستکەوتەکانی هزرەکانی خۆیان ئاوەژوو دەکەنەوە. ژیان هوشیاری دیاری ناکات، بەڵکو هوشیاری ژیان دیاریدەکات.(G47)

کەواتا لێرەدا مارکس ئاوەژووکاری ناسراوی هیگڵە کە دیالێکتیکە ناسراوەکەی، پشت ئەستوور بـەوەی کە ئایدیاکان بوونی کۆمەڵایەتی دیاریدەکەن، دەبێت بنجبڕانە بە گوێرەی بنەما ماددەباوەڕەکەی رابوەستێت. لەلای مارکس، ئەوەی دەیڵێین یان بیردەکەینەوە سەرەنجام ئەوەی دەیکەین دیاریدەکات. ئەوە کردارە مێژووییەکانن کە لەژێر گەمە زمانەوانییەکانمان بوونیان هەیە، بەڵام لێرەدا پێویستمان بە یەدەگێک هەیە، چونکە ئەوەی ئێمە وەک بوونە مێژووییەکان ئەنجامی دەدەین، خۆی بە قووڵی بە هزر و زمانەوە لکاوە، هیچ کردارێکی مرۆیی لە دەرەوەی سنووری مانا، مەبەست

و خەیاڵدا نییە، بەو چەشنەی کە خودی مارکس جەختی لەسەر دەکاتەوە:

گیانەوەر لەگەڵ چالاکی ژیانی خۆی هەماهەنگ و تەبایە. گیانەوەر خۆی لە چالاکییەکانی ژیان جیا ناکاتەوە. گیانەوەر خۆی چالاکی ژیانە، مرۆڤ خودی چالاکی ژیان بە شێوەی بابەتی ئیرادە و ئاگایی خۆی دەردەخات. مرۆڤ خۆی چالاکی ژیانی ئاگایانەیە. چالاکی ژیان ئەو شێوە دیاریکراوە نییە کە مرۆڤ راستەوخۆ لەگەڵی ئاوێتە بکردرێت(Ew 328). جاڵجاڵۆکە ئەو پرۆسانە جێبەجێدەکات کە بە پرۆسەی هۆنینەوە هاوشێوەیە و زەردەواڵە لە دروستکردنی ماڵەکانی خۆی زۆرێک لە ئەندازیاران تووشی شەرمەزاری دەکات، بەڵام ئەوەی خراپترین ئەندازیار لە باشترین زەردەواڵە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە ئەندازیار لەپێش ئەوەی کە بیناکەی لە واقیعدا دروست بکات، شێوەکەی لە خەیاڵی خۆیدا دروستکردووە(6).

بوونی کۆمەڵایەتی هزر دەهێنێتە کایەوە، بەڵام خودی بوونی کۆمەڵایەتی لە هزردا وەردەگیردرێت. وێرای ئەوەش، مارکس دەخوازێت بانگەشە بکات کە بوونی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی ترە بەو چەشنەی کە دەیەوێت بانگەشە بکات کە «ژێرخانی» ماددی کۆمەڵگە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی «سەرخان»ی کولتووری، مافی، سیاسی و ئایدۆلۆژیاکەی:

مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیبووندا، خۆیان دەهێننە نێو ئەو پەیوەندییە دیاریکراوانەوە کە لە پێویستی و سەربەخۆ لە ویستی ئەواندایە، واتە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان کە لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراو لە پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانە ماددییەکەیان تەبا دەکاتەوە. کۆی ئەم پەیوەندییانە بەرهەمهێنانی ئابووری کۆمەڵگە، واتە بونیادێکی واقیعی پێکدەهێنێت کە بە گوێرەی ئەو بونیادە سەرخانی یاسایی و سیاسی بینا دەکرێت و فۆرمگەلێکی دیاریکراو لە ئاگایی کۆمەڵایەتی لەگەڵی تەبا دەکاتەوە. شێوەی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی

و فیکری بڕیاری لەسەر دەداتن. ئەوە ئاگایی مرۆڤەکان نییە کە بوونی کۆمەڵایەتییان دیاریدەکاتن، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بوونی کۆمەڵایەتییانە کە ئاگاییان دیاریدەکاتن. (دیباجەیەک لەسەر کتێبی ڕەخنەی ئابووری سیاسی SW182).

کەواتا ئەمەیە «تیۆری ئابووری مێژوو»ی ناسراوی مارکس، مارکس پێیوایە کە پێشکەوتنەکانی بوونی کۆمەڵایەتی و ئاگایی پێشکەوتنە بووناسییەکانن و پەیوەندییان بە شێوەیەکەوە هەیە، کە ئەو بە گوێرەی ئەو شێوەیە مرۆڤەکان لەبەرچاو دەگرێتن. چەمکی ژێرخان سەرخانیش دەتوانێت بەم چەشنە بێتن: ئەم بیرۆکەیە لەسەر ئەو کۆڵەکەیە بەندە کە هەموو فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان سەرئەنجام دژایەتی و ناکۆکیە ناوەکییەکانی بەرهەمهێنانی مادی دیاریدەکاتن، بەڵام هەروەهاش دەتوانرێت ئەم بیرۆکەیە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی لێی بڕواندرێتن، ئەم ڕوانگەیە شێوەیەک ڕووندەکاتەوە کە بە هۆیەوە سیاسەتن، ماف، ئایدۆلۆژیا و هاوشێوەکانی لە کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا کاردەکەن. گوتەی مارکس ئەوەیە کە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وەهادا، ڕێک لەو ڕووەی کە «ژێرخان»ی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ناعادیلانە و پێکدژن، ئەم فۆرمانە هەڵگری ئەرکی سەلماندنەوە، پەخشکردنەوە یاخود پەنهانکردنی ئەم نادادپەروەریانەن و بەم چەشنە دەتوانین بڵێین کە بەم ئیعتیبارە پەیوەندییان بەلایەنی دووەم، یاخود «سـەرخـان»ەوە هەیە، کەواتە لەم گوتەیەوە دەتوانرێت ئەم مانایە دەربکەوێت کە ئەگەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان عادیلانە بێتن، سەرخانێکی وەها ناپێویستن دەبێتن. بە گوتەیەکی دیکە، ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ ئەرکی سیاسی ئایدیاکەیاندا هەیە لە کۆمەڵگەدا، نەک تەنها لەگەڵ خاسیەتە مادییەکانیان. ئەمەش ئێمە بە ڕووی تێگەیشتنی مارکسیستی ئایدۆلۆژیادا دەکاتەوە.

هزرەکانی چینی باڵادەست لە هەموو سەردەمێک هزرگەلی زاڵ و دەستباڵان، واتا ئەو چینەی کە بە هێزی ماددی زاڵی کۆمەڵگە دێنە هەژماردن لە هەمانکاتدا هێزی فیکری زاڵیشی هەیە. ئەو چینەی کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ماددی لەدەستدا بێت، لەهەمانکاتیشدا بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکریشدا زاڵـە، بە چەشنێک کە بە شێوەیەکی گشتی، هزرەکانی ئەو کەسانەی کە بە سودوەرنەگرتن لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکر، شوێنی کەوتوون. هزرە زاڵەکان شتێکی جگە لە بەیانکردنی ئایدیاڵی پەیوەندییە مادديە زاڵەکان، شتێکی جگە لە پەیوەندییە ماددییە زاڵەکان نییە کە هاوشێوەی هزرەکان دەرکدەکرێن یا وەردەگیردرێن(Gi 64).

ئەو کاتەی کە فەلسەفە بەشێوەی ئایدۆلۆژیا دەردەکەوێت، بە لادانی بایەخی پیاوان و ژنان لە ململانێیە مێژووییەکان ئاراستە دەکرێت، ئەم کارەش بە جەختکردنەوە لەسەر پێشکەوتنی روحانی، یاخود لە رێگەی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم ململانێیانە لە ئەرازوی باڵا و خەیاڵی ئەنجامدەدرێت. لەم شوێنەوەیە کە مارکس هیگڵییەکان سەرزەنشت دەکات.

بە پێچەوانەوە، ڕای خودی ئەو لە بارەی مێژوو:

پەیوەندی بە توانای ئێمەوە هەیە بۆ روونکردنەوەی پرۆسەی واقیعی بەرهەمهێنان، کە لە بەرهەمهێنانی ماددی خودی ژیانەوە دەستپێدەکات، هـەروەهـا پەیوەندی بە توانای ئێمەوە هەیە بە تێگەیشتنی شێوەی دەستاودەستکردنێک کە پەیوەندی بەم شێوەیەی بەرهەمهێنانەوە هەیە و ئەم شێوەیەی بەرهەمهێنان (واتا کۆمەڵگەی مەدەنی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا)، وەک پێکهاتەی تەواوی مێژوو، دەیهێنێنە کایەوە وپەیوەندی هەیە بەوەی کە ئەمە لە پراکتیکدا وەک دەوڵـەت نیشانبدرێت، هەموو فۆرمەکان و دەستکەوتەکانی تیۆریە هەمەچەشنەکانی ئاگایی، ئایین، فەلسەفە، ئاکار.... هتد روون بکرێنەوە و رەتکردنەوەی خاسیەت و نەشونماکردنیان لەم

پێکهاتەیەوە درێژە بکێشێت، هەڵبەتە بەم ئامرازە هەموو شتێک دەتوانرێت لە گشتێتییەکەی ڕوونبکرێتەوە (لەم ڕووەوە، هەروەها کارلێککردنی ئەم لایەنە جۆراوجۆرانە لەگەڵ یەکتر ڕوونبکرێتەوە) (Gi58).

بە پێچەوانەی هزری ئایدیالیستییەوە، ڕوانگەیەکی ماددەباوڕانەی وەها، «بەردەوام لەسەر بنەڕەتی واقیعی مێژوو بە جێدەمێنێت»:

(ئەم ڕوانگەیە) کردار لەرووی هزرەوە روون ناکاتەوە، بەڵکو پێکهاتنی هزرەکان لە رووی کرداری مادییەوە روونده‌کاتەوە، بەم چەشنە، بەم ئەنجامە دەگات کە هەموو فۆرمەکان و دەستکەوتەکانی ئاگایی ناتوانرێت لەگەڵ رەخنەی زیهنی، لەگەڵ کرانەوەی لە «خودئاگایی» یاخود گۆڕانی بۆ جنۆکەکان، خەیاڵەکان و هاوشێوەکانی پووچەڵ بکرێنەوە، بەڵکو ئەم کارە تەنها دەتوانرێت بە ئاوەژووبوونی پراکتیکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە واقیعییەکان ئەنجامبدرێت کە دەبێنە هۆی بەدیهاتنی ئەم کڵاوبازیە ئایدیالیستییە(Gi 58).

ڕۆحی گوتەکەی مارکس ئەوەیە، کە ئەگەر پشتوپەنای پرسە تیۆرییە سەرەکییەکان لە ململانێیە کۆمەڵایەتییەکاندایە، لەو شێوەیەدا تەنها دەتوانرێت لەلایەنی پراکتیکییەوە، نەک فەلسەفی ئەو پرسە چارەسەر بکرێت. بەم چەشنە شێوەیەکی دیاریکراو لە فەلسەفاندن دەبێنە هۆی بەدیهاتنی «سڕینەوەی سەنتەرێکی» دیاریکراو لە خودی فەلسەفەدا. لێرەدا مارکسیش وەک زۆرێک لە دژە فەیلسوف دەکارێ تەواوی ئاقارەکە، کە گوتار بەگوێرەی ئەو ئاقارە بەیاندەکرێت، بگۆڕێت و کێشە فەلسەفییەکان هەم وەک نەخۆشیەکی سەبتێکستی (subtext) مێژوویی تێبگات و هەم وەک شێوازێک لە خستنەدەرەوەی ئەم سەبتێکستانە لەپێشچاو دەگرێت. هەرچەندە فەلسەفە ئەوە زاڵ و دەستباڵا دەکات، کەوا خەیاڵ بکات خۆبوونبەخشە (Self–begothen)، پێویستە بە وابەستەیی خۆی بەوەی لێی تێپەڕدەبێت، رووبەرووی بکرێتەوە، ئاراستەی ماددەباوڕانە نیشانیدەدات کە مێژوو بە چارەسەرکردن

لە «خودئاگایی»، هاوشێوەی «روحی روحەکان» کۆتایی پێنایەت، بەڵکو تێیدا لە قۆناغی دەرئەنجامی ماددی دەدۆزرێنەوە: کۆمەڵێک لە هێزەکانی بەرهەمهێنان پەیوەندی نێوان تاکەکان بە سروشت و بە خۆیان کە بە شێوەی مێژوویی دێنەکایەوە و لە هەر نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، ژمارەیەک لە هێزەکانی بەرهەمهێنان، شێوەی سەرمایە و هەلومەرج کە لەلایەک لە راستیدا نەوەی تازە هەڵکەندن و چاکسازییان تێدادەکات، بەڵام لە لایەکی دیکە، هەروەها هەلومەرجی ژیانی خۆیان بەوە رەوا دەکەن و نەشونماکردنێکی دیاریکراو و تایبەتمەندییەکی تایبەتی پێدەبەخشێت. ئەم تاراستەیە نیشانیدەدات کە هەلومەرج و دۆخەکان بە هەمان ڕادە مرۆڤەکان درووستدەکات کە مرۆڤەکان هەلومەرج و دۆخەکان درووست دەکەن(Gi 59).

کەواتا مرۆڤ تەنها دەسنکەوتی دیاریکراوی هەلومەرجی ماددی نییە، ئەگەر وەها بوو مارکس چۆن دەیتوانی هیواخواز بێت کە مرۆڤایەتی رۆژێک بتوانێت ئەم هەلومەرجە ماددییە ئاوەژووبکاتەوە؟ مارکس مادەباوەڕیەکی «میکانیکی» وەک تۆماس هۆبز نییە، کە لە ئاگاییدا بە چاوی رەنگدانەوەی پەتی لە هەلومەرجەکان بڕوانێت، بەڵکو ماددەباوەڕێکی مێژووییە، بەم مانایەی کە دەخوازێت، خەسڵەت و ئەرکی هزرەکان بە گوێرەی هەلومەرجی مێژوویی کە لکاوە پێیانەوە، روون بکاتەوە.

وێرای ئەوەش وا دێنە بەرچاو کە مارکس فەرامۆشی کردووە کە تەواوی فەلسەفە، ئایدیالیستی نییە. هزری خودی ئەو ئایدیالیستی نییە، بەمشێوەیە هزری ماددەباوەڕانەی بۆرژوازیەتی گەورەی رۆشنگەری فەرەنساش کە ئەو تێکەڵاوییان بووە، ئایدیالیستی نییە. بەو چەشنەی کە لەم چوارچێوەیەدا هەموو ئایدۆلۆژیاییەکانیش ئایدیالیستی نییە. وێرای ئەوەش، ڕوانگەی مارکس لەبارەی فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕوانگەیەکی تازەیە. مارکس لە فەلسەفەی ئایدیالیستی بە چاوی شێوەیەک لە وەهم و خەیاڵ دەڕوانێت، کە دەکارێت

له زیهندا دەستی بەو شتە بگات، کە ناتوانێت لە واقیعیەتی مێژوویی بەدەستیبهێنێت، بەم گوزارشتە، چارەسەرکردنی ململانێیە مێژووییەکان مەرگی بیرکردنەوەی فەلسەفی بە دوادا دێت، بەڵام ئەم خاڵە سەبارەت بە هزری خودی مارکسیش راستە. لە کۆمەڵگەیەکی تەواو کۆمۆنیستی شوێنێک بۆ فەلسەفەی مارکسیستی نییە، چونکە تیۆریەکی وەها بۆ ئەمە بوونی هەیە کە کۆمەڵگەیەکی وەها بێنێتە کایەوە. لە راستیدا کاری مارکس بەشێوەی دژە شاری خۆی بە شێوەیەکی بەرچاو هەندێک شت لەم بارەیەوە دەڵێت، کە هەلومەرجەکانی داهاتوو بەراستی بە چ چەشنێک دێتە بەرچاو. بەم چەشنە هزری ئەو هاوشێوەی تەواوی تیۆریەی سیاسی رادیکاڵ سەرەنجام خۆهەڵسەنگێنەرە (Self–abolishing) و ئەمەش لەوانەیە قووڵترین گوزارشت بێت لە مێژووییبوونی ئەم هزرە.

**سەرچاوە:**

مارکس و ئازادی، تیری ئیگلتۆن، و/ دانا لەتیف شوانی: لا 1 تا 15

---

1– Charlemagne، ناسراو بە شارلی گەورە (742–814)، پادشای فرانکەکان(771–814)و ئیمپرتۆریەتی رۆژئاوا (800–14) کە بیرۆکەی یەکێتی ئەوروپای لە مێشکدا بوو.

2– Geoffry chucer (نزیکەی 1343–1400)، شاعیر و چیرۆکنووسی ئینگلیزی.

# کارل مارکس.. سەرمایە

**بۆ فارسی: ئیرەجی ئەسکەندەری**

**لە فارسییەوە: عەلی ئەکبەر مەجیدی**

## شمەک و پارە

### تەوەری یەکەم: شمەک

1. هۆکارە دوولایەنەکانی شمەک: بەهای بەکارهێنان و بەها (ماهیەتی بەها، بڕی بەها):

سامانی ئەو کۆمەڵگایانە کە تیایاندا بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زاڵە، بەشێوەی «شمەکی کەڵەبووی فراوان(1)» دەردەکەوێت. هەر شمەکێک بە شێوازی جیاجیا وەک شێوە سەرەتاییەکەی دەژمێردرێت. لەمڕووەوە لێکۆڵینەوەمان بۆ لێکدانەوەی شمەک دەستپێدەکات.

شمەک پێش هەموو شت شتێکی دەرەکییە. شتێکە کە بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە یەکێک لە پێداویستییەکانی مرۆڤ بەدی دێنێت. ماهیەتی ئەم پێداویستییانە هەرچییەک بێت و پێداویستییەکان چ لە سکەوە (پێداویستیی خۆراکیی) سەرچاوە بگرن و چ سەرچاوەکەیان وێناکردن بێت، جیاوازییەک لە مەسەلەکە دانانێت(2)، هەروەها لێرەدا باسی ئەمە ناکەین کە شتی ناوبراو بە چ شێوازێک پێداویستیی مرۆڤ چارەسەر دەکات، راستەوخۆ وەکو خۆراک واتە کەرەستەی چێژو کەڵکوەرگرتن یان ناڕاستەوخۆ وەک کەرەستەی بەرهەمهێنان. هەر شتێکی بەسوود وەکو ئاسن، کاغەزو هەر شمەکێکی تر دەبێت لە دوو

روانگەوە گرنگی پێبدرێت: لە بواری چەندێتی و لە بواری چۆنێتییەوە.

هەریەک لەمجۆرە شتانە کۆمەڵێکن لە تایبەتمەندیی جۆراوجۆر، لەمڕووەوە دەتوانێت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەسوود بێت. دۆزینەوەی ئەم لایەنە جۆراوجۆرانە و لە ئاکامدا کەڵکوەرگرتنی جیاوازی شتەکان پرسێکی مێژووییە(3).

هەروەهایە دۆزینەوەی پێوانە کۆمەڵایەتییەکان کە لەبارەی چەندێتی شتەکانەوە سوودمەندانە بەکاردێت. جیاوازی لە پێوانەی هەڵسەنگاندنی شمەکەکان لە کرۆکی جیاوازی شتی پێوانە کراوە، سەرچاوە وەردەگرێت و هەندێکی تر گرێبەستە.

سوودبەخشین شتێکە کە دەیکاتە بەهای بەکارهێنان(4)، بەڵام ئەم سوودبەخشییە لە بۆشاییدا ناسوڕێتەوە، چونکە بەندە لەسەر تایبەتمەندی فیزیایی شمەک کە بەبێ ئەوە بوونی نییە. کەواتا چوارچێوەی هەر شمەکێک وەک ئاسن، گەنم، ئەڵماس لە دۆخی خۆیاندا بە بەهای بەکارهێنان لەگەڵ ویستێک دادەنرێت. بە هیچ شێوازێک ئەم تایبەتمەندییە پەیوەست نییە بە کەم و زیادبوونی کارێک کە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی ئەم تایبەتمەندییە سوودبەخشانە بەکاری بهێنێت. کاتێک باسی بەهای بەکارهێنان دەکرێت بەگشتی بڕێکی دیاریکراو لەبەرچاو دەگیرێت: یـەک-دوو دەرزەن کاتژمێر(کاتژمێری سەردەست یان سەر دیوار)، یەک باڵا قوماش، یەک تەن ئاسن و هەندێک شمەکی تر. بەهای بەکارهێنانی شمەکەکان بەش بەحاڵی خۆی مەسەلەیەکی تەکنیکی تایبەتە، ئەوەش شمەکناسییە (5).

بەهای بەکارهێنان تەنها بە کەڵکوەرگرتن یان بەکارهێنان راستی و دروستی دەردەکەوێت. بەهای بەکارهێنان- جەوهەرو راستی یان ناوەڕۆکی ماددی سامان پێکدێنن، برێتیە لە هەر شێوازێکی کۆمەڵایەتی کە ئەم سامانە

هەبێت.

لەو شێوە کۆمەڵایەتییەی کە لێکۆڵینەوە دەکەین، لە هەمانکاتدا بەهای بەکارهێنانەکان پاڵپشتی ماددی بەهای ئاڵوێر کردنەکانن. سەرەتا بەهای ئاڵوێرکردن وەکو پەیوەندیی هەند یان ڕێژەیی خۆی دەنوێنێت کە بەو پێیە بەهای بەکارهێنانی جۆرێک لەگەڵ بەهای بەرکاهێنانی جۆرێکی تر ئاڵوێر دەکرێن(6)، ڕێژەیەک کە بەبەردەوامی بە گوێرەی کات و شوێن دەگۆڕدرێت. کەواتا بەهای ئاڵوێر کارێکی شمەکی گرێدراو بە قۆنتەراتەوە و لە هەمانکاتدا بە تەواوی باوەڕپێکراوە و متمانەیی دیارە، لەو ڕووەوە بەهایەکی ئاڵوێر کە جەوهەر و پێویستیی خودی شمەکەکە بێت، دەبێتە ناکۆکییەک لە شرۆڤەکردندا (7).

**با وردتر خوێندنەوە بۆ مەسەلەکە بکەین:**

شمەکێک بۆ نموونە چارەکێک گەنم لەگەڵ x بڕی بۆیاخ، y بڕی ئاورێشم، z بڕی ئاڵتون و هەندێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکرێت، واتا بەگشتی لەگەڵ شمەکەکانی تر لە ڕێژەی جۆراوجۆر دادەنرێت. کەواتا گەنم بەهای ئاڵوێری جۆراوجۆری هەیە. x بۆیاخ، y ئاورێشم، z ئاڵتون و هەندێکی تر هەریەکەو بەش بەحاڵی خۆی بەهای ئاڵوێری چارەکە گەنمێکن. دەبێ x بۆیاخ، y ئاورێشم، z ئاڵتون و هەندێکی تر لە نێوان خۆیاندا شیاوی ئاڵوێر بن، یان بە واتایەکی تر ببنە خاوەن بڕی یەکسانی بەهای ئاڵوێری. لەم دۆخەدا وا ئەنجام وەردەگرین: یەکەم بەها ئاڵوێرییەکانی شمەکێک هێمای یەکسانی نێوان خۆیانن، دووهەم لە بنەمادا بەهای ئاڵوێر دەتوانێت تەنها شێوازی دەربڕین، «شێوازی دەرکەوتن»ی ناوەڕۆکێکی جیاواز لەخۆی بێت.

دیسان دوو شمەکی تر لەبەرچاو بگرین: گەنم و ئاسن. پەیوەندیی ئاڵوێرییان بە هەر شێوەیەک بێت، دەکرێت لە ڕێگای یەکسانیەکەوە وێنا

بکرێت بە جۆرێک کە بڕێک گەنم لەگەڵ بڕێک ئاسندا بەرامبەر بێت. بۆ نموونە چارەکێک گەنم = a کیلۆگرام ئاسن، ئەم یەکسانیە بە چ واتایە؟ ئەم یەکسانییە واتا هۆکارێکی هاوبەش بە یەک کیمیکی یەکە لە دوو شتی جیاوازدا کە لە چارەکە گەنمێک و a کیلۆگرام ئاسندا بوونی هەیە. کەواتا هەردووکیان یەکسانن لەگەڵ چەندێتی سێهەمدان کە خۆی لە خۆیدا نە ئەمەیانە نە ئەویتریانە. لەمڕووەوە لەبواری بەهای ئاڵوێرەوە دەبێت هەر یەک لەوانە بتوانێت ببێت بە چەندێتی سێهەم.

نموونەیەکی سادە کە لە هەندەسەوە وەرگیراوە بابەتەکە روونتر دەکاتەوە. بۆ دەست نیشانکردن و بەراوردکردنی رووبەری هەموو وێنە راستەهێڵەکانی دابەش دەکات بۆ چەندین سێگۆشە، بەڵام خودی سێگۆشەکە دەگۆڕن بۆ ئەکسپەرسیۆنێک کە بە تەواوی لەگەڵ شێوەی پێشبڕکێ لە پلەو زەنگینیدا جیاوازە. نیوی بنکە کەڕەتی بەرزایی، هەر بەمشێوەیە دەبێت بەهای ئاڵوێری شمەکەکان دابەش بکرێت بۆ هۆکارێکی هاوبەش کە لەو رێگایەوە زۆرو کەمییان دەربکەوێت.

ئەم هۆکارە هاوبەشە ناتوانێت تایبەتمەندییەکی سروشتی دیاریکراوی هەندەسی، فیزیایی یان کیمیایی شمەکەکان بێت. تایبەتمەندیی سروشتی تەنها بە ئەندازەیەک لەبەرچاو دەگیردرێت کە شمەکەکان بەسوود دەکەن و دەرەنجام بەهای بەکارهێنان دێننە ئاراوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە بە لێکۆڵینەوە هەر ئەم چاوپۆشیکردنە لە بەهای بەکارهێنانی شمەکەکانە کە بە روونی دەبێتە هێمای پەیوەندی ئاڵوێرییان. لە ناواخنی ئەم پەیوەندییەدا بەهایەکی بەکارهێنان کتومت بە هەمان ئەندازە قورسایی هەیە کە هەر بەهای بەکارهێنانێکی تر هەیەتی بە مەرجێک کە بە رێژەیەکی شیاو بوونی هەبێت، بە واتایەکی تر لەسەر قسەی ن. بربون: «بەهای هەرجۆرە شمەکێک یەکسانە لەگەڵ ئەویتردا

به مەرجێک بەها ئاڵوێریەکەی وەک یەک بێت، لە نێوان شتگەلێک کە خاوەن بەهای ئاڵوێری یەکسانن ناکرێت جیاوازی یان ناکۆکی دابنرێت» (8).

بەکارهێنانی شمەکەکان لە بواری بەهاوە پێش هەموو شت ناکۆکی چۆنایەتیان هەیە، لە حاڵێکدا وەک بەهای ئاڵوێری جیا لە بواری چەندێتی ناتوانن جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەبووبێت، بەپێی ئەم ناوەڕۆکە تەنانەت تۆزقاڵێک هاوبەهای بەکارهێنان نین.

هەرکات بەهای بەکارهێنانی شمەکەکان وەلا بنرێت تەنها یەک تایبەتمەندییان بۆ دەمێنێتەوە، ئەوەش ئەمەیە کە هەموویان بەرهەمی کارن، بەڵام لەم دۆخەدا خودی شێوازی بەرهەمی کارەکە گۆڕدراوە، چونکە کاتێک چاوپۆشی لە بەهای بەکارهێنانی دەکەین لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە هۆکاری مادی و وێنایی دەکەین کە بەدیهێنەری بەهای بەکارهێنانن. ئەمە ئیتر مێز، خانوو، دەزوو یان شومەکێکی تری بەسوود نییە. هەموو تایبەتمەندییە هەستپێکراوەکانی دوایی خواردووەتەوە، هەروەها شتی باسکراو ئیتر بەرهەمی کاری دارتاش، بەننا، جۆڵا یان کاری بەرهەمهێنەری دیاریکراوی تر نییە. بە پووکانەوەی تایبەتمەندی سوودمەندی بەرهەمی کار، تایبەتمەندی بەسوودی ئەو کارانەی کە ئەم بەرهەمە ناسێنەریەتی دەپووکێنەوە، لەمڕووەوە شێوە جۆراوجۆرەکانی هێمای ئەم کارانە ون دەبن و ئیتر لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. سەرجەم ئەوانە بۆ کاری هاوشێوەی مرۆییو کاری جێبەجێکاری مرۆیی دەگوڕدرێت. ئێستا سەرنج بخەینە سەر گۆشەی ئاڵۆزی بەرهەمەکانی کار. لە بەرهەمەکانی کاردا شتێکی تر نەماوەتەوە جگە لەم راستییە کابوس ئاسایە، جگە لەم کارە سادە داخراو و ناجیاوازی مرۆییە شتێک نەماوەتەوە، واتا تەرخانکردنی هێزی کاری مرۆیی بەبێ ئەوەی گرنگی بە جۆری بەکارهێنانەکەی بدرێت.

تەنها شتێک کە شیاوی وتنە ئەوەیە کە بڕێک کاری مرۆیی تیایدا بەکار هاتووە بەبێ ئەوەی بتوانرێت جۆری ئەم تەرخانکردنە لە کاردا دەست نیشان بکرێت. ئەم ئامێرانە تەنها ناسێنەری ئەوەن کە لە بەرهەمهێنانەکانیاندا هێزی کاری مرۆیی بەکار هاتووە و بڕێک کاری مرۆیی تیایاندا کەڵەکە بووە. شتە باسکراوەکان لەم روانگەیەوە کە بەرجەستەکەری ئەم ماددە هاوبەشە کۆمەڵایەتییەن، بە بەها دەژمێردرێن یان شمەکی بەهادارن.

لە پەیوەندی ئاڵوێریی شمەکەکاندا بەهای ئاڵوێرییان لە روانگەی ئێمەوە بە تەواوی سەربەخۆ لە بەهای بەکارهێنانیان دانرا. ئەگەر لە راستیدا چاوپۆشی بکەین لە بەهای بەکارهێنانی بەرهەمەکانی کار بەو جۆرەی باسمانکرد، بەهایان دەستنیشان دەبێت. کەواتا بەهای شمەک هەر ئەو هۆکارە هاوبەشەیە کە لە پەیوەندیی ئاڵوگۆڕ یان بەهای ئاڵوێری شمەک لەبەرچاو دەگیردرێت. بەدواداچوونی لێکۆڵینەوەکان ئێمە دەگەڕێنێنەوە بۆ لای بەهای ئاڵوێری بە واتای جۆری دەربڕینی پێویست یان سیمبولی بەها، بەڵام سەرەتا پێویستە بە جیاواز لەم شێوازە سەرنجی بخرێتە سەر.

بەهایەکی بەکارهێنان یان بە واتایەکی تر خواستێک بەپێی ئەوەی باسمانکرد تەنها لەم لایەنەوە بەهادارە کە بڕێک لە کاری تایبەتی مرۆیی تیایدا وێناکراوە یان دۆخی ماددی لەخۆ گرتووە. دەبێت بە چ شێوازێک بڕی بەهای ئەم شمەکە هەڵبسەنگێندرێت؟ لە رێگای بڕی کارەوە واتا هەمان «ناوەڕۆکی درووستکەری بەها» کە تیایدا شوێن خۆی گرتووە. چەندێتیی کار خۆی لەرێگای ماوەی کاتییەوە هەڵدەسەنگێرێت و بەشە دیاریکراوەکانی کات وەکو کاتژمێر، رۆژو..هتد، بەش بە حاڵی خۆیان پێوەری کاتیی کارکردنن.

لەوانەیە وا بیر بکرێنەوە ئەگەر بەهای شمەکێک بەهۆی بڕی

ئەو کارەی کە لە کاتی بەرهەمهێنانیدا بۆی تەرخانکراوە دیاری دەکرێت، هەرچەند مرۆڤ تەمەڵترو بێ کارامەتر بێت بە هەمان رادەش بەهای شمەکەکەی زیاتر دەبێت، چونکە بۆ درووسنکردنی شمەکی ناوبراو کاتێکی زیاتری تەرخان کردووە، بەڵام کارێک کە ناوەڕۆکی بەها پێکدێنێت بریتیە لە کاری یەکسانی مرۆڤ و بەکارهێنانی هێزی کاری هاوشێوەی مرۆیی. هەموو هێزی کاری کۆمەڵگە کە لە بەهادا بۆ کۆمەڵی شمەکەکان دادەنرێت سەرەڕای ئەمەش کە پێکهاتەیەکە لە هێزی تاکی لەرادە بەدەر، لێرەدا وەک هێزێکی یەکەو هاوشێوەی کاری مرۆیی دەژمێردرێت.

هەریەک لەم هێزە تاکانەییانە وەک هەر یەکێکی تر لەوان تا ئەو رادەیە کە تایبەتمەندیی هێزێکی کۆمەڵایەتی مامناوەندە و وەک هێزی کاری مامناوەندی کۆمەڵایەتی کاردەکات، هێزی هاوشێوەی کاری مرۆییە و لەمڕووەوە بۆ بەرهەمهێنانی شمەک تەنها ئەو کاتە کارکردنە کەڵکی وەردەگیردرێت کە لە ئاستی مامناوەندا، پێویستە یان بە واتایەکی تر کاتی کارکردن کە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە تەنگەژەکەرە.

کاتی کاری پێویست لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بریتیە لەو ماوە کارکردنە کە سەرەڕای بوونی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی ئاسایی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ ئاستی مامناوەندی کۆمەڵایەتیی کارامەیی و چڕبوونی کار، پێویستە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەهای بەکارهێنان پێکبهێنێت. پاش ئەوەی لە بەریتانیا کەرەستەی رستنی بەهەڵم بەکارهێنرا رەنگە ئەوەندەی نیوی کاری رابردوو بەس بوایە بۆ گۆڕینی بڕێکی دیاریکراوی تان و پۆ بۆ قوماش. بەڵام بۆ کرێکاری دەسکردی(رستن بەدەست)ی بەریتانی دیسان وەک رابردوو بۆ ئەو گۆڕینە بە هەمان ئەندازە پێویستی بە کاتی کار هەبوو، بەڵام بەرهەمی کاتژمێری تاکەکەسی کارەکەی تەنها هێمای ناسینی نیوەی کاتژمێری کۆمەڵایەتی

کارەکە بوو. لەبەر ئەوە نیوێک لە بەهای رابردووی کەم بووەوە. لەمڕووەوە تەنها بڕی کار کە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە یان کاتی کارکردن کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ درووستکردنی بەهای بەکارهێنان پێویستە، دەستنیشانکەری بڕی بەهاکەیەتی(9). بە گشتی لەمبارەیەوە هەر شمەکێکی دیاریکراو تەنها نموونەیەکی مامناوەندە لە جۆری خۆی(10).

لەمڕووەوە ئەو شمەکانە بڕی یەکسانی کارییان لەخۆگرتوو یان ئەوانەی ئەگەری هەیە لە یەک کاتی دیاریکراوی کارکردندا بەرهەم بهێنرێن، بڕی یەکسانی بەهان. رێژەی بەهای شمەکێک بەگوێرەی بەهای هەر شمەکێکی تر وەکو رێژەی کاتی کارکردنی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی یەکێک لە کاتی کارکردنی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئەویتر. «وەک بەهای ئاڵوێری گشتگیری شمەکەکان تەنها چەندێتییەکی دیاریکراو لە کاتی کارکردندا بەستراون(11).

کەواتا بڕی بەهای شمەکێک ئەگەر کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی نەگۆڕابا، جێگیر دەمایەوە، بەڵام ئەم کاتە پێویستە لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەکی هێزی بەرهەمهێنانی کاردا دەگۆڕدرێت. هێزی بەرهەمهێنانی کار بە گوێرەی بارودۆخ و هەلومەرجی جۆراوجۆر دەستنیشان دەکرێت. بۆ نموونە پلەی مامناوەندی کارامەیی کرێکاران، پلەی پێگەیشتوویی زانست بەو مەرجەی شیاوی کەڵکوەرگرتنی تەکنیکی بێت، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی رەوتی بەرهەمهێنان، پەرەپێدان و پلەی کاریگەری کەرەستەی بەرهەمهێنان و هەروەها هەلومەرجی سروشتی. ئەگەر لە وەرزی گونجاودا بێت چەند یەکە لە کارەکە بە (8) بوشێل (12) گەنم، ئەگەر نەگونجاو بێت تەنها بە (4) بوشێل دەپێورێت. چەند یەکە لە کارەکە لە کانگا بەپیتەکاندا کانزای زیاتر وەبەردێنێت تا لە کانگا بێ پیتەکاندا.

بە دەگمەن لە چینی سەرەوەی توێژی زەوی ئەڵماس دەدۆزرێتەوە، هەروەها دۆزینەوەی لە دۆخی مامناوەندا پێویستی بە کاتی کارکردنی زیاتر هەیە. لەمڕووەوە بە بارستاییەکی بچوکەوە هێمای کاری زۆرە. جاکوب (13) بێهیوایە لەوەی ئاڵتون هەرگیز بتوانێت بەهای خۆی بە تەواوی قەرەبوو بکاتەوە. ئەم مەسەلەیە لەبارەی ئەڵماسەوە زیاتر پشتڕاست دەکاتەوە. بەپێی ئەو شتەی «ئەشۆگە»(14) وتوویەتی کۆی بەرهەمی (80) ساڵەی کانگاکانی ئەڵماسی بەڕازیل هێشتا لە ساڵی 1823دا نەگەیشتووەتە نرخی بەرهەمهێنانی مامناوەندی یەک ساڵ و نیوی کشت و کاڵی شەکرو قاوەی ئەم وڵاتە، سەرەڕای ئەوەی بەرهەمهێنانی ئەڵماس پێویستی بە کارکردنی زیاترو دەرەنجام هێمای بەهای زیاترە. سەبارەت بەو کانگایانەی بەپیتترن هەر ئەوەندەش کار بە چەندێنییەکی گەورەتر لە ئەڵماس دەردەکەوێت، لەو ڕووەوە بەهای ئەم ئەڵماسانە کەمتر دەبێت. هەر کات بیانتوانیبا بە کەمێک کارکردن، خەڵوزی بەرد بکەنە ئەڵماس ئەگەری هەبوو بەهای ئەڵماس لەخوار خشتەوە دابنرێت.

بە گشتی هەرچەندە هێزی بەرهەمهێنانی کار گەورەترە، کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی شمەکێک کورتترە و هەرچەند بارستایی کارێک کە تیایدا بەرجەستە کراوە بچوکتر بێت بەهاکەشی بە هەمان ئەندازە کەمترە و بە پێچەوانەشەوە هەر چەند هێزی بەرهەمهێنانی کار بچوکترە بە هەمان ئەندازەش کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی شمەکێک درێژخایەنتر دەبێت و بەهاکەشی زیاترە.

کەواتا بڕی بەهای شمەکێک بەپێی ڕێژەی ڕاستەوخۆی بڕی کارو بەگوێرەی پێچەوانەی هێزی بەرهەمهێنانی کارێک کە تیایدا ڕاستی هەیە دەگۆڕدرێت.

ڕەنگە شتێک بەهای بەکارهێنان بێت، بەبێ ئەوە خۆی بەها بێت. بەمجۆرەیە لە هەندێک بواردا کە شمەکێک بەبێ پەیوەندیی کاری مرۆڤ، بۆ بنیادەم سوودمەند دەبێت. هەوا، زەوی دەست لێنەدراو، سەوزاییە سروشتییەکان، دارێک کە خۆڕسک دەڕوێت، لەم ریزەدان.

لەوانەیە شتێک هەم بەسوود و هەم بەرهەمی کاری مرۆڤ بێت بەبێ ئەوە ناوی شمەکی لەسەر دابنرێت. مرۆڤێک کە بە بەرهەمەکانی پێداویستیە تاکەکەسیەکەی چارەسەر دەکات هەڵبەت بەهای بەکارهێنان پێکدێت، بەڵام شمەک بەرهەم ناهێنێت.

بۆ ئەوەی شمەک وەبەربێنێت، پێویستە نەک هەر بەهای بەکارهێنان درووست بکات، بەڵکو بەهای بەکارهێنان وەبەربێنێت کە کەسێکی تر بتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت(15). واتا بەهایەکی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی دابین بکات و لە ئاکامدا هیچ شتێک ناتوانێت ببێتە بەها بەبێ ئەوەی لە هەمانکاتدا شتێکی شیاوی بەکارهێنان بێت. ئەگەر شتێک بێکەڵکە ئەو کارەی بۆی دەکرێت دەرنجامی نییە و ناونیشانی کاری لەسەر دانانرێت و بەهاش ناخوڵقێنێت.

2. تایبەتمەندیی دوولایەنەنی کار کە لە ناواخنی شومەکەکاندایە:

سەرەتا شمەک بە دوو شێواز بۆمان دەرکەوت: بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوێری. پاشان بینیمان کە خودی کار مادام لە بەهادا راڤە دەکرێت، ئەو تایبەتمەندییانەی کە وەک بەرهەمهێنەری بەهای بەکارهێنان پێوەی پەیوەست دەبێت نایپارێزێت.

من یەکەم کەسم کە دوو سروشتی کاری نهێنی لە شمەکدا ئاشکرا دەکەم(16)، چونکە ئەم خاڵە بۆ تێگەیشتنی زانستی ئابوری شتێکی بنەڕەتییە پێویستە قووڵتر لێی ورد ببینەوە.

دوو شمەک لەبەرچاو دەگرین، بۆ نموونە یەک دەسٹ جل و 10 باڵا قوماش، بۆ یەکەمیان بەهایەک هاوشانی دوو ئەوەندەی دووهەمیان دادەنێن بە جۆرێک ئەگەر 10 باڵا قوماشەکە=x بێٹ، یەک دەسٹ جل= x2 دەکاٹ.

جل بەهای بەکارهێنانە کە پێداویستییەکی تایبەٹ جێبەجێ دەکاٹ. بۆ بەرهەمهێنانی لەو جۆرە پێویستی بە جۆرێک چالاکی بەرهەمهێنانی تایبەٹ هەیە. ئەم چالاکییە بەندە لەسەر ئامانجەکەی، شێوەی جێبەجێکردنەکەی، بەرهەمی کار، کەرەستە و دەرەنجامەکەی. هەر کارێک کە سوودمەندییەکەی لە رێگای بەهای بەکارهێنانی بەرهەمەکەیەوە پیشاندراوە یان بەرهەمەکەی بەهایەکی بەکارهێنانە، بەشێوەی کورتکراوە پێی دەڵێین کاری بەسوود. لەم روانگەیەوە کار لە پەیوەندی لەگەڵ بەرهەمە سوودبەخشەکەیدا گرنگیی پێدەدرێٹ. هەر بەو جۆرەی کە جل و قوماش بەهای بەکارهێنانن کە لە بواری چۆنێتییەوە پێکەوە ناکۆکن، هەر ئەو بەشە کارە کە هۆکاری بوونی ئەوانەیە واتا بەرگدووری و جۆلایی لە بواری چۆناییەوە لێک جیاوازن. ئەگەر ئەم شمەکانە لەگەڵ چۆنێتی جۆراوجۆردا بەهای بەکارهێنان نەبوایا و دەرەنجام بەرهەمی کاری بەسوود بە چۆنیەتییە جیاوازەکانەوە نەبوایا، بە هیچ شێوەیەک نەیاندەتوانی لە بەرامبەر یەکدا وەک شمەک دابنرێن.

یەک دەسٹ جل لەگەڵ دەستێک جلی تردا، یەک بەهای بەکارهێنان لەگەڵ هەمان بەهای بەکارهێناندا ئاڵوگۆڕ ناکرێن. لە کۆمەڵەی جۆراوجۆری بەهای بەکارهێنان یان رەگـەزی شمەکی، کۆمەڵێک کـاری جیاوازی سوودبەخش دەبینرێن کە وەک خودی شمەکەکان لە بواری جۆر، رەگەز، خێزانی، پەل و تیرەوە پێکەوە جیاوازن. ئەمە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و مەرجی پێویستی بەرهەمهێنانی شمەکەکانە، بەڵام پێچەوانەکەی راسٹ

نییە واتا بەرهەمهێنانی شمەک مەرجی پێویستی بوونی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی نییە. لە ژیانی هاوبەشی هیندیە دێرینەکاندا کارکردن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دابەشدەکرا، بەبێ ئەوەی بەرهەمەکان بەشێوەی شمەک هاتبێتنە ئارا. یان لە نموونەیەکی نزیکتر لە خۆمان، لە هەموو کارگەیەکدا دابەشکردنی لۆجیکیی کارکردن بوونی هەیە، بەڵام ئەم دابەشکردنە لەبەر ئەوە نەهاتۆتە ئارا کە کرێکارەکان بەرهەمە تاکەکەسییەکانیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ بکەن. تەنها بەرهەمی کاری تاکەکەسی جیاوازو سەربەخۆ لە یەکتر توانایان هەیە وەک شمەک بەرامبەر بە یەکتر دابنرێن. کەواتا دەبینرێت کە لە بەهای بەکارهێنانی هەموو شمەکێکدا جۆرێک چالاکیی دەستنیشانکراوی مەبەستدار و وەبەرهێنەر یان کاری بەسوود شاردراوەتەوە.

تا کاتێک بەهای بەکارهێنانی ناوەڕۆکی ئەو کارە سوودمەندانە کە لە بواری چۆنێتییەوە لێک جیاوازن لە ئارادا نەبن، ناتوانن وەک شمەک لە بەرامبەر یەکتردا دابنرێن. لەو کۆمەڵگەیەدا کە بەرهەمەکانی بەگشتی شێوەی شمەک لەخۆ دەگرن واتا لە کۆمەڵگەیەکدا بەرهەمهێنەرانی شمەک، جیاوازیی چۆنێتی کارە بەسوودەکان کە سەربەخۆ لە یەکترو لەلایەن بەرهەمهێنەرانی تاکەکەسی خۆبەڕێوبەرەوە جێبەجێ دەکرێت، پێدەگات و سیستمێکی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی پێکدێنێت کە لقوپۆی زۆرە.

بەلای جلەوە هیچ فەرق ناکات کە لەبەر خودی بەرگدروەکەدا بێت یان کڕیاری بەرگدروەکە لەبەری بکات. لە هەردوو دۆخەکەدا جل ئەرکی بەهای بەکارهێنان جێبەجێ دەکات. هەروەها پەیوەندیی نێوان جل و ئەو کارەی ئەو وەبەردێنێت، لەم روانگەیەوە کە کاری بەرگدروەکە بووەتە پیشەیەکی تایبەت و ئەڵقەیەکی تایبەتی کاری کۆمەڵایەتی پێکهێناوە، ناگۆڕدرێت. لە هەر شوێنێکدا پێویستیی جل لەبەرکردن لە ئارادا بووبێت

مرۆڤ هەزاران ساڵا کاری بەرگدووری ئەنجامداوە بەبێ ئەوەی بەرگدرووێک بەم پیشەیەوە لێی هاتبێتە ئارا، بەڵام هەردەم بوونی جل، قوماش و هەر بەشێک لە سامانی ماددی کە خۆکرد لە سروشتدا بوونی نییە، پێویستی بە چالاکییەکی تایبەت، مەبەستدارو بە بەرهەم بووە تا بتوانێت ماددە سروشتیە دیاریکراوەکان لەگەڵ پێداویستییە دەست نیشانکراوەکانی مرۆڤدا ڕێکبخات.

لەمڕووەوە کار جیاواز لە هەموو شێوە کۆمەڵایەتییەکانی هەلومەرجی ژیانی مرۆیی، لەبەر ئەوەی کە بەدیهێنەری بەهای بەکارهێنان و چالاکیی سوودمەندە، پێویستییەکی سروشتیی نەمرە بۆ گۆڕینەوەی ماددەی نێوان مرۆڤ و سروشت، لەمڕووەوە بۆ ژیانی مرۆڤەکانە. بەهای بەکارهێنان، جل، قوماش و هەندێ شتی تر و بە کورتی چوارچێوەی شمەکەکان پێکهاتەیەکن لە دوو بەدیهێنەر: ماددە سروشتییەکان و کار. هەرکات کۆی هەموو کارە بەسوودە جۆراوجۆرەکان کە لە جل و قوماش و هەندێ شتی تردا شاردراوەتەوە کەمیان بکەینەوە، دیسانەوە چوارچێوەیەکی ماددی کە بەبێ دەستێوەردانی مرۆڤ بە شێوەی سروشتی بوونی هەیە و دەمێنێتەوە.

مرۆڤ لە بەرهەمهێنانەکانیدا تەنها دەتوانێت وەک خودی سروشت بجووڵێنەوە. واتا تەنها شێوازەکانی ماددە بگۆڕێت(17). لە سەرووی ئەوەشەوە هەر لەم جێبەجێکردنی گۆڕینی شێوازەدا مرۆڤ بە بەردەوامی بەهۆی هێزە سروشتییەکانەوە یارمەتی دەدرێت. کەواتا کار سەرچاوەی یەکەی بەهای بەکارهێنان نییە کە خۆی وەبەری دێنێت، هەروەها تاقانە سەرچاوەی سامانی ماددی نییە، بەپێی وتەی «ویلیام پتی» (18) کار باوکە و زەوی دایکیەتی.

ئێستا با لە شمەک وەک دیاردەیەکی بەکارهێنان تێپەڕ ببین و باسی بەهای شمەک بکەین. گریمان جل دوو ئەوەندەی قوماش بەهادارە، بەڵام ئەمە تەنها کەمترین جیاوازییە کە ئێستا سەرنجی نادەین، چونکە تەنها بیر لەوە دەکەینەوە ئەگەر بەهای یەک دەست جل (2) ئەوەندەی (10) باڵا قوماش بێت، (20) باڵا قوماش خاوەن هەمان بڕی بەهای جلەکە دەبێت.

جل و قوماش وەک بەها، شتگەلێکن کە ناواخنی یەکسانیان هەیە واتا دەربڕی هەمان کاری یەکەن، بەڵام بەرگدروون و چنین و رستن کارگەلێکن کە لە بواری چۆنایییەوە لێک جیاوازن. سەرەڕای ئەمەش هەندێک بارودۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی هەن کە تیایدا تاکەکەسێک بە نۆرە هەم کاری بەرگدرووی دەکات و هەم کارێکی رستن ئەنجامدەدات، بۆیە هێشتا ئەم دوو جۆر کارە جیاوازە ئەرکی بە تەواوی دەستنیشان نەکراوی کەسە جیاوازەکان تەنها ئاڵوگۆڕی کاری هەمان کەسی یەکەیە، کتومت بەو جۆرەی کاتێک بەرگدروو ئەمڕۆ قاتەکە و سبەی پانتۆڵەکە دەدۆرێت، جگە لە جۆراوجۆری کاری یەکەی تاکەکەسی شتێکی تر نییە، جیا لەوەش یەکەمجار وا دێتە بەرچاو کە لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، لەسەر ئەوەی کە کار لە بوارێک یان بوارێکی تردا خوازیاری هەبێت، بە بەردەوامی بەشێکی دیاریکراوی کاری مرۆڤ لە دۆخێکدا بەشێوەی دروومان و لە کاتێکی تردا بەشێوەی چنین و رستن دەخرێتەڕوو.

لەوانەیە ئەم ئاڵوگۆڕە لە شێوازی کاردا بەبێ رووبەڕووبوونەوە جێبەجێ نەبێت، بەڵام بەگشتی دەبێت ئاڵوگۆڕ رووبدات. هەر کات لە شێوازی دیاریکراوی چالاکی بەرهەمهێنانو دەرەنجام لە تایبەتمەندیی سوودمەندی کار چاوپۆشی بکرێت ئەو شتەی دەمێنێتەوە ئەمەیە کە کارەکە تەرخانکردنی بڕێک لە هێزی کاری مرۆڤە. سەرەڕای ئەوەی دروومان

و چنین و رستن لەرووی چۆنێتییەوە چالاکی بەرهەمهێنانیان جیاوازە، هەردووکیان بریتین لە بەبەرهەمی تەرخانکردنی هەستەکان، ماسولکەکان، دەمارەکان و دەستی مرۆڤ و..هتد.. بەم واتایە هەردووک بە کاری مرۆیی دەژمێردرێن. ئەمانە تەنها دوو شێوەی جیاوازن لە تەرخانکردنی هێزی کاری مرۆیی. روونە کە هێزی کاری مرۆیی بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەی جۆراوجۆر تەرخان بکرێت دەبێت خۆی تارادەیەک بەرەوپێش چووبووبێت، بەڵام بەهای شمەک تەنها نوێنەری کاری مرۆیی و بە گشتی تەرخانکردنی هێزی بنیادەمە.

هەر بەو جۆرەی کە لە کۆمەڵگای بورژوازیدا سوپاسالارێک یان کەسێکی بانکدار رۆڵێکی گرنگیان لە ئەستۆوە، لە حاڵێکدا بە پێچەوانەوە مرۆڤ رۆڵێکی هەژارانە دەگێڕێت(19)، لێرەشدا لەبارەی کاری مرۆییەوە وەهایە. ئەم کارە بریتیە لە تەرخانکردنی هێزێکی سادە کە لە دۆخی مامناوەندا هەر کەسێکی ئاسایی بەبێ پێگەیشتوویەکی تایبەت لە پێکهاتەی ئەندامەکانیدا هەیەتی. ئەوە راستە کە کاری سادەی مامناوەند بەگوێرەی وڵاتان و سەردەمانی شارستانیەت دەگۆڕێت، بەڵام هەردەم لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا دەستنیشانکراوە. کاری تێکەڵاو تەنها وەکو هێزی کاری سادەیە یان ئەگەر بمانەوێ وردتر باسی بکەین کەڕەتکراوی ئەوەیە. ئەزموون دەریدەخات ئەم گواستن و گۆڕینە بە بەردەوامی جێبەجێ دەبێت. شمەکێک دەتوانێت بەرهەمی تێکەڵاوترین کارەکان بێت.

بەهاکەی لەگەڵ بەرهەمی کاری سادەدا یەکسانی دەکات و دەرەنجام تەنها نوێنەری بڕێکی دیاریکراوی کاری سادەیە(20)، ئەو رێژە جۆراوجۆرانەی کە بەو پێیە جۆرە جیاوازەکانی کار بۆ کاری سادە وەک یەکەی هەڵسەنگاندنیان دەگوازرێنەوە بەبێ ئاگاداری بەرهەمهێنەران بەهۆی

کردارێکی کۆمەڵایەتییەوە دابین دەکرێن و لەمڕووەوە وەک دەستوری نەریتی بۆ بەرهەمهێنەران دەردەکەوێت.

بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانین مەسەلەکان راڤە بکەین و هەروەها ئەرکی شیکردنەوە و لێکدانەوە نەخەینە ئەستۆی خۆمان لەو لاپەڕانەی لەلای خوارەوە دێن، یەکسەر هەر جۆرە هێزێکی کار وەک کاری سادە لەبەرچاوی دەگرین. لەمڕووەوە هەر بەو جۆرە کە جیاوازی بەهای بەکارهێنانی جل و قوماش لەبەرچاو ناگرین هەر بەو جۆرەش سەبارەت بەو کارانەی کە لەم بەهایانەدا پیشاندەدرێن جیاوازی شێوە سوودمەندەکانیان لەبەرچاو ناگیردرێت. بەهای بەکارهێنانی جل و قوماش تێکەڵاوێکن لە چالاکییە بەرهەمەکان بە ئامانجی دیاریکراو، کە بە قوماش و بەن ئەنجامدەدرێن لە حاڵێکدا بەهای جل و قوماش بە پێچەوانەوە وێنایەکی سادەن لە کارە هاوشێوەکان، لەو ڕووەوە ئەو کارانەی تێکەڵ بەم بەهایەن نەک لەرووی پەیوەندی بە بەرهەمێک کە ئەوانە بە قوماش و بەنەوە بەیەک دەگەیەنێت، بەڵکو بە تایبەتی لەو بوارەوە کە دەربڕی دەرەکی کاری مرۆیین دەژمێردرێن.

بەرگدوری و جۆلایی کتومت دەرەنجامی چۆنیەتییە جۆراوجۆرەکانی خودی رەگەزە پێکهێنەرەکانی بەهای بەکارهێنانی جل و قوماشن، بەڵام ئەم چالاکییانە تەنها لە دۆخێکدا بە جەوهەری بەهای جل و قوماش دەژمێردرێن کە چۆنێتیی تایبەتیان لەبەرچاو نەگیردرێت و هەردووکیان ببنە خاوەن یەک چۆنێتی، چۆنێتی کاری مرۆییە، بەڵام جل و قوماش بە تەنها بەهایەکی گشتی نین، بەڵکو ئەمانە هەندێک بەهان لەگەڵ کۆبڕی دیاریکراودا. ئێمە وامان کردووە کە جل (2) ئەوەندەی (10) باڵا قوماش بەهادارە. ئەم ناکۆکییە لە بڕی بەهادا چۆن هاتۆتە ئاراوە؟ چونکە قوماش گەرەنتیکەری کاری نیواو نیوی جلەکەیە بەو جۆرەی کە دەبێت هێزی کار بۆ بەرهەمهێنانی جل(2)

ئەوەندە کاتی بۆ تەرخان بکرێت کە بۆ بەرهەمهێنانی قوماش پێویستە.

لەمڕووەوە ئەگەر کارێک کە شمەکدا شوێن خۆی دۆزیوەتەوە لەبارەی بەهای بەکارهێنان تەنها لە بواری چۆنێتییەوە دەژمێردرێن، کاری باسکراو سەبارەت بە بڕی بەها پاش ئەوەی بە بێ هیچ چۆناییەک تر گوازراوەتەوە بۆ کاری مرۆیی، تەنها لە بواری کەمترینەوە لێی دەڕوانرێت. لەوێ باس لەسەر چۆنایی و کام کارە، لێرەش باسەکە پەیوەستە بە چەندایەتی واتە ماوەی کاتەکەیە، چونکە بڕی بەهای شومەکێک تەنها نیشاندەری بڕی ئەو کارەیە کە لەخۆی گرتووە، لەمڕووەوە دەبێت گشت شمەکەکان لە رێژەیەکی دیاریکراودا خاوەن بەهای یەکسان بن. ئەگەر هێزی بەرهەمدەر واتا گشتگیربوونی کرداری سوودمەند کە بۆ بەرهەمهێنانی جل پێویستە جێگیر بێت، بڕی بەهای جلەکان لەگەڵ زیادکردنی رێژەکەیدا پێشدەکەوێت. ئەگەر یەک دەست جل هێمای x رۆژکار بێت، دوو دەست جل نیشاندەری x2 دەبێت و بە هەمان پێوەر، بەڵام وای دابنیین کە کاری پێویست بۆ دوورینی یەک دەست جل (2) ئەوەندە زیاد بکرێت، یان کەم بکرێتەوە بۆ نیو. لە یەکەمیاندا یەک دەست جل بە ئەندازەی (2) دەست جلی پێشۆ بەهای دەبێت و لە دووهەمیاندا(2) دەست جل بە ئەندازەی یەک دەست جلی پێشۆ بەهای دەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە لە هەردوو گریمانەکەدا جل هەردەم ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات و هەروەها چۆنێتیی کاری بە قازانج کە تیایدا گونجێنراوە هەروەک جاران بە باشی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو بڕە کارە کە بۆ بەرهەمهێنانی جل تەرخانکراوە گۆڕدراوە. بێ نرخیەکی گەورەتر لە بەهای بەکارهێنان بە شێوەی ئوتۆماتیکی سامانێکی مادی گەورەتر پێکدێنێت(2)، دەست جل زیاترە لە یەک دەست، کەواتا بە (2) دەست جل دەتوانین دوو کەسی پێدابپۆشێنین بەڵام بە یەک دەست جل تەنها دەتوانین یەک کەسی

پێدابپۆشین و..هتد. سەرەڕای ئەمەش ئەگەری هەیە زیادکردنی بارستای سامانی ماددی لە هەمانکاتدا نزیک بێت لە کەمکردنەوەی بڕی بەهاکەی، ئەم جووڵەیە کە ئاراستەی جیاوازی هەیە لە تایبەتمەندیی دوو لایەنەی کارەکە سەرچاوە وەردەگرێت.

بە شێوازی سروشتی هێزی وەبەرهێنەر، هەردەم برێتیە لە وزەی بەرهەمهێنانی کاری سوودمەندی دیاریکراو، لە راستیدا هێزی باسکراو تەنها پلەی کاریگەری چالاکی مەبەستدار و بە قازانج لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەستنیشان دەکات. لەمڕووەوە کاری بەسوود بەگوێرەی زیاد، یان کەمکردنی راستەوخۆی هێزی وەبەرهێنەر دەبێتە سەرچاوەی بەتوانا یان بێ هێزیی بەرهەمەکان. بە پێچەوانەشەوە گۆڕان لە هێزی وەبەرهێنەردا بە تەنهایی ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک کاریگەری هەبووبێت، لەو کارەی کە لە بەهادا راڤە کراوە. بەو گریمانەیەی کە هێزی وەبەرهێنەر بەندە لەسەر شێوەی سوودمەند و دەستنیشانکراوی کار، ئاشکرایە لەگەڵ ئەوەی کە لە شێوازی سوودمەند و دیاریکراوی کارەکە چاوپۆشی بکرێت ئەو هێزە ئیتر ناتوانێت کاریگەری لەسەر دابنێت. کەواتا لە ماوەیەکی کاتیی هەمان کاردا ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە هێزی وەبەرهێنەردا بێنە ئارا، بە بەردەوامی هەمان بڕ لە بەهاکە وەبەردێنێت، بەڵام لە هەمان ماوەی کاتیدا بڕی جۆراوجۆری بەهای بەکارهێنان دابین دەکات هەرکات هێزی وەبەرهێنەر زیاتر پێش بکەوێت و لە حاڵێکدا کەمتر نزم ببێتەوە،کەواتا هەمان گۆڕانکاری لە هێزی وەبەرهێناندا کە دەبێتە هۆی زیادبوونی وەبەرهێنانی کارو دەرەنجام دەبێتە هۆی زیادکردنی بارستای بەهای بەکارهێنان، لە حاڵێکدا کۆی کاتی پێویست بۆ بەرهەمهێنانیان کورتتر بکاتەوە، بڕی بەهای سەرجەم ئەم بارستاییە زیادکراوەیە کەم دەکاتەوە و بە پێچەوانەشەوە(21).

هەموو کارێک لە لایەکەوە بریتیە لە تەرخانکردنی بڕی هێزی مرۆیی بە واتای فیزیولۆجیکی وشەو بەم چۆنێتییەوە واتە کاری هاوشێوە و تایبەت بە مرۆڤ بەهای شومەکی بەدی دێنێت، لەلایەکی ترەوە هەموو کارێک خەرجکردنی بڕێک لە هێزی کاری مرۆییە بە شێوازی تایبەت و ئامانجی دیاریکراوە، بەم تایبەتمەندییەوە کە بریتیە لە کاری دەستنیشانکراوی سوودمەند بەهای بەکارهێنان وەبەردێنێت(22).

### 3. شێوەی بەها یان بەهای ئاڵوێری:

شمەکەکان بە شێوەی بەهای بەکارهێنان بە پێکهاتەی شمەکی دروست دەکرێن وەک ئاسن، قوماش، گەنم و..هتد. ئەمە شێوەی ڕەسەن و سروشتییانە، بەڵام ئەوانە لەمڕووەوە بە شمەک دادەنرێن کە لە هەمانکاتدا دوو لایەنیان هەیە: لە هەمانکاتدا کە شمەکەکان بۆ بەکارهێنانن هەڵگری بەهان. لەمڕووەوە شمەکە ناوبراوەکان تەنها لەم بوارەوە کە تایبەتمەندیی دوو شێوازەیان هەیە واتا شێوەی سروشتی شێوەی بەهان، بەشێوەی شمەک دەردەکەون یان تەنها شێوەی شمەکیان هەیە، راستی بەهای شمەکەکان لەم بوارەوە جیاوازە لەگەڵ «هارتیگ بێوەژن»(23) کە نازانیت دەبێت لە کوێ بیدۆزیتەوە، چونکە ڕاستەوخۆ لە خاڵی بەرامبەر ماددیبوونی هەستپێکراو و توندوتیژی پێکهاتەی شمەکەکان دانراوە، تەنانەت یەک ناوک(ئەتۆم) لە مادەی سروشتی لەگەڵ ڕاستییەکانی بەهادا نایەتەوە. لەمڕووەوە هەرچەند شمەکێک لە هەر لایەکەوە سەراونوقمی بکەن، ڕاستی بەهاکەی هەست پێنەکراو دەمێنێتەوە. ئەگەر بە بیرمانی بینینەوە کە شمەک تەنها لەو ڕوانگەیەوە ڕاستیی بەهایان هەیە، کە هێمای یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی کاری مرۆیین، لەمڕووەوە راستی بەهاکانیان بە تەواوی کۆمەڵایەتین، ئەوسا خۆی

له خۆیدا درکی پێدەکرێت کە ئەم ڕاستییە تەنها دەتوانێت لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی شومەک لە بەرامبەر شومەکدا دەربکەوێت. لە ڕاستیدا ئێمە لە بەهای ئاڵوگۆڕ یان پەیوەندیی ئاڵوێریی شمەکەکان بەرەو پێشەوە ڕۆیشتین تا ئەو بەهایە کە تیایدا شاردراوەتەوە بەدەستی بێنین. ئێستا پێویستە سەر لەنوێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو شێوە دەرکەوتنە لە بەها.

هەر کەسێک تەنانەت ئەگەر لە هیچ نەزانێت لەم خاڵە تێگەیشتووە کە شمەکەکان خاوەن یەک شێوەی هاوبەشی بەهان کە بە شێوازێکی زۆر بەرجەستە لەگەڵا شێوەی سروشتی و جۆراوجۆری بەهای بەکارهێنانیان ناڕێکە، ئەمە شێوەی هاوبەشی پارەیە.

لەم دۆخەدا پێویستە ئەو شتانەی کە ئابوری بورژوازی تەنانەت بۆ یەکجاریش لەو ڕێگایەدا هەوڵی نـەداوە ڕوون بکرێتەوە. واتە خوێندنەوە بۆ دەسپێکی دۆزینەوەی شێوەی پارە بکەین، لەمڕووەوە بۆ کامڵبوونی ئەکسپەرسیۆنی بەها بەدواداچوون بکەین کە لە پەیوەندیی بەهای شمەکەکاندا دانراوە لە سادەترین و شاراوەترین شێوازی دواخستنی شێوەکەی واتە شێوەی پارە. بەمجۆرە نهێنیی پارە بە شاراوەیی نامێنێتەوە.

بە شێوازی ئاشکرا سادەترین پەیوەندیی بەها ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان شمەکێکی دیاریکراو لەگەڵ شمەکێکی تر بەشێوەی جۆراوجۆر بوونی هەیە. کەواتە پەیوەندیی بەها لە نێوان دوو شمەکدا بۆ یەکێک لەوانە سادەترین ئەکسپەرسیۆنی بەهایە.

ئەلف شێوەی سادە، تاکەکەسی یان بەهای بەهەڵکەوت:

X شومەکی A= y شومەکی B یان شمەکی A خاوەن بەهای (y) ی شومەکی (B)یە.

"20 باڵا قوماش= یەک دەست جل یان بەهای 20 باڵا قوماش

بەرامبەرە بە یەک دەست جل».

1. دوو جەمسەری ئەکسپەرسیۆنی دەربڕینی بەها - شێوەی بەهای ڕێژەیی و شێوەی بەرامبەر:

نهێنیی هەر شێوەیەکی بەهادار لەمشێوە ساکارەی بەهادا حەشاردراوە. لەمڕووەوە شیکردنەوەی ئەمشێوەیە دژوارییەکی تایبەتی لەخۆی گرتووە.

دوو شمەکی جۆراوجۆری A و B: لە نموونەکەماندا قوماش و جل لێرەدا بە ئاشکرا دوو ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن. قوماش بەهاکەی لە جلدا پیشان دەدات و جل وەک کەرەستەی پیشاندانی دووهەم بەکار دەبرێت. شمەکی یەکەم ڕۆڵی چالاک و شمەکی دووهەم ڕۆڵی ناچالاک دەگێڕێت. بەهای شمەکی یەکەم بەشێوەی بەهای ڕێژەیی پیشاندراوە یان خۆی لە شێوەی بەهای ڕێژەییدا دۆزیوەتەوە. شمەکی دووهەم وەک بەرامبەر جێبەجێ بووە یان خۆی لە شێوەی بەرامبەردا دەدۆزێتەوە. شێوەی بەهای ڕێژەیی و شێوەی بەرامبەر چەندین ئاراستەن کە بەپێی پێویست گرێدراوی یەکترن، بەرامبەر بە یەک پێویستو پێویستکراوی یەکترنو لێکدانەبڕاون، بەڵام لە هەمانکاتدا لوتکەی بەرگریکەر و ناکۆک بەرامبەر بە یەکتر واتا جەمسەرەکانی ئەکسپەرسیۆنی بەهادار کە ئەوانە پێکەوە پەیوەند دەدات دابەشدەکرێت.

بۆ نموونە من ناتوانم بە خودی قوماشەکە بەهای قوماشەکە راڤە بکەم. 20 باڵا قوماش= 20 باڵا قوماشی ئەکسپەرسیۆنی بەهادار نییە. بە پێچەوانەوە هاوکێشەیەکی وەها زیاتر بەم واتایەیە کە 20 باڵا قوماش شتێک نییە جودا بێت لە 20 باڵا قوماش، واتا بڕێکی دیاریکراوە لە شتی سوودوەرگرتنی کە ناوی قوماشە. کەواتا بەهای قوماش هیچ

چارێکی تری نییە جگە لەوەی بەشێوەی ڕێژەیی و هەروەها لە شمەکێکی تردا دەربکەوێت. لەمڕووەوە شێوەی بەهای قوماش پێویستی بەمەیە کە شمەکێکی تر بەشێوەی هاوشان لە بەرامبەریدا دابنرێت.

لەلایەکی ترەوە ئەم شمەکە کە بەشێوەی هاوشانی لێهاتووە لە هەمان کاتدا ناتوانێت شێوەی بەهای ڕێژەیی هەبوو بێت. لە ڕاستیدا ئەوە خۆی نییە کە بەهاکەی پیشاندەدات. خۆی بە تەنها کەرەستەیەکە بۆ دەربڕینی بەهای شمەکێکی تر، هەڵبەت ئەکسپەرسیۆنی 20 باڵا قوماش= یەک دەست جل، بەهای 20 باڵا قوماش بەرامبەرە بە یەک دەست جل، لە هەمانکاتدا ئەوەی پێچەوانەکەی گەرەنتی دەکات، واتا یەک دەست جل= 20 باڵا قوماش یان یەک جل بەرامبەرە بە 20 باڵا قوماش، بەڵام بۆ ئەوەی ئەکسپەرسیۆنی ڕێژەیی بەهای جلەکە لەبەرچاو بگرین ناچارم هاوکێشەکە هەڵبگێڕینمەوە و لەگەڵ ئەوەی کە کردارێکی وا جێبەجێ بێت قوماش لە بری جل شێوەی هاوشان لەخۆ دەگرێت. کەواتا شمەکێکی یەکە ناتوانێت لە ئەکسپەرسیۆنی بەهای یەکەیەکی تردا بێت کە لە یەککاتدا بەکارهێنانی هەر دوو شێوەکە بێت. ئەم دوو شێوەیە جەمسەر ئاسا یەکتر دوور دەخەنەوە.

باسەکەمان لەسەر ئەوەیە ئایا شمەکێک لە شێوەی بەهای ڕێژەییدایە یان لە خاڵی بەرامبەر بەشێوەی هاوشان دانراوە کە بەشێوەی سنوردار گرێدراوی پێگەیەکە کە لە هەر نۆرەیەکی ئەکسپەرسیۆنی بەهاداردا بە دەستی دێنێت، واتا بەندە بەم خاڵە کە ئایا خۆی شومەکێکە کە بەهاکەی دەردەکەوێت یان شمەکێکە کە بە هۆیەوە بەها دێتە ئاراوە.

**2. شێوەی ڕێژەیی بەها:**

ا) ناوەڕۆکی شێوەی ڕێژەیی بەها:

بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بە چ شێوەیەک ئەکسپەرسیۆنی سادەی

بەهای شمەکێک لە پەیوەندیی بەهای دوو شمەکدا شاردراوەتەوە، پێش هەموو شتێک دەبێت جیا لە لایەنی کەمبوونەکەی سەرنجی ئەم پەیوەندییە بدەین. زۆرجار بە پێچەوانەی ئەم شێوازە هەڵسوکەوت دەکەن و لە پەیوەندیی بەهادا تەنها ڕێژەیەک دەبینن کە بەو پێیە بڕێکی دیاریکراو لە هەر دوو جۆر شمەکەکە بەهای یەکەیان پێدەوترێت.

لەبیری دەکەن کە بڕێک لە شمەکە جۆراوجۆرەکان پاش ئەوەی بۆ یەکەیەکی هاوبەش بگۆڕدرێن، لە بواری ڕادەی کەمترینەوە لەگەڵ یەکتردا دەبنە شیاوی پێوانەکردن. ئەوانە تەنها لەم ڕوانگەیەوە کە ئەکسپەرسیۆنی یەکەی هاوبەشن ناوەکانیان وەکو یەکە و دەرەنجام بڕی شیاوی پێوانە کردنن. 24 کاتێک 20 باڵ قوماش یەکسانە بە یەک یان 20 یان x دەست جل، بەم واتایەیە کە ڕادەیەکی دیاریکراو بە بڕێکی کەمتر یان زیاتر لە جلەکەیە یان هەرجۆرە گونجاندنێک لەم جۆرە دڵنیاکەری ئەوەیە کە قوماش و جل وەک ڕێژەی بەها، ئەکسپەرسیۆنی یەکەی هاوبەشن و شتێکن کە کرۆکی یەکەیان هەیە. قوماش=جل ئەمەیە بنەمای هاوکێشەیی، بەڵام ئەم دوو شومەکە کە لە بواری ڕادەوە بە یەکسان دانراون ڕۆڵی یەکە ناگێڕن. تەنها بەهای قوماش شرۆڤە کراوە، بەڵام بە چ شێوەیەک؟ لە ڕێگای پەیوەندییەکەوە کە لەنێوان کەسەکە و جلەکەدا وەک هاوسەنگبوونی خۆی یان وەکو شتێک کە لە بەرامبەریدا دەتوانێت ئاڵوێر بکرێت بوونی هەیە. لەم پەیوەندییەدا جل وەکو شێوازی هەبوونی بەها وەک شومەکێکی بەهادار دەژمێردرێت، چونکە تەنها لەم بوارەوەیە کە هاوشێوەی قوماشە.

لەلایەکی ترەوە بەهاداربوونی تایبەتی قوماش دەردەکەوێت یان شرۆڤەیەکی دەستنیشانکراو لەخۆ دەگرێت، چونکە بە شێوەی سنوردار بە بەها دادەنرێت کە خۆی بە جلی هاوشێوە بە بەها یان شومەکێکی شیاوی

ئاڵوگۆڕی تایبەت بە خۆی لە پەیوەندیدا دەبێت. (ئەسیدبوتیریک)و (فورمیات دو پروپیل)، دوو شومەکی جیاوازن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەردووکیان لە رەگەزی یەکەی کیمیایی پێکهاتوون: کاربون (C)، هایدرۆجین (H)و ئوکسیجین (O)، تەنانەت پێکهاتەیان یەک رێژەیە بەمشێوەیە: C4H6O2. ئێستا ئەگەر ئەسیدبوتیریک لەگەڵ فورمیات دوپروپیل لە هاوکێشەدا دایانبنین یەکەم: لەم پەیوەندییەدا فورمیات دوپروپیل تەنها وەک شێوەی هەبوونی C4H6O2 دابینکراوە، دووەم: وتوومانە ئەسید بوتیریک لە C4H6O2 پێکهاتووە. لەمڕووەوە کاتێک فورمیات دوو پروپیل لەگەڵ ئەسید بوتریک دا دەیانخەینە هاوکێشەوە کرۆکە کیمیاییەکەیان جیاواز لە شێوەی جەستەیی راڤەمان کردووە.

کاتێک دەڵێین: بەگوێرەی بەهاکان شومەکەکان تەنها برینین لە کاری بەرجەستەکراوی مرۆیی، لێکدانەوەمان ئەم شومەکانە دەگۆڕێت بۆ بەهایەکی بەرجەستەو پوخت، بەڵام هەرگیز شێوەی بەهاداری پێنادرێت کە جیاوازە لەگەڵ شێوازی سروشتیاندا، بەڵام لەبارەی بەهای شومەکی لەگەڵ شمەکێکی تر جیا لەم بابەتەیە. لێرەدا تایبەتمەندیی بەهای شومەکەکان کە لە دەرەنجامی پەیوەندییەکی تایبەت کە لەگەڵ شمەکەکانی تردا دەیدۆزێتەوە، دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت.

کاتێک بۆ نموونە جل وەک شومەکی بەهاداری هاوسەنگی قوماش دادەنرێت ئەو کارەی کە لە ناوەڕۆکی جلدایە لە پلەی هاوسەنگی کارێک بە ناواخنی قوماش دادەنرێت، بەڵام ئاشکرایە ئەو ژیانەی کە دابینکەری جلە کارێکی دیاریکراوە کە جیاوازە لەگەڵ چنین و ڕستن کە بەدیهێنەری قوماشە، هاوسەنگکردنی دروومان لەگەڵ چنین و ڕستندا کە بە کردەوە درووومان بۆ ئەو شتەی کە لە راستیدا لە هەموو جۆرە کارێکدا یەکسانە، واتە

بۆ تایبەتمەندیی هاوبەشیان کە بریتیە لە کاری مرۆیی دەگۆڕێت. بەمشێوە ناڕاستەوخۆیە لە هەمانکاتدا وتراوە لە بەر ئەوەی درووومان بەها دەدوورێت هەرگیز جیاوازیی نییە لەگە درووماندا، لەمڕووەوە کاری پوختی مرۆییە.

تەنها ئەکسپەرسیۆنی هاوسەنگی شمەکی جیاوازە کە تایبەتمەندیی شازی کاری بەبەرهەمی بەها ئاشکرا دەکات، چونکە ئەو کارانەی ناوەڕۆکی جیاوازیان هەیە لە شمەکی جۆراوجۆر، لە راستیدا بە گشتی دەگۆڕدرێن بۆ هۆکاری هاوبەشی خۆیان واتا کاری مرۆیی(25).

بەڵام ئەوەش بەس نییە کە تایبەتمەندیی هێمای کار کە بەدیهێنەری بەهای قوماشە دەربکەوێت. هێزی کاری مرۆیی لە دۆخی کاری مرۆییدا بەها پێکدێنێت، بەڵام خۆی بەها نییە. خۆی نابێتە بەها جگە لە دۆخی ئاوێتەبوون کاتێک شێوەی شتێک لەخۆ دەگرێت.

بۆ ئـەوەی بەهای قوماش وەک بەرجەستەبوونی کاری مرۆیی دەربکەوێت دەبێت لە «شتبوون»دا رەنگبداتەوە کە لە بواری ئەوەی ببێت بە شت لەگەڵ خودی قوماشەکەدا جیاوازە و لە هەمانکاتدا لەگەڵ شمەکەکانی تردا خاڵی هاوبەشی هەیە. ئەم بابەتە ئێستا چارەسەر کراوە.

جل لە پەیوەندیی بەهای قوماشدا لە بواری چۆنێتیی یەکسان و وەک شتێک لە کرۆکی یەکە لەبەرچاو گیراوە کە خۆی بەهایە. کەواتە لێرەدا جلەکە وەک شتێک کە بەهاکەی کاردانەوەی تیا هەبووە یان وەک شتێک کە لە شێوەی هەستپێکراو و سروشتی خۆیدا ناسێنەری بەهایە پەسەند کراوە، بەڵام جل واتە قەبارەی شومەکی کە جلی پێدەوترێت شتێکی سادەی بەکارهێنانە. هەروەها کە خوازراوترین و باشترین قوماش خۆی بە تەنهایی دەربڕی بەها نییە، هەروا یەک دەست جل زیاتر لەمە هێمای بەها نیە.

ئەم کارە لەوپەڕی ساکاریدا دەیسەلمێنێت کە جل لە پەیوەندی

بەهادا لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییەدا گرنگی هەیە، هەر بەوجۆرە کە هەندێک کەس بە جلی ئەفسەریەوە زیاتر گرنگی پەیدا دەکەن تا لە دەرەوەیدا. لە بەرهەمهێنانی جلدا بەشێوەی دروومان بڕێک هێزی کاری مرۆیی بەشێوەی راستەقینە بۆی تەرخانکراوە. لەو ڕووەوە بڕێک لە کاری مرۆیی تیایدا کەڵەکە بووە. لەم روانگەیەوە جلەکە «هەڵگری بەها»یە سەرەڕای ئەوەی کە ئەم تایبەتمەندییەشی لە توێی بەنەکانیەوە پیشان نەداتڤ و لە پەیوەندیی بەهای قوماشدا تەنها لەم لایەنەوە بە کەڵک دێت لەمڕووەوە وەک بەها وێناکراوە، وەک پێکهاتەی بەها شیاوی گرنگی پێدانە.

سەرەڕای ئەوەی قۆپچەی جلەکە داخراوە، قوماش ورەی هاوخێزانی و جوانی بەهاکەی تیایدا ناسیوە. هەروەها جل ناتوانێت لە بەرامبەر قوماشدا ناسێنەری بەها بێت جیا لەوەی کە لە هەمان دۆخی بەهادا بۆ قوماشەکە شێوەی جلێک لەخۆ بگرێت. هەروەها کەسێک کە بە A ناوی لێدەبەین ناتوانێت بۆ نموونە کەسێکی تر بەناوی B بە گەورەی خۆی دابنێت بەبێ ئەوەی لە هەمانکاتدا بۆ A گەورەبوون لە روخساری جەستەیی Bدا وێنا کرابێت و لەمڕووەوە لەگەڵ هەر باوکێکی نوێدا نەتەوە لە بواری روخسارو موو و زۆربەی شتەکانی تر بگۆڕدرێت.

کەواتا لە پەیوەندی بەهایەک کە جل تیایدا هاوشان لەگەڵ قوماشدا دێتەوە شێوەی جل وەک شێوەی بەها لەبەرچاو دەگیردرێت، لەمڕووەوە بەهای قوماشی شمەک لە پێکهاتەی پۆشاکی شمەکدا دەردەکەوێت و بەهای شمەکێک لە بەهای بەکارهێنانی شمەکێکی تردا دەردەکەوێت.

وەک بەهای بەکارهێنان قوماش شتێکە کە بە شێوەی هەستپێکراوی لە جلەکە جیاوازە، بەڵام وەک بەها «هاوشێوە»ی جلەو دەرەنجام وەک جل دەبینرێت. لەمڕووەوە شێوەیەکی بەهادار لەخۆ دەگرێت کە جیاوازە

لە شێوە سروشتییەکەی. بەهای هەبوونی لە بەرامبەر دانانی لەگەڵ جلدا ئاشکرا دەبێت، هەر بەوجۆرە کە ناواخنی مەڕی کەسێکی مەسیحی لە پێوانە لەگەڵ بەرخێکی خواوەندیدا دەردەکەوێت(26)، بەو بەشەی کە دەبینرێت ئەو شتەی کە لێکدانەوەی بەهای شمەک پێی پیشاندابووین، خودی قوماشەکە هاوکات لەگەڵ شمەکێکی تر وەک جل پەیوەندی دەگرێت و خۆی پێمان دەناسێنێت، بەڵام بیروڕای خۆی لە ڕێگای تەنها زمانێک کە دەیزانێت واتا زمانی شمەک دەریدەخات. بۆ دەربڕینی ئەوەی کە کار لە چۆنێتی پوختی کاری مرۆییدا سەرچاوەی بەهاکەیەتی دەڵێت جل تا ئەو ئاستەی هاوشانی دەبێت ئەوە بەهایە و پێکهاتەی هەمان ئەو کارەیە کە قوماشی لێ هاتۆتە ئارا.

بۆ دەربڕینی ئەم مەسەلەیە کە راستیی والای بەهاکەی جیاوازە لەگەڵ رەگەزی زبری قوماشی گونیە و خەراری پێکهاتەکەیدا، دەڵێت بەها بەشێوەی جل دەردەکەوێت، لەمڕووەوە خۆی وەکو شتێکی بەهادار بۆ نموونە وەک دوو هێلکە کە هاوشێوەی یەکترن لەگەڵ جلدا یەکسانە. هەروەها با ئاماژە بەم خاڵە بدەین کە زمانی شمەکی جیا لە زمانی عیبری زاراوەی زۆری هەیە کە تا رادەیەک دەقاودەقن. بۆ نموونە وشەی ئەڵمانی Wertsein کەمتر لە فرمانی گەردان ( valere, valer, valoir) ئەم خاڵە بەرجەستە دەکات کە هاوسەنگدانانی شومەکی (B) لەگەڵ شومەکی (A) دا برینیە لە دەربڕینی بەهای شومەکی (A). «بەهای پاریس یەک نوێژە»(27).

بەپێی ئەوەی رابورد لە ڕێگای پەیوەندیی بەهادارەوە، شێوەی سروشتی شومەکی (B) دەگۆڕدرێت بۆ شێوەی بەهای شومەکی (A). بە واتایەکی تر پێکهاتەی شومەکی (B) دەبێتە ئاوێنەی بەهای رووکاری شومەکی (A). (2) دەرەنجام دابینکردنی پەیوەندی لەگەڵ شومەکی (B) کە بە واتای چوارچێوەی بەهاو وێنای کاری مرۆیی لەبەرچاو دەگیردرێت، شومەکی(A) بەهای بەکارهێنانی (B) بە هۆکاری

کاریگەری بەهای خۆی دایدەنێت. بەهای شومەکی (A) کە بەمجۆرە بەهۆی بەهای بەکارهێنانی شومەکی (B) دەردەکەوێت شێوەی ڕێژەی بەهای تێدایە.

**ب) دیاریکردنی ڕادەی شێوەی ڕێژەیی بەها:**

هەر شمەکێک کە بەهاکەی دەبێت دەربکەوێت ڕادەیەکی دیاریکراوە لە شتێکی بەکارهێنان، بۆ نموونە (15) شفێلا 29 گەنم، (100) فۆند30 قاوەو..هتد. ئەم ڕادە دیاریکراوە لە شمەک ڕێژەیەکی دەستنیشانکراوی کاری مرۆییە. کەواتا ئەرکی شێوەی بەها تەنها دەربڕینی بەها نییە بە گشتی، بەڵکو دەبێت بەها لەگەڵ ڕادەیەکی دیاریکراو یان بڕی بەهاکەی دەربخات. لەمڕووەوە لە پەیوەندیی بەهای نێوان شومەکی (A) و شمەکی B (قوماش و جل)، پۆشاکی شومەک بە گشتی نەک هەر وەک پێکهاتەی بەهادارو لە بواری چۆناییەوە دوو ئەوەندەی قوماش دانراوە، بەڵکو بڕی دیاریکراو لە قوماش (بۆ نموونە 20 باڵا) لە بەرامبەر بڕێکی دیاریکراو لە پێکهاتەی بەهادار یان بەرامبەر، بۆ نموونە یەک دەست جل دانراوە.

هاوکێشە: 20 باڵا قوماش= یەک دەست جل یان 20 باڵا قوماش بەرامبەرە بە یەک دەست جل، ئەوە گەرەنتی دەکات کە لەم دەست جلەدا کنومت هەمان ئەندازە جەوهەری بەهادار بوونی هەیە کە لە 20 باڵا قوماش دا هەیە، لەمڕووەوە بۆ هەردووی ئەم بێنرخییەی شمەکی بڕێکی یەکسان لە کار بەکارهاتووە یان هەمان ئەندازە کات بۆ کارەکە تەرخانکراوە. بەڵام کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی 20 باڵ قوماش یان یەک دەست جل لەگەڵ هەر جۆرە گۆڕانکارییەک کە لە هێزی وەبەرهێنەری چنین و ڕستندا بیرەوەری و ژیان بەرهەمدێت، دەگۆڕدرێت. ئەو کاریگەرییەی کە شێوەی ئەم گۆڕانکارییانە لە ئەکسپەرسیۆنی ڕێژەیی بڕی بەها بە کاری دێنن، دەبێت وردتر خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

I. بەهای قوماش دەگۆڕدرێت (31) لە حاڵێکدا بەهای جل وەک خۆی دەمێنێتەوە.

ئەگەر کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی قوماشی لۆکە لە دەرەنجامی بەپیت نەبوونی لە رادەبەدەری ئەو زەوییە کە لۆکەکەی تیا وەشێنراوە (2) ئەوەندە زیاد بکرێت، بەهای قوماشەکەش (2) ئەوەندە زیاد دەکرێت. لە بری هاوکێشەی (20) باڵ قوماش= یەک دەست جلمان دەبێت، (20) باڵ قوماش= (2) دەست جل، چونکە یەک دەست جلی تر تەنها نیوی لەکاتی کارەکە بووە کە (20) باڵ قوماشەکە هەیبووە. بە پێچەوانەشەوە گریمان لە ئەنجامی کامڵبوونی کەرەستەی جۆلایی کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی قوماش بۆ نیو کەم ببێتەوە، ئنجا بەهای قوماش بۆ نیو کەمدەبێتەوە. ئەم شتەمان لەبەردەستدا دەبێت: (20) باڵ قوماش= (½)ی جل. کەواتا بەو مەرجەی کە بەهای شومەکی (B) وەک خۆی بمێنێتەوە.

II. بەهای قوماش بە نەگۆڕ شیمانە دەکەین لە حاڵێکدا بەهای جل بگۆڕدرێت.

ئەگەر لەم بارودۆخەدا کاتی کاری پێویست بۆ بەرهەمهێنانی جل (2) ئەوەندە ببێت، بۆ نموونە لە دەرەنجامی نەگونجاوبوونی بەرهەمی خورییەکە (32) ئنجا لە بری (20) باڵ قوماش=یەک دەست جل ئەم شێوەیەمان دەبێت: (20) باڵ قوماش = (½)ی جل. بە پێچەوانەوە ئەگەر بەهای جل کەم ببێتەوە بۆ نیو، (20) باڵ قوماش=یەک دەست جل. کەواتا ئەگەر بەهای شومەکی (A) نەگۆڕ بێت بەها رێژەییەکەی کە بەهۆی شومەکی (B) دەرکەوتووە بەگوێرەی پێچەوانەی گۆڕینی بەهای (B) زیاد دەکرێت یان کەمدەبێتەوە.

هەروەک چۆن هەندێک بواری جۆراوجۆر لە تەوەرەکانی I و I I باسکرا ئەگەر لەگەڵ یەکدا پێوانە بکرێن وا ئەنجام وەردەگرین کە گۆڕانکاری لە بڕی بەهای ڕێژەییدا ڕەنگە لە هۆکارگەلی زۆر ناکۆک سەرچاوە وەربگرێت. بەمشێوەیە یەکەم: هاوکێشەی (20) باڵ قوماش= یەک دەست جل دەگۆڕدرێت بۆ هاوکێشەی (20) باڵ قوماش= دوو دەست جل، چ لەم بوارەوە کە بەهای قوماش (2) ئەوەندە زیادی کردووە یان بەو هۆیەوە کە بەهای جل بۆ نیو کەم بووەتەوە، دووهەم: لەبەر ئەوە نیوی لە بەهای قوماشەکە کەم بووەتەوە یان لەبەر ئەوە کە بەهای جلەکە زیادی کردووە هەمان هاوکێشە دەگۆڕدرێت بە شێوەی (20) باڵ قوماش = (½)ی جل.

I I I. لەوانەیە بڕی کاری پێویست بۆ وەبەرهێنانی قوماش و جل هەر دوو پێکەوە لە یەک ئاراستە و بە یەک ڕێژە بگۆڕدرێت. گۆڕانکاریی بەهاکان بە هەر شێوازێک بێت لەمبارەیەوە وەکو جاران هاوکێشەی (20) باڵ قوماش=یەک دەست جلمان دەبێت. بۆ دۆزینەوەی گۆڕانکاری بەهاکانیان دەبێت ئەم شمەکانە لەگەڵ شمەکی سێهەمدا پێوانە بکەین کە بەهاکەی نەگۆڕ ماوەتەوە. کەواتا ئەگەر بەهای گشتی شمەکەکان لە یەک کات و بە یەک ڕێژە پێش بکەوێت یان کەم بکات لە بەهای ڕێژەییاندا هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات. گۆڕانکاری ڕاستەقینەی بەهاکانیان بەو جۆرە دەناسرێت کە ئێستا بەشێوەی گشتگیر لە هەمان کاتی کاریدا بڕی شمەک بە گوێرەی جاران زیاتر یان کەمتر دێتە ئاراوە.

IV. کاتە پێویستەکان بۆ بەرهەمهێنانی قوماش و جل، دەرەنجام بەهای ئەم شتانە پێکەوە لە یەک ئاراستەدا، بەڵام بە پلەی جۆراوجۆر بگۆڕدرێن یان بە پێچەوانەی ئاراستەی یەکتر بگۆڕدرێن و..هتد.

لەوانەیە کاریگەری گشتگیری ئەم پێکهاتانە لە بەهای ڕێژەیی یەک

شومەکدا بە شێوەی ساکار بەپێی تەوەرەکانی I، I I،I I I دیاری دەکرێت. لەمڕووەوە ئەو گۆڕانکارییە راستەقینانەی کە لە بڕی بەهادا بە دەست دێت نە بەشێوەی ئاشکراو نەش بودجەی یەکانگیر لە ئەکسپەرسیۆنی رێژەیی یان لە بڕی بەهای رێژەییدا رەنگ ناداتەوە.

ئەگەری هەیە بەهای رێژەیی شمەکی سەرەڕای ئەوەش کە بەهاکەی جێگیر ماوەتەوە بگۆڕدرێت. هەروەها ئەگەری هەیە بەها رێژەییەکەی لەگەڵ گۆڕانکاری بەهادا سەقامگیر بمێنێتەوە و لە ئاکامدا بە هیچ شێوەیەک پێویست ناکات کە گۆڕانکارییەکانی نزیک لە یەک لە بڕی بەها یان لە ئەکسپەرسیۆنە رێژەییەکەیدا پێکەوە هەڵبسەنگێندرێن(33).

**3. شێوەی بەرامبەر:**

وەک بینرا هەر ئەم مەسەلەیە کە شومەکی A (قوماش) بەهاکەی لە بەهای بەکارهێنانی شومەکی جۆراوجۆری تر (جل) دەردەخات، شێوەیەکی تایبەت لە بەها واتە شێوەی بەرامبەرەکە دەسەپێنێتە سەر دوایین شومەک دا. قوماش لەو گۆشەنیگایەوە بوونی بەهای تایبەتی خۆی ئاشکرا دەکات کە جل بەبێ پەسەندکردنی شێوەیەکی تری بەها جیا لە شێوازی پەیکەرێتیەکەی لەگەڵیدا بۆ گۆڕینەوە دانراوە. لەمڕووەوە لە راستیدا قوماش تایبەتمەندیی بەها تایبەتەکەی بەو بۆنەیەوە کە راستەوخۆ لەگەڵ جلدا شیاوی ئاڵوگۆڕە دەریدەبڕێت. کەواتا شێوەی بەرامبەری هەموو شومەکێک بریتیە لە شێوەی پەسەندکردنی ئاڵوگۆڕی راستەوخۆی ئەو شمەکە لەگەڵ شمەکێکی تردا.

جیا لەوەش کاتێک جۆرێک شمەک، بۆ نموونە جل وەکو بەرامبەر بۆ شومەکێک لە جۆری تر وەکو قوماش بەکار دێت و ئەوسا جل ئەم تایبەتمەندییە تایبەتە لەخۆ دەگرێت کە راستەوخۆ لە پلەی ئاڵوگۆڕ دادەنرێت، بەهیچ شێوەیەک رێژەییەک کە بەو پێیە جل و قوماش لە بەرامبەر یەکدا شیاوی

ئاڵوگۆڕن ئەنجامی لێوەرنەگیراوە، چونکە بڕی بەهای قوماش دیاریکراوە، ئەم ڕێژەیە بەندە لەسەر بڕی بەهای جلەکە بەو واتایە کە جل وەکو بەرامبەر و قوماش لە پلەی بەهای ڕێژەیی دانرابێت یان بە پێچەوانەوە، بڕی بەهای جل بەندە بەو کاتە کارییەی کە بۆ بەرهەمهێنانی پێویستە، لەمڕووەوە جیا لە شێوە بەهاکەی دەستنیشان دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگە شمەکی لە ئەکسپەرسیۆنی پلەی هاوشان داگیرکرد، قوربی بەهاکەی ئیتر وەکو قوربی بەهادار پیشان نادرێت. لە هاوکێشەی بەهادا شمەکی ناوبراو زیاتر ناسێنەری بڕی دیاریکراوە لە شتێکی تر. بۆ نموونە بەهای (40) باڵ قوماش بەرامبەر بە چییە؟ بەرامبەر (2) دەست جلە، چونکە لێرەدا پۆشاکی شمەک ڕۆڵی بەرامبەر دەگێڕێتو بەهای بەکارهێنانی جل لە بەرامبەر قوماشدا پێکهاتەی بەها وێنا دەکات، بڕێکی دیاریکراو لە جل بەسە بۆ ڕاڤەکردنی بڕێکی دەستنیشانکراو لە بەها بەشێوەی قوماش.

کەواتە (2) دەست جل دەتوانێت بڕی بەهای (40) باڵ قوماش پیشان بدات، بەڵام هەرگیز ناتوانن دەست نیشانکەری بڕی بەهای تایبەتی خۆی واتە قوربی بەهاداری پۆشاکی شمەک بن.

تێگەیشتنی ساکار لەم مەسەلەیە کە لە هاوکێشەی بەهاداردا هاوشان تەنها شێوەی کەمترین سادەیە لە شتێک واتا لە بەهای بەکارهێنانی لەخۆ گرتووە، «بیلە» و کەسانی دێرین و لاینگرەکانی بە هەڵەدا بردووە کە ئەکسپەرسیۆنی (دەربڕینی) بەهادار تەنها بە پەیوەندیی کەمترینی سادە دابنێن. لە حاڵێکدا کاتێک شمەکێک شێوەی بەرامبەر لە خۆ دەگرێت هیچ جۆرە هێمایەک کەمترینی بەها نییە.

یەکەمین تایبەتمەندی کە لەسەر خوێندنەوەی شێوەی بەرامبەر سەرنجمان ڕادەکێشێت وەکو لای خوارەوە: بەهای بەکارهێنان شێوەی

دەرکەوتنی پێچەوانەکەی واتا دەبێتە بەها. شێوەی سروشتی شمەک دەبێتە شێوەی بەهاکەی، بەڵام دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین کە ئەم چاوبەسکردنە لە شمەکی B (جل یان گەنم یان ئاسن و جیا لەوانە)، لە بەرامبەریدا دادەنرێت و تەنها لە ناواخنی ئەم پەیوەندییەدا جێبەجێ دەبێت، چونکە هیچ شمەکێک ناتوانێت وەک بەرامبەر لەگەڵ خۆیدا لە پەیوەندیدا بێت، لەمڕووەوە توانای نییە پێکهاتە سروشتیەکەی بکاتە دەستنیشانکەری بەها تایبەتەکەی خۆی- ناچارە سەرنجی شمەکێکی تر بداتە کە وەک بەرامبەر دادەنرێت و لە پێکهاتەی سروشتی شمەکێکی تر شێوازە بەها تایبەتەکەی خۆی بونیاد بنێت.

نموونەیەک لە ئەندازەگرتن کە تیایدا پێکهاتەی شمەکەکان لە بواری فیزیاییەوە، واتا وەکو بەهای بەکارهێنان لەبەرچاو دەگیردرێن، ئەو باسانەی کە وتراوە روونتری دەکاتەوە. هەویری شەکر چونکە فیزیکییە قورسە لەمڕووەوە کێشی هەیە، بەڵام ناتوانرێت کێشی هیچ جۆرە هەویری شەکر ببینرێت یان هەستی پێبکرێت. ئێستا پارچە جۆراوجۆرەکانی ئاسن ئەندازە بگرین کە پێشتر کێشەکانیان دیاریکراوە. شێوەی ماتریالی ئاسن خۆی لە خۆیدا زیاتر لە شێوەی مادەیی هەویری شەکر هێمای قورسایی نییە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش بۆ ئەوەی هەویری شەکر لە بواری کێشەوە دەرببڕین لەگەڵ ئاسندا لە پێوانەی کێش دایاندەنین. لەم پەیوەندییەدا ئاسن وەک شمەکێک پەسەندکراوە کە کێش ناسێنەری شتێکی تر نییە. کەواتا بڕێکی ئاسن وەک پێوەری ئەندازەگرتنی کێشی شەکر بەکاردێن و لە بەرامبەر مادەبوونی شەکردا جگە لە شێوەی کێش، واتا شێوەی دەرکەوتنی قورسایی ناسێنەری شتێکی تر نین، بەڵام ئاسن تەنها ئەم رۆڵە لەناو پەیوەندییەکدا دەگێڕێت کە لە بەرامبەر شەکر یان مادەیەکی تر دایدەنێت کە دیاریکردنی کێشەکەی گرنگە بەلامانەوە. ئەگەر هیچکام لەو دوو

مادەیە کێشیان نەبوو، ناتوانن لە پەیوەندییەکی وا دابنرێن، لەمڕووەوە ئەگەری نەبوو یەکێک وەک دیاریکەری کێشێکی تر بەکار بێت. ئەگەر هەردووکیان بخەینە ناو تەرازوویەک دەبینین لە راستیدا لە بواری قورساییەوە وەکو یەکن، لەو ڕووەوە لە ڕێژەیی دیاریکراودا یەک کێشیان هەیە.

لە بواری قەبارەی کێشەوە، ماددەی ئاسن لە بەرامبەر هەویری شەکردا تەنها ناسێنەری قورساییە و بەس. هەر بەوجۆرە کە لە ئەکسپەرسیۆنی بەهاداردا قەبارەی جل لە بەرامبەر قوماشدا جگە لە بەهای ناسێنەر شتێکی تر نییە، بەڵام ئەم هاوشێوەییە زیاتر لەمە دوور ناکەوێتەوە. لە ئەکسپەرسیۆنی کێشی هەویری شەکردا ئاسن نوێنەری تایبەتمەندییەکی سروشتی هاوبەشی هەر (2) مادەکە واتا قورساییە لە حاڵێکدا لە ئەکسپەرسیۆنی بەهای قوماش، جل نوێنەری تایبەتمەندیی سەرووی سروشتی ئەو دوو شتەیە واتە خودی بەها بە تەواوی کۆمەڵایەتیە.

هەر ئەم کارەش کە شێوەی ڕێژەیی بەها، بەهای شمەکێک وەک قوماش بە شێوەی شتێک راڤە دەکرێت کە بە سروشتی لەگەڵ ماددەی قوماش و تایبەتمەندییەکەی دا ناڕێکە بۆ نموونە هاوشێوەی جل دادەنرێت، پیشاندەدات کە ئەم ئەکسپەرسیۆنە لە خۆیدا پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی شاراوەی هەیە، بەڵام لەبارەی شێوەی بەرامبەر پێچەوانەی ئەم دۆخەیە. ئەم شێوەیە بە وردی برێتیە لە قەبارەی شمەکێک وەک جل کە بە هەمان شێوە و پەیکەرەکەی دەستنیشانکەری بەهایە، لەمڕووەوە بەشێوەی سروشتی شێوەیەکی بەهادارە.

راستە ئەم تایبەتمەندییە بە ئەنجام ناگات جیا لەوەی کە قوماش لەگەڵ جل کە وەک بەرامبەر لەبەرچاو گیراوە لە ناواخنی پەیوەندیی بەهادار دابنرێت، چونکە تایبەتمەندی شمەکێک سەرچاوە وەرناگرێت

لەو پەیوەندییەی نێوانی لەگەڵ شتەکانی تر، تەنها ئەم تایبەتمەندییە لەو پەیوەندییەدا زیاتر بەرجەستە دەبنەوە. کەواتا وادیارە کە جل بە شێوەی سروشتی خاوەن شێوەی بەرامبەرو هەر بەوجۆرە کە قورسایی و گەرم راگرتن تایبەتمەندییەتی، ئەم تایبەتمەندییەشی هەیە کە راستەوخۆ شیاوی ئاڵوگۆڕە. لەبەر ئەوەیە تایبەتمەندییە نهێنی ئاساکەی بەرامبەربوون کە بۆچوونی نەگیرسی بـورژوازی ئابوریزان کاتێک سەرنجی بۆ لای خۆی رادەکێشێت کە شێوە ئامادەکەی واتا پارە لە بەرامبەریدا دادەنرێت، ئینجا هەوڵدەدات بۆ نەهێشتنی ئەم خووە عیرفان ئاساییەی زێڕو زیوی شمەکەکان کە کەمتر سەرنجڕاکێشن لەبری ئەوانە دابنێت و پاشان بە چێژێکی نوێتر پێڕێستێک بە بێهوو دووپات بکاتەوە لە هەموو ئەو شمەکانەی رۆژێک لە رۆژان رۆڵی بەرامبەریان گێڕاوە. خافڵاوە لەوەی سادەترین ئەکسپەرسیۆنی بەها بۆ نموونە (20) باڵ قوماش= یەک دەست جل خۆی شیکاری شێوەی بەرامبەر بە ئەنجام دەگەیەنێت.

قەبارەی شمەکێک کە وەک بەرامبەر بەکاردێت بـەردەوام وەکو وێنای کاری تایبەتی مرۆیی دەژمێردرێت و هەروەها ئاکامی کاری بە قازانج و دیاریکراوە. لەمڕووەوە ئەم کارە دیاریکراوە دەبێتە دەربڕی کاری تایبەتی مرۆیی. بۆ نموونە ئەگەر جل وەکو راستییەکی ساکار دابنرێت ئەو شتەی کە لە راستیدا بەهۆی کاری دروومان تیایدا بەدیهاتووە تەنها بە واتای شێوەی روودانی کاری تایبەتی مرۆیی دادەنرێت.

لە ئەکسپەرسیۆنی بەهای قوماشدا سوودبەخشبوونی کاری بەرگدروو بەم هۆیەوە نییە کە جلی دووریوە و بە پێچەوانەوە دەرەنجام خەڵکێکی پێ درووستکردووە (34)، بەڵکو لەوەدایە کە قەبارەیەکی پێکهێناوە کە بەهای هەبوونی سەرنجڕاکێشە و لەمڕووەوە بەرجەستەکراوی کارێکە کە بە

هیچ شێوەیەک جیاواز نییە لەو کارەی کە روویداوە لە بەهای قوماشدا. بۆ ئەوەی کاری بەرگدوور بتوانێت ببێتە ئاوێنەی بەهایەکی وەها نابێت لە شتێکی تردا رەنگبداتەوە، جگە لە تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی کە هەمان کاری مرۆڤبوونە. لە چوارچێوەی درووماندا وەک چنین و ڕستن هێزی کاری مرۆیی تەرخان دەبێت. کەواتە ئەم دوو جۆر چالاکییە خاوەن تایبەتمەندیی هاوبەشی کاری مرۆڤبوونیان تێدایەو لەمڕووەوە لە هەندێک بواری دیاریکراودا، بۆ نموونە لەبارەی بەرهەمهێنانی بەها ئەگەری هەیە تەنها لەم بوارەوە سەرنجیان بدرێت. لێرەدا هیچ شتێکی نهێنی ئاسا لە ئارادا نیە، بەڵام لە ئەکسپەرسیۆنی بەهادا مەسەلەکە ئاڵۆز دەبێت. بۆ نموونە بۆ دەربڕینی ئەوەی کە چنین و ڕستن نەک لە شێوەی دیاریکراوی چالاکێتی جۆلایی بەڵکو لە تایبەتمەندی گشتگیریدا وەکو کاری مرۆیی پێکهێنەری بەهای قوماشە، بەرگدووریی واتە کارێکی دیاریکراو کە هاوشانی قوماش بەرهەم دێنێت، وەکو شێوەی هەستپێکراوی بەدیهاتووی کاری تایبەتی مرۆیی لە بەرامبەری دادەنرێت.

لەمڕووەوە تایبەتمەندییەکی تر لە شێوەی بەرامبەر بەدەست دێنن. کاری دیاریکراو دەبێتە شێوەی بەرجەستەی پێچەوانەکەی واتە کاری تایبەتی مرۆیی، بەڵام چونکە ئەم کارە دەستنیشانکراوە واتە بەرگدووریی جگە لە دەربڕینی سادەی کاری بێسەرنجی مرۆیی شێوەی یەکسانی هەیە لەگەڵ کارێکی تر کە لە قوماشدا شاردراوەتەوە، لەمڕووەوە سەرەڕای ئەوەی وەکو هەر کارێکی تری وەبەرهێنەری شومەک تاکەکەسییە لە هەمان کاتدا کارێکە راستەوخۆ شێوەی کۆمەڵایەتی هەیەو کتومت لە بەر ئەم هۆکارەیە کە ئەو کارە لە بەرهەمێکدا راستی لەخۆ دەگرێت کە راستەوخۆ لەگەڵ شومەکێکی تردا شیاوی ئاڵوگۆڕە. کەواتە ئەمە سێهەمین تایبەتمەندی شێوەی بەرامبەرە

کە کاری ئاکەکەسی بە شێوە پێچەوانەکەی دەگۆڕدرێت واتا بۆ ئەو کارەی کە راستەوخۆ شێوەی کۆمەڵایەتی هەیە.

بۆ ئەوەی دیسانەوە دوو تایبەتمەندیی دوایین شێوەی بەرامبەر درکی پێبکرێت سەردانی لێکۆلەرێکی گەورە دەکەین کە یەکەمین جار وەک زۆربەی شێوەی ئەندێشەیی، کۆمەڵایەتی و سروشتی، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ شێوەی بەها کردووە. دەمانەوێت باسی ئەرەستۆ بکەین، سەرەتا ئەرەستۆ بە راشکاوی دەڵێت شێوەی پارەی شمەکی جیا لە کامڵبوونی شێوەی سادەی بەها واتا دەربڕینی بەهای شمەکێک لە شمەکێکی تردا شتێکی تر نییە. لە راستیدا وا دەڵێت:

« هاوکێشەی 5 قەرەوێڵە= یەک خانوو لەگەڵ هاوکێشەی 5 قەرەوێڵە= ئەو بڕە پارەیە ئەوفیری نییە»(35). لە سەرووی ئەمەشەوە تێدەگات کە پەیوەندی بەهادار کە لەم ئەکسپەرسیۆنی بەهایەدا شاردراوەتەوە خۆی ناچار دەبینێت کە خانوو لە بواری چۆنێتییەوە یەکسان لەگەڵ قەرەوێڵە دانرابێت و ئەم شتانە کە بە شێوازی هەستپێکراو لە یەکتر جیاوازن بە بێبوونی یەکسانی سروشتی ناتوانن وەکو کەمترینی شیاوی هەڵسەنگاندن پێکەوە پێوانە بکرێن. دەڵێت: «هاوکێشە ناتوانێت بەبێ یەکسانی بوونی هەبووبێت، بەڵام یەکسانی بەبێ شیاوبوونی هەڵسەنگاندن ئەگەری نییە.»36 بەڵام لێرەدا بە قووڵی بیری لێدەکاتەوە و شیکردنەوەی شێوەی بەها بۆ جارێکی تر رادەوەستێنێت. «بەڵام لە راستیدا ئەگەری نییە ئەو شتانەی کە ناکۆکییەکی زۆرییان پێکەوە هەیە لەنێو خۆیاندا شیاوی هەڵسەنگاندن بن». واتا لە بواری چۆنێتییەوە یەکسانن، دابینکردنی یەکسانییەکی لەمشێوە بە پێچەوانەی حەقیقەتی سروشتی شتەکانە.

«ئەمە کەرەستەیەکی ساکارە کە بۆ پێداویستیە جێبەجێکارییەکان وێناکراوە. خودی ئەرەستۆ لەم ڕێگایەوە پێمان دەڵێت کە لێکدانەوەکانی بەهۆی نەبوونی تێگەیشتنی پێویست لە چەمکی بەها بەئەنجام ناگات. ئەو یەکسانییە واتا ئەو جەوهەرە هاوبەشە کە لە ئەکسپەرسیۆنی بەهای قەرەوێڵەدا خانووەکە لە بەرامبەر قەرەوێڵە دادەنێت، چییە؟ ئەرەستۆ دەڵێت: شتێکی وا ناتوانێت «لە ڕاستیدا بوونی هەبووبێت»، بۆچی؟ خانوو لە بەرامبەر قەرەوێڵەدا کاتێک نوێنەری شتێکی یەکسانە کە لە هەردووکیدا واتا قەرەوێڵە و خانوو لەڕاستیدا خاڵی هاوبەشیان هەبووبێت و ئەم خاڵە هاوبەشەش هەمان کاری مرۆییە، بەڵام ئەرەستۆ نەیدەتوانی ئەم خاڵە کە لەشێوەی بەهای شومەکەکاندا هەموو کارەکان بە واتای کاری یەکسانی مرۆیی و دەرەنجام بەشێوەی هاوسەنگ دەردەکەون، دیسانەوە لە خودی شێوەی بەهادا خوێندنەوەی بۆ بکات، چونکە کۆمەڵگەی یۆنانی لەسەر بنەمای کۆیلایەتی دانرابوو و لەمڕووەوە نەبوونی یەکسانی مرۆڤەکان و هێزی کارکردنیان بناغەی سروشتی بوو. نهێنی ئەکسپەرسیۆنی بەهاداری بەرامبەرو هاوسەنگبوونی هەموو کارەکان لەو بـوارەوە کە بە گشتی کاری مرۆیین ناتوانێت بدۆزرێتەوە، تەنها کاتێک کە چەمکی یەکسانی مرۆیی گەیشتبێتە پلەی پتەوی باوەڕێکی گشتگیر، بەڵام ئەمەش ئەگەری نیە تەنها لە کۆمەڵگەیەکدا نەبێت کە شێوەی گشتگیری بەرهەمی کار شێوەی شمەک لە خۆ بگرێت و دەرەنجام پەیوەندیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا بە واتای خاوەنی شمەکەکان، ریوڕەسمی کۆمەڵایەتی زاڵا بێت. بلیمەتیی ئەرەستۆ ڕێک لەوەدا دەدرەوشێتەوە کە لە ئەکسپەرسیۆنی بەهای شمەکەکاندا پەیوەندییەکی یەکسان دەدۆزێتەوە. تەنها تەگەرەی مێژوویی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژیا، بوو بە بەربەست لەبەردەمیدا کە بەم

مەسەلەیە نەگات پەیوەندیی یەکسانی «لە راستیدا» لە چییەوە سەرچاوە وەردەگرێت.

**4. کۆی شێوەی سادەی بەها:**

شێوەی سادەی بەهای شومەکێک لە پەیوەندیی بەهادار یان ئاڵوگۆڕی لەگەڵا شومەکێکی تر لە جۆرێکی تردا پێگەی هەیە. بەهای شومەکی A لە بواری چۆنێتی لە ئاکامی شیاوی ئاڵوگۆڕبوونی راستەوخۆی شمەکی B لەگەڵ شومەکی Aدا دەردەبڕێت و لەبواری کەمتربوونەوە بەهۆی کاریگەری ئەگەری ئاڵوگۆڕی بڕێکی دیاریکراو لە شومەکی B لەگەڵ بڕێکی دیاریکراو لە شمەکی A شرۆڤە دەکرێت. بە واتایەکی تر لەگەڵ ئەوەی شمەکێک لە پلەی "بەهای ئاڵوگۆڕ"دا دانرا، ئۆتۆماتیکی راڤەکراوە.

کەواتا ئەگەر لە سەرەتای ئەم تەوەرەدا لەسەر ئەو شتانەی باوە کە وتراوە شمەک بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕە لە بواری وردبینیەوە راڤەیەکی ناڕاستە. شمەک بەهای بەکارهێنان یان شتێکی بە قازانج و «بەها»یە. کاتێک شمەک ئەو دوو لایەنەی تایەتی ئاشکرای دەکات کە بەهاکەی شێوەیەکی بەرجەستەی تایبەت جیا لە شێوە سروشتیەکەی خۆی وەربگرێت، واتا شێوەی بەهای ئاڵوگۆڕ لەخۆ بگرێت. ئەگەر بە جیاواز سەرنجی بدرێت هیچکات شێوەیەکی وای نییە، بەڵکو ئەمشێوەیە لە پەیوەندیی بەهادار یان ئاڵوێری لەگەڵ شمەکی تردا بەدەست دێنێت کە لە جۆرەکەی لەگەڵیدا جیاوازە.

لەگەڵ ئەوەی ئەم مەسەلەیە زانرا، شێوازی شرۆڤەی لای سەرەوە بە پێویست نازانرێت، بەڵکو بە واتای پوختەی قسە بەکار دەبرێت. لێکدانەوەمان پیشانیدا شێوەی بەها یان ئەکسپەرسیۆنی بەهای شمەک لە سروشتی بەهاداری شمەک سەرچاوە وەردەگرێت نەک بە پێچەوانەی بەهاو

قوربی بەها سەرچاوە وەربگرێت لە جۆری راڤەکەی بەشێوەی بەهای ئاڵوگۆڕ، بەڵام سەرەڕای ئەم «مرکانتیلیستـ»انە (37) و لایەنگرە نوێکانیان «فریەکان» 38 و «گانیتەکان» 39 و 40، هەروەها خاڵی بەرامبەر ئەوان، ئەوانەی بە دوای ئازادی بازرگانیدان، وەکو «باستیا» (41) و شەریکەکانی خەیاڵێکی هەڵەیان هەیە. مرکانتیلیستەکان، بەتایبەتی جەخت لەسەر لایەنی چۆنێتی ئەکسپەرسیۆنی بەها دەکەنەوە و دەرەنجام گرنگی بە شێوەی بەرامبەری شمەک دەدەن کە پارە شێوەی ئامادەکراویەتی. لایەنگرانی نوێی ئازادی بازرگانی کە دەبێت بە هەر شێوەیەک بێت لە گرێبەستی کاتیی کڕین و فرۆشتن رزگاریان بێت، بە پێچەوانەوە پشت بە لایەنی کەمترینی شێوەی رێژەیی بەها دەبەستن و لەمڕووەوە بۆ ئەوان بەهاو بڕی بەهای شمەک بوونی نییە، جگە لەو ئەکسپەرسیۆنەی کە لە رێگای پەیوەندی ئاڵوگۆڕەوە دەردەکەوێت، لەمڕووەوە جیا لە پێڕستی نرخی پێشنیارکراو نرخی بەردەوامی رۆژانە بوونی دەرەکی نییە.

«مەک لیۆدی سکۆتلەندی»(42)، کە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت وێنای شڵەژاو و تێکەڵ و پێکەڵی بانکەوانەکانی «لومبارداستریت» (43)ی تا ئەو رادەیە ئەگەری هەبێت بە شێوەی زانستی ئاراستەی پێبدات، تێکەڵەیەکی سەرکەوتوانەی لە مرکانتیلیستە خورافی و رۆشنبیرانەی بازرگانی ئازاد پێکهێناوە.

خوێندنەوەیەکی وردتری لەبارەی ئەکسپەرسیۆنی بەهای شومەکی A کە لە پەیوەندی بەهاکەی لەگەڵ شومەکی B دانراوە پیشانیدا کە لەنێو ئەم پەیوەندییەدا شێوەی سروشتی شومەکی A تەنها وەک چوارچێوەی بەهای بەکارهێنان و شێوەی سروشتی شمەکی B تەنها وەکو شێوەی بەها یان چوارچێوەی بەها دادەنرێت. کەواتا هەر ناکۆکییەک لەنێو هەر شمەکێکدا

لەنێوان بەهای بەکارهێنان و بەهادا شاردراوەتەوە، لە ڕێگای ناکۆکییەکی دەرەکی واتا لە ڕێگای پەیوەندی دوو شمەک دەردەکەوێت. لە ناواخنی ئەم پەیوەندییەدا ئەو شومەکەو دەبێ بەهاکەی دەربکەوێت ڕاستەوخۆ و تەنها ڕۆڵی بەهای بەکارهێنان و بە پێچەوانەوە شمەکێکی تر کە بەها لەو ڕێگایەوە دەردەکەوێت، ڕاستەوخۆ تەنها ڕۆڵی بەها دەگێڕێت. لەمڕوەوە شێوەی ساکاری شومەکێک برێتیە لە شێوەی سادەی دەرکەوتنی ناکۆکییەک کە لە نێوان بەهای بەکارهێنان و بەهای نێوان شمەکەکان لەخۆی گرتووە.

ئاکامی کار لە هەموو دۆخە کۆمەڵایەتییەکانی شمەکێکی بەکارهێنانە، بەڵام تەنها لە سەردەمی مێژوویی دیاریکراو لە ئاڵوگۆڕدایە کە ئاکامی کار بۆ شمەک دەگۆڕدرێت و ئەوەش سەردەمێکە کە کاری تەرخانکراو لە بەرهەمهێنانی شتی بە قازانج وەکو تایبەتمەندییەکە کە سەرچاوەی لە «بوون بە شت»ی ئەو شتە یان بە واتایەکی تر وەکو بەهاکەی دادەنرێت.

کەواتا دەتوانین وا ئەنجام وەربگرین کە شێوەی ساکاری بەهای شومەکێک لە هەمانکاتدا شێوەی شمەکی سادەی ئەنجامی کارەکەیە و لەمڕوەوە کامڵبوونی شێوەی شومەکی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی شێوەی بەهاکەی یەکدەگرێتەوە. ڕوانینێکی سانا شیاونەبوونی شێوەی سادەی بەهایەک پیشاندەدات، چونکە ئەم شێوە کۆرپەلەییە دەبێت لە زنجیرەیەک ئاڵوگۆڕ تێپەڕێت تا بگاتە شێوەی نرخ.

دەربڕینی بەهای شمەکی A لەڕێگای هەر جۆرە شمەکی شیمانەکراوی تری B تەنها دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی لە بەهای بەکارهێنانی، لەمڕوەوە لە بری ئـەوەی یەکسانی چۆنێتی یان هاوسەنگی کەمترینی لەگەڵ شمەکەکانی تر پیشانبدات، تەنها شومەکی ناوبراو لەگەڵ هەرجۆرە شێوەی بەرامبەری شمەکی تاقانەی تر بەراورد دەکات و دەیگونجێنێت. لەمڕوەوە

له ئەکسپەرسیۆنی بەهای قوماشدا جل تەنها شێوەی بەرامبەر یان شێوەی ئاڵوگۆڕپەسەندی سەربەخۆیە له پەیوەندی لەگەڵ ئەمجۆر تاقانەییەی شمەک کە قوماشە. سەرەڕای ئەمە شێوەی ساکاری بەها خۆکرد دەگۆڕدرێت بۆ شێوەیەکی تەواوتر. ڕاستە کە بە هۆی ئەم شێوەیە دیسانەوە بەهای شومەکی A تەنها لە شومەکێکی تاقانەی تر لە جۆری تر دەردەکەوێت، بەڵام جۆری شمەکی دووهەم چ جل، ئاسن یان گەنم و شتێکی تر بێت بە گشتی بێ کاریگەرە. بەو پێیەی کە شمەکی ناوبراو لەگەڵ ئەم جۆرە یان جۆرێکی تری شمەک لە پەیوەندی بەها دابنرێت، ئەکسپەرسیۆنی سادەی بەهای جۆراوجۆر بۆ هەمان شمەک پێکدێت(44). بڕی ئەکسپەرسیۆنێک کە ئەگەری هاتنەئارای هەیە تەنها بەهۆی ئەو بڕە شومەکانەی کە لە بواری جۆرێتی لەگەڵیدا ناکۆکن سنوردار دەبێت، لەمڕووەوە ئەکسپەرسیۆنی بە تاککراوی شومەکی ناوبراو دەگۆڕدرێت بۆ ئەکسپەرسیۆنی بەهاداری جۆراوجۆرو سادە کە بە بەرەدەوامی شیاوی پەرەسەندنە.

ب- شێوەی گشتی پەرەسەندووی بەها:

Z بڕێک لە شمەکی A= U بڕێک لە شمەکی B یان= V بڕێک لە شمەکی C یان = w بڕێک لە شمەکی D یان = Xبڕێک لە شمەکی E، یان = جیا لەمانە.

«20 باڵ قوماش= یەک دەست جل یان = 10 فۆند چای یان = 40 فۆند قاوە یان = چارەکێک گەنم یان = 2 ئۆنس ئاڵتون یان ½ تەن ئاسن یان = جیا لەوانە.

1. شێوازی پەرەسەندووی بەهای ڕێژەیی:

بەهای شمەکی وەکو قوماش ئێستاکە لە ڕێگای هۆکاری زۆر لە جیهانی شمەکەکاندا ڕاڤەکراوە. چوارچێوەی هەر شمەکێکی تر ئاوێنەیەکە

که بەهای قوماش تیایدا رەنگدەداتەوە (45).

کەواتا سەرەتا ئەم بەهایە خۆی لەراستیدا بە واتای دەرکەوتنی خەمساری لە کاری مرۆیی پیشاندەدرێت، چونکە ئەو کارەی ئێستاکە ئەوی بەدیهێناوە لە راستیدا وەکو کارێک بەرجەستە دەبێت کە هاوسەنگ لەگەڵ کارێکی تری مرۆیی دادەنرێت، بریتی لە هەر جۆرە شێوەی سروشتی کە هەیبێت، لەمڕووەوە قوماش بە هۆی شێوەی بەهاکەی نەک هەر لەگەڵ شمەکێکی یەکتایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەڵکو پەیوەست دەبێت بە جیهانی شمەکەکانەوە. وەکو شمەکێک خۆی بەشێک لەم جیهانە و هاوڵاتییەکی جیهانیە.

لە هەمانکاتدا زنجیرە بێسنورە ئەکسپەرسیۆنەکانی لە ئەستۆگری ئەم خاڵەیە کە شێوەی تایبەتی بەها بەکارهێنانەکەی کە بووەتە هۆی دەرکەوتنی، بەرامبەر بە بەهای شمەکەکە خەمساردە.

رەنگە لە یەکەم شێوەدا (20 باڵ قوماش= 1جل) بەرێکەوت بووەتە هۆی ئەوەی ئەم دوو شمەکە بە رێژەی کەمترین رادەی دیاریکراو شیاوی ئاڵوگۆڕ کراون. بە پێچەوانەشەوە لە شێوەی دووهەمدا خێرا ناواخنێکی شاراوە دەردەکەوێت کە بە شێوەی سروشتی لەگەڵ دیاردەی بەرێکەوتدا جیاوازە و دەستنیشانکەری ئەوەیە. بەهای قوماش چ بە هۆی جل و چ لە قاوە یان ئاسن و شتی تر یان لە برێکی لە رادەبەدەری شومەکی جۆراوجۆرو پەیوەست بە کەسانی جیاواز بینرابووبێت. دیسانەوە هەر بەوشێوەیە کە هەبوو دەمێنێتەوە.

پەیوەندیی بەرێکەوت لەنێوان خاوەنی یەکتای شمەکدا ئاستی بەرز دەبێتەوە. بەمشێوەیە روون دەبێتەوە کە ئاڵوگۆڕی رێکخەر رادەی بەها نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بڕی بەهای شمەکەکە پەیوەندی ئاڵوگۆڕەکە رێکدەخات.

### 2. شێوەی تایبەتی ئاڵوگۆڕ:

لە ئەکسپەرسیۆنی بەهای قوماشی هەر شومەکێک وەکو جل، چای، گەنم، ئاسن و...هتد بە واتای هاوشان، بۆیە وەکو بەها لەبەرچاو دەگیردرێت. بە دۆخێکی وادا شێوەی سروشتی دیاریکراوی هەر کام لەم شمەکانە شێوەیەکی تایبەتە لە هاوشان لە زۆر بواری تردا. هەروەها جۆرە جیاوازەکانی کاری دەستنیشانکراو، دیاریکراو و بەقازانج کە لە چوارچێوەی شمەکی جۆراوجۆر پێگەیان هەیە، ئێستا ئیتر برێتیە لە شێوەی جۆراوجۆری تایبەت لەگەڵ دەرکەوتەیەک لە کاری پوخت و پەتی و سادەی مرۆییە.

### 3. کەموکۆڕی شێوەی گشتی یان پەرەسەندووی بەها:

سەرەتا باسی ئەوەیە کە ئەکسپەرسیۆنی بەهای شمەک ناتەواوە، چونکە زنجیرەی هۆکارەکەی هەرگیز داناخرێت. زنجیرەیەک کە تیایدا هاوکێشەیەکی بەهادار بۆ سەر هاوکێشەیەکی تر زیاد دەکرێت، بە بۆنەی پەیدابوونی هەر جۆرە شمەکێکی نوێ کە خۆی بنچینەی ئەکسپەرسیۆنی بەهای نوێ دابیندەکات بە بەردەوامی شیاوی درێژەپێدانە. دووهەم ئەم زنجیرەی کاشیە رەنگاوڕەنگ و ئاڵۆزو جۆراوجۆرە دەبێتە ئەکسپەرسیۆنی بەهادار کە لەگەڵ شێوەی رێژەیی بەهای هەر شمەکێکی تردا جیاوازە.

کەمووکۆڕی شێوەی پەرەسەندووی رێژەیی لە شێوەی هاوکێشەییدا کە لەگەڵیدا بەراورد دەکرێت، رەنگدەداتەوە. لەسەر ئەو بنەمایە کە لەمبارەیەوە شێوەی سروشتی هەرجۆرە یەکتایەکی شمەکی کە شێوەی تایبەتی لە هاوشانبوون هەیە بە گوێرەی بڕێکی لە رادەبەدەری تر لە شێوە تایبەتی هاوشانە، لەمڕووەوە بە گشتی تەنها شێوەی سنورداری تر لە هاوشان دەردەکەون کە هەریەک لەوانە حاشا لەوانی تر دەکات.

هەروەها جۆری کاری دیاریکراو، دەستنیشانکراو و بەقازانج کە لە جەوهەری هەر هاوشانێکی تایبەتی شمەکدا دانراوە تەنها شێوەیەکی تایبەتە لە دەرکەوتنی کاری مرۆیی، لەمڕووەوە بە شێوەی پێشکەوتووی کاری ئافراندنی مرۆیی ناژمێردرێت.

راستە کە شێوەیەکی تەواو یان شێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی ئەم کارە لە بازنەیەکی تەواو لەمشێوە تایبەتانەی دەرکەوتن بوونی هەیە، بەڵام کاری ناوبراو بەمشێوەیە شێوەی دەرکەوتنی یەکەی نییە.

سەرەڕای ئەمەش شێوەی تەواو یان پەرەسەندووی بەهای رێژەیی شتێک نییە لە دەرەوەی کۆمەڵەی ئەکسپەرسیۆنی بەهادار یان هاوکێشەی شێوە سەرەتاییەکان، بەمشێوەیە:

20 باڵ قوماش = 1 جل. 20 باڵ قوماش = 10 فۆند چای و.. هتد. هەروەها هەریەک لەم هاوکێشانە، لە حاڵێکدا ئەگەر بە پێچەوانەوە دەربکەوێت، کتومت لە ئەستۆگری هەمان بەرامبەرییە.

1 جل = 20 باڵ قوماش. 10 فۆند چای = 20 باڵ قوماش و...هتد.

لە راستیدا کاتێک کەسێک قوماشەکەی خۆی لەگەڵ شمەکەکانی تردا ئاڵوگۆڕ دەکات و دەرەنجام بەهاکەی لە زنجیرە شمەکەکانی تردا دەردەخات، بەپێی پێویست دەبێت خاوەنی شمەکەکانی تر شتەکانیان لەگەڵ قوماشدا ئاڵوگۆڕ بکەن، لەمڕووەوە بەهای شمەکە جۆراوجۆرەکانیان هەر لەم سێیەمین شومەکەدا واتە قوماش دەرببڕن. کەواتە ئەگەر ئێمە زنجیرەی 20 باڵ قوماش = یەک دەست جل یان 10 فۆند چای یان = و هتد، لەمڕووەوە ئەو شتانەی لە پێچەوانەی زنجیرەکەدا بە شێوەی گریمانە بوونی هەبوو دەریببڕین ئەمشێوەیەمان دەبێت:

ج- شێوەی گشتی بەها:

1 دەستێ جل =

10 فۆند چای =

40 فۆند قاوە =

1 چارەک گەنم === > 20 باڵ قوماش

2 ئۆنس ئاڵتون =

½ تەن ئاسن =

X رادە A =

هەروەها شومەکەکانی تر =

1-تایبەتمەندی گۆڕدراوی شێوەی بەها:

ئێستا شومەکەکان بەهاکانیان یەکەمجار بە شێوەی سادە دەردەخەن چونکە بە هۆی شومەکێکی یەکانەوە روون دەبنەوە، دووهەم بە شێوەی پێکەوەبەستراو و یەکڕیز چونکە جۆرێک شومەک هێمای ئەوانەیە. شێوەی بەهاداریان ساکارو هاوبەشە، لەمڕووەوە گشتییە.

شێوەی یەکەمو دووهەم هەر بەم ئاسنە دەیانتوانی بەهای شومەک وەک شتێک کە لە بەهای بەکارهێنانی لەگەڵا چوارچێوەی شومەکیاندا جیاوازە دەربببڕن.

شێوەی یەکەم لەمجۆر هاوکێشە بەهادارانەی خستووەڕوو:

یەک دەستێ جل = 20 باڵ قوماش، دە فۆند چای= نیو تەن ئاسن و...هتد. بەهای جل وەکو شتێکی یەکسان لەگەڵ قوماش و بەهای چای یەکسان لەگەڵ ئاسن و... هتد دەرخراوە.

بەڵام ئەم یەکسانبوونەی قوماش و ئاسن، ئەم ئەکسپەرسیۆنانەی بەهای جل و چای بە هەمان ئەندازە لێک جیاوازن کە خودی قوماش و

ئاسن جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکتردا. ئاشکرایە تەنها لە یەکەم قۆناخەکاندا واتا لە دەورەیەکی زەمەنیدا کە بەرهەمی کار لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی بە ڕێکەوت یان بە هەڵکەوت دەبێتە شمەک ئەمشێوەیە بەرهەمدێت.

شێوەی دووهەم تەواوتر لە شێوەی یەکەم، بەهای شمەکێک لە بەهای بەکارهێنانەکەیدا دیاری دەکرێت، چونکە لە دۆخێکی وادا بۆ نموونە بەهای جل لە بەرامبەر شێوە سروشتییەکەیدا رووبەڕووی جۆراوجۆرترین شێوەکان دەبێتەوە. هەم لەگەڵ قوماشدا یەکسانە هەم لەگەڵ ئاسن و چای و هتد، لەگەڵ هەموو شتێکی تردا یەکسانە جگە لە خودی جل نەبێت. لە لایەکی ترەوە هەر ئەکسپەرسیۆنی بەهاداری هاوبەش بۆ شمەکەکان راستەوخۆ رەهایە، چونکە لە ئەکسپەرسیۆنی بەهای هەر شومەکێک کە گریمانە بکرێت شومەکەکانی تر تەنها بە شێوەی بەرامبەر دەبینرێن. لە راستیدا شێوەی پەرەسەندووی بەها کاتێک دەردەکەوێت کە بەرهەمی کارێک، بۆ نموونە مەڕومالات لە بەرامبەر شمەکە جۆراوجۆرەکانی تردا نەک بە هۆی نایاب بوونیانەوە، بەڵکو بەهۆی خووگرتن ئاڵوگۆڕ دەکرێن، بەڵام شێوەیەکی نوێ کە ئەنجامی لێوەرگیراوە، بەهای هەموو شمەکەکان لە جۆرێکی یەکەی شمەکدا وەکو قوماش کە لە کۆ جیا کراوەتەوە دەریدەبڕێت و لەمڕەوەوە بەهای گشتی شمەکەکان بەگوێرەی هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ قوماشدا دیاریدەکرێت.

ئێستا بەهای هەر شمەکێک لە پلەی هەڵسەنگاندن لەگەڵ قوماشدا نەک هەر لە بەهای بەکارهێنانە تایبەتەکەی کەمدەبێتەوە، بەڵکو لەگەڵ هەر جۆرە بەهای بەکارهێنانی تردا جیاوازەو رێک هەر بەم هۆیەوە لەگەڵ گشت شمەکەکاندا بە هاوبەشی دەردەخرێت. کەواتا لە راستیدا ئەم شێوەیە کە شمەکەکان وەکو بەها لەگەڵ یەکتردا پەیوەند دەدات یان دەبێتە هۆی

ئەوە کە شمەکەکان لە بەرامبەر یەکتردا وەکو بەهای ئاڵوگۆڕ دەربکەون.

دوو شێوەی بەهای رابردووی هەر شمەکێکی گریمانەکراو چ لە شمەکێک لە جۆرێکی تر و چ لە زنجیرەیەک لە شمەکە لەرادەبەدەرەکان جیا لە خۆیان دەریدەبڕن. هەر وەک چۆن دەتوانین بڵێین لە دوو دۆخی ناوبراودا دۆزینەوەی شێوەی بەهاداربوون کردارێکی تاقانەی هەر شمەکێکی تایبەتەو ئەمەش خۆی بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە شمەکەکانی تر جێبەجێ دەبێت. شمەکەکانی تر تەنها لە بەرامبەر ئەودا رۆڵی ناچالاکی هاوشان دەگێڕن، بەڵام بە پێچەوانەوە شێوەی گشتی بەها ئەنجامی کرداری هاوبەشی جیهانی شمەکە. هیچ شمەکێک دەربڕینی گشتی بەها وەرناگرێت جیا لەوەی کە هەموو شمەکەکانی تر لە هەمانکاتدا بەهاکەی لە رێگای هاوشانێکی یەکە دەریدەخات و هەر جۆرێکی نوێ لە شمەک ناچارە بەدواداچوون بۆ هەر ئەو شێوازە بکات. لەمڕووەوە ئاشکرایە، چونکە بەهای شمەکی جگە لە «بوونی کۆمەڵایەتی»ی ئەو شتە شتێکی تر نییە، تەنها دەتوانێت لە رێگای پەیوەندی هەمە لایەنەی کۆمەڵایەتی ئەو شتە راڤەیەک دەربکەوێت، لەمڕووەوە شێوەی بەهاکەی دەبێت خاوەن شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی پەسەندکراو بێت.

لە شێوەی نوێدا کە هەموو شمەکەکان بە قوماش هەڵدەسەنگێندرێن ئەوانە تەنها لە بواری چۆنێتی واتە بەها بەگشتی پێکەوە یەکسان نین، بەڵکو لە هەمان کاتدا وەک بڕێک لە بەها دادەنرێن کە لە بواری رادەوە لەگەڵ یەکتردا شیاوی هەڵسەنگاندنن. بەو پێیەی کە ئەوانە بڕی بەهایان لە شتێکی یەکەدا کە قوماشە پەرچی دەدەنەوە، لە بەرامبەردا لە خۆیاندا رەنگدەدانەوە. بۆ نموونە 10 فۆند چای = 20 باڵ قوماش یان 40 فۆند قاوە = 20 باڵ قوماش. لەمڕووەوە 10 فۆند چای = 40 فۆند قاوە یان لە فۆندێک قاوەدا تەنها ½ لەو جەوهەرە

بەهایە یان جەوهەری کاری تێدایە کە لە فۆندێک چاپ دا بوونی هەیە.

شێوەی گشتی ڕێژەی بەهای جیهانی شمەکەکان بەرانبەر بەو شمەکە هاوشانەی کە لە ناواخنیدا وەرگیراوە، بۆ نموونە قوماش تایبەتمەندی هاوشانی گشتی دەسەپێنێت. شێوەی سروشتی تایبەتی ئەم شمەکە بەهای رووکاری هاوبەشی ئەم جیهانەیە و دەرەنجام قوماش ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەر شمەکێکی تردا شیاوی ئاڵوگۆڕە. لە هەمانکاتدا چنین و ڕستن، واتا کارێکی تایبەت کە قوماش وەبەری دێنێت، شێوەی گشتی کۆمەڵایەتی و شێوەی یەکسانی لەگەڵ هەموو کارەکانی تردا پێکدێنێت.

هاوکێشەیەکی لەرادەبەدەر کە شێوەی گشتی لەوەوە سەرچاوە وەردەگرێت هەر یەکەیان بەش بە حاڵی خۆیان کە لە قوماشدا دۆخی ڕاستینە لەخۆ دەگرن لەگەڵ ئەو کارەی کە لە ناواخنی هەریەک لە شمەکەکانی تردایە هەڵیدەسەنگێنن و بەمشێوەیە چنین و ڕستن بە شێوەی دەرکەوتەی کاری تەواو مرۆیی دەهێننە ئارا. لەبەر ئەمەش ئەو کارەی لە جیهانی شمەکەکاندا وێنا کراوە تەنها بە شێوە نێگەتیڤەکەی وەکو کارێک کە تیایدا شێوەی دیاریکراو و تایبەتمەندیی سوودمەندی کارە ڕاستەقینە جێبەجێنەکراوەکان دەرناکەوێت، بەڵکو کرۆکی ئەرێنیی تایبەت بەو بەشێوەی بەرجەستە دەردەکەوێت و ئەوەش برێتیە لە گواستنەوەی هەموو کارە ڕاستەکان بۆ تایبەتمەندی هاوبەشی سەرجەم ئەوانە کە کاری مرۆڤبوون و تەرخانکراوە بۆ هێزی کاری مرۆیی. شێوەی گشتیی بەها کە بەرهەمی کارەکان بە شێوەی وێنای ساکارو خەمسار لە کاری مرۆیی پیشاندەدات، بە پێکهاتەی تایبەتەکەی خۆی ڕادەگەیەنێت کە ئەکسپەرسیۆنی کۆمەڵایەتی جیهانی شومەکەکانە و هەروەها هێمای ئەوەیە کە لەنێو ئەم جیهانەدا تایبەتمەندی گشتگیری مرۆیی کارێکە کە تایبەتمەندیی هێما کۆمەڵایەتیەکەی پێکدێنێت.

**2. پەیوەندی کامڵبوونی نێوان شێوەی ڕێژەیی و شێوەی هاوشانی بەها:**

پلەی پێگەیشتنی شێوەی ڕێژەیی بەها لەگەڵ پلەی پێگەیشتنی شێوەی هاوشان دەگونجێت، بەڵام ئەم خاڵە شایانی سەرنجە کە پێگەیشتنی شێوەی هاوشان جگە لە دەربڕین و ئاکامی پێگەیشتنی شێوەی ڕێژەیی بەها شتێکی تر نییە. شێوەی ساکار یان تاکی ڕێژەی بەهای شمەکێک دەبێتە هۆی ئەوە کە شمەکێکی تر شێوەی هاوشانی بەڕێکەوت لەخۆ بگرێت. شێوەی پەرەسەندووی بەهای ڕێژەیی، واتا ڕاڤەکردنی بەهای شمەکێک لەنێو کۆمەڵەی شمەکەکانی تردا شێوەی هاوشانی جۆراوجۆری تایبەت بەسەر هەموویاندا دەسەپێنێت. دەرەنجام ئەگەر جۆری تایبەت لە شمەک شێوەی هاوشانی گشتگیر لە خۆ دەگرێت لەوڕووەوەیە کە هەموو شمەکەکانی تریان کردووەتە چوارچێوەی شێوەی گشتی و یەکەی بەهای خۆی، بەڵام هەر بەو ئاستە کە شێوەی بەها بە گشتی پێدەگەن، ناکۆکی لە نێوان دوو جەمسەرەکەیدا واتا لەنێوان شێوەی ڕێژەیی و شێوەی هاوشانی بەها گەشە دەکات.

هەمان شێوەی سەرەتایی 20 باڵ قوماش = یەک دەست جل ئەم ناکۆکییەی تێدایە، بەڵام ئەوە ناسەلمێنێت. بەو پێیەی کە هاوکێشەی باسکراو لەملاو لەولا سەرنجی بدرێت، هەریەک لە لایەنی هاوکێشەکان (وەکو قوماش و جل) هاوکات لەگەڵ یەکدا جارێک بەشێوەی بەهای ڕێژەیی و کاتێکی تر بە شێوەی هاوشان ساز دەبن. لەمڕووەوە لێرەدا سەلماندنی ناکۆکیی نێوان دوو جەمسەرەکە دژوارە.

هەروەها لە شێوەی دووهەمدا جۆرێک شمەک تەنها بەم هۆیە و لە حاڵێکدا دەتوانێت بەها ڕێژەییەکەی بە گشتی پەرەپێبدات یان بە واتایەکی تر شێوەی پەرەسەندووی بەهای ڕێژەیی بەدەست بێنێت کە

گشت شمەکەکانی تر لە بەرامبەریدا لە شێوەی هاوشان دانرابێتن.

ئیتر لێرەدا ناکرێت دوو لایەنی هاوشان وەک 20 باڵ قوماش = یەک دەست جل یان= فۆند چای یان = چارەکێک گەنم و... هتد، ئاوەژوو بکات بەبێ ئەوەی کە تایبەتمەندی گشتی هاوکێشەکە بگۆڕێت و شێوەی سەرجەم بەهاکە بگۆڕێت بۆ شێوەی جیهانی. دەرەنجام دوایین شێوەکەی واتا شێوەی سێیەم بەو هۆیەوە و لە بەر ئەوەی شێوەی گشتی کۆمەڵایەتی بەهای ڕێژەیی دەداتە شمەکەکان کە شێوەی هاوشانی جیهانیبوون لە گشتیبوونی شمەکەکانی تر کە بەشێکن لەم جیهانە، بەدەر لە یەکێک لەوانە بێبەش کرابێت. کەواتا شمەکێک وەک قوماش بەم هۆیە و بەم مەرجە ڕاستەوخۆ شیاوی ئاڵوگۆڕ دەبێت لەگەڵ شمەکەکانی تردا یان شێوەی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ دێتە ئارا کە شمەکەکانی تر دۆخێکی وا نایانگرێتەوە .(46)

بە پێچەوانەوە ئەو شمەکەی کە واتای هاوشانی گشتی لەخۆ گرتووە لە شێوەی هاوبەش و دەرەنجام لە شێوەی گشتی بەهای ڕێژەیی جیهانی شمەکەکان وەدەرنـراوە. بۆ ئەوەی شمەکێکی گریمانەکراو، بۆ نموونە قوماش کە واتای هاوشانی گشتی لە خۆ گرتووە بتوانێ لە هەمان کاتدا لە شێوەی گشتی بەهای ڕێژەیی بەشداری بکات دەبێ خۆی لە بەرامبەر هاوشانەکەیدا دابنرێت. لەمڕووەوە ئەم هاوکێشەیەمان لەبەردەستدا دەبێت: 20 باڵ قوماش = 20 باڵ قوماش، ئەمەش دەست بەسەراگرتنێکی گونجاوە کە نە بەهاکەی دەردەبڕێت و نە ئەندازەکەی دیاریدەکات. هاوشانی گشتی بە هیچ شێوەیەک خاوەن شێوەی ڕێژەیی بەهادار نییە کە لەگەڵ گشتیبوونی شمەکەکانی تردا هاوبەش بێت، بەڵکو بەها ڕێژەییەکەی لە زنجیرە بێکۆتاییەکەی چوارچێوەی گشتی شمەکەکانی تردا دەردەبڕێت.

لەمڕووەوە شێوەی پەرەسەندووی بەهای ڕێژەیی یان ئێستاکە شێوەی دووهەم وەکو شێوەی تایبەتی بەهای ڕێژەیی شمەکێک کە واتای هاوشانی لەخۆ گرتووە دەردەکەوێت.

**3. تێپەڕبوونی شێوەی گشتی بەها بۆ شێوەی پارە:**

شێوەی گشتی هاوشان لە بنەمادا خۆی یەکێکە لە شێوەکانی بەهاو لەمڕووەوە هەر شمەکێکی تر دەتوانێت بەمشێوەیە بێتە ئاراوە. لەلایەکی تر شمەکێک تەنها لەمڕووەوە ئەگەری هەیە شێوەی هاوشانی گشتی لە خۆ بگرێت (واتا شێوەی سێیەم لەخۆ بگرێت) کە هەموو شمەکەکانی تر لە بەر ئەوەی بووەتە هاوشان لە بازنەکەیان دووریان خستبێتەوە. هەروەها کتومت هەر لەو کاتەوە کە ئەم دوورخستنەوەیە بە تەواوی سنوردار دەکرێت بۆ جۆرێک لە شومەک، شێوەی هاوبەشی بەهای ڕێژەیی جیهانی شمەکەکان پتەوی بەبابەتیبوون و پەسەندبوونی گشتی کۆمەڵایەتی بە دەست دێنێت. شمەکی جۆرێکی تایبەت کە شێوە سروشتیەکەی بە شێوازی کۆمەڵایەتی لەگەڵ شێوەی هاوشاندا یەکدەگرێت، لەمە بەدواوە پارە دەبێتە شمەک واتا ئەرکی پارە جێبەجێ دەکات. ئەرکی تایبەتە کۆمەڵایەتییەکەی و دەرەنجام سنورداربوونە کۆمەڵایەتییەکەی لەنێو جیهانی شمەکەکاندا بریتیە لەمە کە ڕۆڵی هاوشانی گشتی بگێڕێت.

لەنێو ئەو شمەکانەی کە شێوەی دووهەم بە واتای هاوشانی تایبەتی قوماش دادەنرێن و لە شێوەی سێیەمدا سەرجەم بەهای ڕێژەییان لە ڕێگای قوماشەوە دەردەبڕن، شمەکێکی دیاریکراو بە درێژایی مێژوو ئەم پلە زۆر تایبەتەی بە دەست هێناوە و ئەوەش ئاڵتونە. لەمڕووەوە با زێڕ شمەک لە شێوەی سێیەمدا لەبری شمەکی قوماش دابنێین، ئینجا ئەم هاوکێشەیەمان لەبەردەستدا دەبێت:

د- شێوەی پارە:

20 باڵ قوماش =

یەک دەست جل =

10 فۆند چای =

40 فۆند قاوە =====> 2 ئۆنس ئاڵتون (زێڕ)

چارەکێک گەنم =

½ تەن ئاسن =

X شومەکی A =

لە تێپەڕبوونی شێوەی یەکەم بۆ شێوەی دووهەم و لە شێوەی دووهەم بۆ شێوەی سێیەم هەندێک گۆڕانکاری جەهەری دەردەکەوێت لە حاڵێکدا کە بە پێچەوانەوە تەنها جیاوازیی نێوان شێوەی سێیەم و چوارەم ئەمەیە کە لە بری قوماش، زێڕ شێوەی هاوشانی گشتی لەخۆ دەگرێت. لە شێوەی چوارەمدا زێڕ هەر ئەو ئەرکەی کە لە شێوەی سێیەم لە ئەستۆی قوماشدا بووە واتا ئەرکی هاوشانی گشتی دەگێڕێت. ئەو پێشکەوتنەی کە هاتۆتە ئارا ئەمەیە کە شێوەی پەسەندکردنی ئاڵوگۆڕی گشتی راستەوخۆ واتا شێوەی هاوشانی گشتی لە دەرەنجامی خووی کۆمەڵایەتی لەگەڵ شێوەی کۆمەڵایەتی تایبەتی زێڕ شمەک بە تەواوی ئاوێتە بووە.

زێڕ لە بەرانبەر شمەکەکانی تردا تەنها لەم روانگەیەوە ئەرکی پارە بەدیدێنێت کە پێشتر وەکو شمەکی لە بەرانبەریاندا دانرابوو. هەروەها زێڕ وەک هەموو شمەکەکانی تر کرداری هاوشانبوونی جێبەجێ کردووە چ لە ئاڵوگۆڕی جیاواز بەواتای هاوشانی تاکو چ وەکو هاوشانی تایبەت لە ریزی هاوشانەکانی تردا. وردە وردە لە گۆڕەپانی ئارادەیەک بەریندا ئەرکی هاوشانی گشتی لە ئەستۆ بوو. لەگەڵا ئەوەی کە بۆ دەربڕینی بەهای جیهانی شومەک

سنورداربوونی ئەم دۆخە بە سەردا زاڵا بوو واتای پارە شمەکی لەخۆ گرت و کتومت لەو کاتەوە کە دەبێتە خاوەن پلەی پارە - شمەکی، شێوەی چوارەم لە شێوەی سێیەم جیاواز دەبێت و شێوەی گشتیی شێوەی پارە لەخۆ دەگرێت.

دەربڕینی بەهای سادە و ڕێژەی شمەکی وەک قوماش لە ڕێگای شمەکێکی ترەوە وەکو زێڕ کە پلەی پارە شمەکی هەبووە، شێوەی بەها یان نرخی پێکهێناوە. کەواتا شێوەی بەهای قوماش بەمشێوەیەیە: 20 باڵ قوماش = 2 ئۆنس زێڕ یان ئەگەر ناوی پارەی 2 ئۆنس زێڕ 2 لیرەی ئەستەرلینگ بێت، شێوەی بەهاکەی بەمشێوەیە دەبێت: 20 باڵ قوماش= 2 لیرە ئەستەرلینگ. دژواری چەمکی شێوەی پارە بۆ تێگەیشتن لە شێوەی هاوشانی گشتی و لەمڕووەوە لە شێوەی گشتی بەهادا، واتا شێوەی سێیەمە.

ئەگەر بگەڕیینەوە بۆ دواوە ئەم شێوەیە خۆی بەشێوەی پەرەسەندووی بەها بە واتای دۆخی دووهەم دەگوازرێتەوە و هۆکاری پێکهێنەری دۆخی دووهەم هەمان دۆخی یەکەمە، واتا بەمشێوەیەیە: 20 باڵ قوماش= یەک دەست جل یان X شومەکی Y =A شومەکی B لەمڕووەوە شێوەی سادەی شمەک ڕیشەی پارەیە.

**4. تایبەتمەندی فتیشی47 شمەک و نهێنیەکەی:**

شمەک لە سەرەتاوە شتێکی ئاسایی بووە و بە ئاسانی شیاوی تێگەیشتن بووە، بەڵام لێکدانەوەکانمان دەریخست کە شمەک شتێکی هەستپێنەکراو و ئاڵۆزە و پڕە لە سیحری دەستی سەرووی سروشتی (میتافیزیک)و وردەکاری لاهوتییە.

تا کاتێک کە شمەک لە بواری بەهای بەکارهێنان گرنگی پێبدرێت هیچ شتێکی نهێنی ئاسای تێدا نییە چ لەو روانگەیەوە سەیری بکەن کە بە

هۆی تایبەتمەندییەکانیەوە پێداویستیەکانی مرۆڤ چارەسەر بکات یان لەو روانگەیەوە سەرنجی بدەین کە ئەم تایبەتمەندییانە بەرهەمی کاری مرۆییە.

بە تەواوی هەستپێکراوە کە مرۆڤ لە دەرەنجامی هەوڵەکانیدا بەجۆرێک شێوەی ماددە سروشتییەکان دەگۆڕێت کە سوودمەندە بۆی. بۆ نموونە کاتێک لە دارمێزێک درووست دەکرێت شێوەی دارەکە دەگۆڕدرێت، بەڵام سەرەڕای ئەم گۆڕینە مێز بە شێوەی خودی دارەکە دەمێنێتەوە و لە ریزی شمەکی هەستپێکراوی ئاسایی دادەنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی شێوەی شمەکی لەخۆ گرت دەبێتە شتێکی هەستپێکراوی شیاوی بەرنەکەوتن.

ئیتر لەمە بەدواوە مێز تەنها بە پایەکانیەوە لە سەر زەوی دانانرێت، بەڵکو لە بەرامبەر شمەکەکانی تردا بەسەر جەختی لە سەر دەکاتەوە و ئینجا هەزاران بیرۆکەی سەیروسەمەرە لەسەرە دارینەکەی دێنە دەرەوە کە لە بەرانبەر ئەوانەدا هەڵپەڕکێی خودی مێزەکە بە شتێکی سەرسوڕهێنەر دانانرێت (48).

کەواتا لایەنی متافیزیای شمەکەکە لە بەهای بەکارهێنانی سەرچاوە وەرناگرێت، بەڵکو هەر بەوجۆرە کە سەرچاوەی ئەم تایبەتمەندییە لە کرۆکی ئەو شتانە نییە کە دەستنیشانکەری بەهان، چونکە یەکەم: فیزیولۆجی جەخت لەسەر ئەم راستییە دەکاتەوە کە هەرچەند کاری بە قازانج یان هەوڵدانی بە بەرهەم جۆراوجۆر بن، ئەوانە دەرەنجامی هەموو ئەو ئەرکانەن کە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ جێبەجێی دەکات. هەروەها هەریەک لەم کردارانە لە هەر جۆرە ناواخن یان روتینێک کە هەیانبووبێت بە سروشتی بریتیە لە بەکارهێنانی بڕێک لە وزەی مێشک، دەمار، ماسولکە و هەستی مرۆیی. دووهەم: لەبارەی ئەو شتانەی کە بناغەی دیاریکردنی بڕی

بەهایە، واتا کاتێک کە لەو دۆخەدا ئەم وزەیە تەرخان کراوە یان رادەی کار، جیاوازییەکەی لەگەڵا چۆنێتی کاردا تەنانەت بە شێوەی هەستپێکراو روونە.

کاتی کار کە بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی ژیان پێویستە هەرچەند ئەگەر لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی پێگەیشتندا یەکسان نیە، دەبێ لە هەموو سەردەمانێکدا شتی حەزلێکراوی مرۆڤ بووبێت (49). لە ئاکامدا هەر ئەوەی کە خەڵک بە شێوەی لابەلا بۆ یەکتر کار دەکەن، کارەکەیان شێوازێکی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت، کەواتە ئەم تایبەتمەندییە مەتەڵئاسایەی بەرهەمی کار لەگەڵ ئەوەی بە شێوەی شومەک دەردەکەوێت لە کوێیەوە سەرچاوە وەردەگرێت؟ روونە سەرچاوەکەی لە خودی ئەم شێوەدایە. یەکسانبوونی کارە مرۆییەکان شێوەی راستەقینەی بەرانبەر لە نێو بەشتبوونی بەهای بەرهەمەکانی کار لەخۆ دەگرێت و پێوانەکردنی بەکارهێنانی هێزی کاری مرۆیی لە رێگای کاتی شێوەی بڕی بەهای بەرهەمەکان کار دەدۆزێتەوە. دەرەنجام پەیوەندیی بەرهەمهێنەرەکان کە بەو پێیە دەبێتە ئامانجی کۆمەڵایەتی کارەکانیان بە شێوەی کۆمەڵایەتیی بەرهەمی کارەکان دێنە ئاراوە.

کەواتا تایبەتمەندی نهێنی ئاسایی شێوەی شمەک تەنها لەم چۆنێتییەدایە کە شێوەی باسکراوی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی کاری مرۆیی لە روانگەی مرۆڤ بە شێوەی تایبەتمەندی مادی بەرهەمی کارەکان و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی سروشتی خودی ئەم شتانە پەرچی دەداتەوەو لەمڕووەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنەران لەگەڵ سەرجەم کارەکاندا بە شێوەی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە لە دەرەوەی ئەودایەو لە نێوان خودی شومەکدا بوونی هەیە پیشانی دەدات. بەم چاوبەستکردنەوەیە بەرهەمی

کارەکان دەبنە شمەک و لە کاتێکدا کە شیاوی تێگەیشتنە لە هەمان کاتیشدا هەستپێنەکراوە واتا بە شێوەی شمەکی کۆمەڵایەتی دەردەکەون.

هەر بەوجۆرە کە کاریگەری رووناکایی شتێک لە سەر دەمارەکانی بینایی وەکو وروژاندنی ناوەوەی خودی دەماری بینایی دەرناکەوێت، بەڵکو بە شێوەی شتی شیاوی هەستپێکردن کە لە دەرەوەی چاو دانراوە راڤە دەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە شێوەی شومەکو پەیوەندیی بەهای بەرهەمەکانی کار بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیدار نییە بە کرۆکی فیزیایی ئەوان و پەیوەندییەکانی شتبوون و دەرەکیبوونەوە کە لەوەوە سەرچاوە وەردەگرێت. تەنها پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی خودی مرۆڤەکانە کە لەم بوارەدا بە شێوەی خەیاڵاوی لەنێوان شتەکاندا دەردەکـەون. بۆ دۆزینەوەی لەمجۆرە دەبێ لە ناوچە تەمومژاویەکانی ئایینزادا لە فڕیندا بین، لەوێ وادیارە کە بەرهەمەکانی زەینی مرۆڤ ژیانێکی تایبەتی لەخۆ گرتووە، وەک روخساری سەربەخۆ لە نێوان خۆی و لەگەڵ مرۆڤدا پەیوەندیدارن. لە جیهانی شمەکدا بەرهەمی رەنجی دەستی مرۆڤ (موچەی هەفتانە)، بەمشێوەیە دەردەکەوێت. ئەمە هەر ئەو شتەیە کە من بە فتیشیزم ناوی لێدەبەم، ئەو تایبەتمەندییەی لەگەڵا ئەوەی بە شێوەی شومەکی لێدێت پێوەی دەلکێت و پاشان دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەی بەرهەمهێنانی شمەکی.

هەر بەو جۆرە کە لێکۆڵینەوەکانمان سەلماندی فتیشیزمی جیهانی شومەک لە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی تایبەت بەکار سەرچاوە وەردەگرێت کە خۆی بەرهەمی شمەکە.

بەگشتی شتی بەرکاهێنان لەمڕووەوە دەبنە شمەک کە بەرهەمی کارە تایبەتییەکان سەربەخۆ لە یەکتر دروست کراون. لیژنەی ئەم کارە تایبەتیانە سەرجەم کارە کۆمەڵایەتییەکان پێکدێنێت. بە سەرنجدان بەوەی

سەرەتا بەرهەمهێنەرەکان لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی بەرهەمی کارەکانیانەوە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێکدێنن، تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی تایبەت بە کارە شەخسیەکانیان سەرەتا لە نێو ئەم ئاڵوگۆڕەدا دەردەکەوێت. بە واتایەکی تر سەرەتا کارە تایبەتییەکان لە ڕێگای ئەو پەیوەندییەی کە ئاڵوگۆڕی نێوان بەرهەمی کارەکان دابینی دەکات و هەر لەو ڕێگایەوە لە نێوان بەرهەمهێنەراندا دابینی دەکات بە شێوەی ئەڵقەی سەرجەم کاری کۆمەڵایەتی دەردەکـەون. لەمڕووەوە لە ڕوانگەی بەرهەمهێنەرانی پێکەوەگرێدراوی کۆمەڵایەتی کارە تایبەتییەکانیان هەر بەو جۆرەی کە هەیە دەردەکەوێت، واتا نەک وەکو پێکەوەگرێدراوی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی نێوان کەسەکان لەبارەی ئەو کارانەی خۆیان ئەنجامیان داوە، بەڵکو وەک پێکەوەگرێدراوی بەشتبوونی کەسەکان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی شتەکان. سەرەتا لە نێو ئاڵوگۆڕدایە کە بەرهەمی کارەکان دەبنە خاوەن ڕاستییەکی بەهای کۆمەڵایەتی و هاوشێوەیی، ئەو ڕاستییەی کە بە سروشتی جیاوازە لە شتبوونی بەقازانج و جۆراوجۆرییان.

ئەم شیکردنەوەیە لە بەرهەمی کاردا کاتێک بە جێبەجێکردن دەبێتە شتێکی سوودمەند و شتێکی بەهادار کە ئاڵوگۆڕکردنەکە بە ڕادەی پێویست پەرەی سەندبێت و گرنگیی پێدرابێت تا شتی سوودمەند بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردن وەبەربێنن، هەروەها تایبەتمەندی بەهای شتەکان لەکاتی بەرهەمهێناندا گرنگیی پێبدرێت. لەم کاتەوە کاری تایبەتی بەرهەمهێنەران بەجێبەجێکردن دەبێتە خاوەن دوو تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی، لە لایەکی ترەوە دەبێت بە شێوەی کاری سوودمەندی دیاریکراو، پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو چارەسەر بکات، بەمشێوەیە لە ڕیزی ئەڵقە زنجیرەییە گشتییەکانی کارو ئامێری خۆکردی دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کار بێنە ئاراوە، لە لایەکی ترەوە تەنها کاتێک دەتوانن

پێداویستی جۆراوجۆری بەرهەمهێنەرەکانیان بهێننەدی کە هەموو کارێکی تایبەتی تاکەکەسی بە قازانج بتوانێت لەگەڵ کاری تاکەکەسی جۆرێکی تری بەسوود ئاڵوگۆڕ بکرێت و لەمڕووەوە لەگەڵیدا بە یەکسان دابنرێت.

یەکسانییەکی (تەواو) لەنێوان کارە جۆراوجۆرەکان تەنها کاتێک ئەگەری هەیە کە لە هەموو نایەکسانییە بەرچاوەکان کەوتن و وازهێنان رووبدات و بگۆڕدرێن بۆ ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشەی کە لە تەرخانکردنی کاری مرۆیی یان کاری تایبەتی مرۆییان لەگەڵدایە. زەینی بەرهەمهێنەرە تاکەکەسییەکانی ئەم دوو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەی کارە تایبەتەکانیان تەنها بەهۆی ئـەو شێوازانەی کە لە جێبەجێکردنی پەیوەندیداردا دەردەکەوێت واتا لە ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکاندا رەنگدەداتەوە، بەمجۆرە کە تایبەتمەندی سوودمەندی کۆمەڵایەتی کارە تاکەکەسییەکانی لە شێوەی پێویستی سوودبەخشبوونی بەرهەمی کار بۆ کەسانی تر پیشان دەدات و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی یەکسانی کارە جۆراوجۆرەکان لەم شێوەیەدا کە شتە جۆراوجۆرە ناوبراوەکان دەردەخەن، تایبەتمەندی بەهای هاوبەشی هەیە، واتا هەمووی بەرهەمی کارن.

کەواتا ئەگەر کەسەکان بەرهەمی کارەکانیان لە بواری بەهاوە بەرانبەر بە یەک دادەنێن لەبەر ئەوە نییە کە خودی شتە باسکراوەکان وەکو رووکەشی ماددی بۆ کاری هاوشێوەی مرۆیی لەبەرچاو بگرن. بە پێچەوانەوە لە حاڵێکدا کە خەڵک بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیان لە بواری بەهاوە لە بەرانبەر یەکتردا ئاڵوگۆڕی پێدەکەن، بە جێبەجێکردنی کارە جۆراوجۆرەکانیان بە واتای کاری مرۆیی لە بەرانبەر یەکتر دایدەنێن. ئەوانە ئاگایان لە کارەکەیان نییە، بەڵام وادەکەن(50).

لەمڕووەوە لە ناوچاوانیدا بەهای چۆناوچۆنێتییەکەی نەنوسراوە، بەڵکو زیاتر بەهای گۆڕین هەر بەرهەمێکی کاری دەگۆڕێت بۆ جۆرێک (هیرۆگلیف)ی «51» کۆمەڵایەتی و پاشان مرۆڤ تێدەکۆشێت لە واتای ئەم هیرۆگلیفە تێبگات و نهێنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە، چونکە دانانی ناوی بەها بۆسەر ئەو شتانەی بەکاردێن، کتومت وەکو زمان، بەرهەمی کۆمەڵایەتی مرۆڤە.

دۆزینەوەی زانستێکی تر بەو پێیەی کە بەرهەمی کار لە روانگەی بەهاوە شتێکی تر نییە جگە لە دەربڕینی بابەتی کاری مرۆیی کە بۆ بەرهەمهێنانیان تەرخانکراوە، سەردەمێک لە مێژووی پێگەیشتوویی کاری مرۆڤانە ئـاوەڵا دەکـات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک وێناکردنی شتبوونی تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی کاری لەناو نابات. ئەو شتەی کە تەنها بۆ ئەم شێوە تایبەتەی بەرهەمهێنان - بەرهەمهێنانی شمەکی پشتڕاست دەکاتەوە واتا ئەمکارە کە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی کارە تاکەکەسییەکان و راستەوخۆ لە یەکتر بە شێوەی بەرانبەرکردنیان بە واتای کاری مرۆیی دێنە ئاراو شێوەی بەهاداری بەرهەمی کار لەخۆ دەگرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە گیرۆدەی داوی هاوبەشبوونی بەرهەمی شمەکین، چ پێش دۆزینەوە زانستیەکە و چ پاش ئەو دۆزینەوەیە خەمساردە. بەو جۆرە کە شیکردنەوەی زانستیی هەوا بۆ ئەوەی بزانین رەگەزە پێکهاتەییەکانی چ شتێکن، بۆ بەردەوامی و لەبەرچاوگرتنی هەوا وەکو شێوەیەک لە شتی فیزیایی بەجێهێشتووە.

ئەو شتەی لە سەرەتاوە ئـارەزووی ئاڵوگۆڕکەرانی بەرهەمەکان دەباتە قۆناخی جێبەجێکردن و سەرنجیان بۆ لای یەکتر رادەکێشێت بۆ ئەوەیە بزانن لە بەرانبەر بەرهەمەکانیاندا چ رادەیەک بەرهەمی دەرەکی بە دەست دێنو لەمڕووەوە تا چ رێژەیەک ئاڵوگۆڕی بەرهەمەکان جێبەجێ

دەكرێت. لەگەڵ ئەوەی كە هەماهەنگییە باسكراوەكان بەگوێرەی خووگرتن گەیشتووەتە پلەیەك لە سەلماندن وادیارە كە خۆی لە سروشتی بەرهەمەكانی كار سەرچاوەی وەرگرتووە. بۆ نموونە: یەك تەن ئاسن و 2 ئۆنسە ئاڵتون بەهایەكی یەكەیان هەیە هەر بەوجۆرەی كە یەك فۆند ئاڵتون و یەك فۆند ئاسن سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لە تایبەتمەندی فیزیایی و كیمیاییدا هەیانە هاوكێشن. لە راستیدا تایبەتمەندی بەهای بەرهەمەكانی كار بە هۆی جێبەجێكردنیانەوە هاوپایەی رادەی بەهاكان دەچەسپێنرێت و جێگیر دەبێت. ئەم رادەیە بەبەردەوامی و لەبەرچاونەگرتنی ویست، پێشبینی و جێبەجێكردنی كەسانی ئاڵوگۆڕكەر لە گۆڕیندان.

لە روانگەی ئەمانەدا جووڵە كۆمەڵایەتییەكانیان بەشێوەی جووڵەی شتەكان دەردەكەوێت بەو جۆرە كە لە بری ئەوەی زاڵبن بەسەریدا خۆیان دەكەونە ژێر كاریگەرییەوە. بەرهەمهێنانی شمەكێك دەبێ گەیشتبێتە ئاستی پێگەیشتووی تا وردە وردە ئەم بیرۆكە زانستییە جێبەجێ بكرێت كە: ئەو كارە تاكەكەسیانە كە راستەوخۆ لە یەكتر جێبەجێ دەبن، بەڵام وەكو بەشی سروشتی دابەشكردنی كۆمەڵایەتیی كار لە هەر روانگەیەكەوە گرێدراوی یەكترن، بە بەردەوامی دەگۆڕدرێن بۆ پێوەری گونجاوی كۆمەڵایەتی، چونكە لە ئاڵوگۆڕی بە ڕێكەوت و بێ باری هاوبەشیكردنی ئاڵوگۆڕی نێوان بەرهەمەكانیان، كاتی كاركردن بە شێوە كۆمەڵایەتییەكەی كە بۆ بەرهەمهێنان پێویستە بەبەردەوامی وەكو یاسایەكی سروشتیی رێكخەری شارەزایانە زاڵە، هەر بەوجۆرە كە یاسای هێزی راكێشان بۆ كاتێك خانوویەك بەسەر كەسێكدا دەڕووخێت پشتڕاست دەكاتەوە(52).

لەمڕووەوە دیاریكردنی قوربی بەها لە رێگای كاتی كاركردن، نهێنیەكە لەژێر جووڵە روتینییەكانی بەهای رێژەیی شومەكەكاندا شاردراوەتەوە.

دۆزینەوەی ئەم نهێنییە وێنای بەڕێکەوتبوونی بڕی بەهای بەرهەمی کارەکان چارە دەکات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک شێوەی بەشتبوون ئەوە خراپ ناکات.

بیرکردنەوە لەبارەی شێوازەکانی ژیانی مرۆڤ، هەروەها لێکدانەوە زانستییەکەی ڕێگایەک هەڵدەبژێرێت، کە لە ڕاستیدا بە تەواوی خاڵی بەرانبەری پێشگەیشتووی ڕاستەقینەی ئەم ژیانەیە. ئەم لێکۆڵینەوەیە پاش ڕوودانی postfestum و لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی لە پرۆسەی پێگەیشتووییەوە هاتۆتە ئارا دەستپێدەکات. ئەو شێوازانەی کە مۆرکی بەشومەکبوون لە بەرهەمی کارەکان دەدەن و لە ئاکامدا لەگەڵ گەڕانی شومەکەکاندا پیشەکاری هەیە، نەک هەرپێش ئەوەی کە خەڵک بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنە مێژووییەکەی هەنگاو بنێن کە هەڵبەت لە ڕوانگەی منەوە نەگۆڕ دیارە، بەڵکو تەنانەت پێش ئەوەی سەبارەت بە دۆزینەوەی کرۆکی ئەم شێوازانە هەوڵبدەن، جێگیری و سەقامگیری شێوە سروشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین.

تەنها لەم ڕێگایەوەیە کە لێکدانەوەی نرخی شومەکەکان دەگاتە دەستنیشانکردنی قوربی بەهاو ڕوونکردنەوەی هاوبەشی شمەکەکان بۆ پارە، دەرەنجام تایبەتمەندیی بەهاکەیانی چەسپاندووە، بەڵام هەر ئەم شێوە ئامادەییەی جیهانی شمەکەکان واتا شێوەی پارە کە لە بری ئاشکراکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کارە تاکەکەسییەکان و دەرەنجام دەرخستنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کرێکارانی تاک، ڕاستیەکەی دادەپۆشێت و تایبەتی دەکاتەوە. کاتێک دەڵێین کە جل، پێڵاو و..هتد لە بەرانبەر قوماشدا بە واتای وێناکردنی گشتگیری کاری تایبەت بە مرۆڤ دادەنرێت، خێرا لایەنی شێتئاسای ئەم دەربڕینە بەرجەستە دەبێت، بەڵام کاتێک بەرهەمهێنەرانی جل و پێڵاو شومەکەکانیان بە قوماش یان بە زیوو زێڕ (کە جیاوازییەک لە بنەمای سەرەکی مەسەلەکە دابین ناکات) بە شێوازی هاوشانی گشتی

پێوانەی دەکەن، لە راستیدا پەیوەندیی کارە تایبەتەکانیان بە سەرجەم کارە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ ئەم شێوە شێئاسایە دەرکەوتووە.

ئەم شێوە هاوپۆلانە (53) زانستی ئابوری بـورژوازی پێکدێنن. ئەمانە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی متمانەپێکراون لەمڕووەوە پێناسەی دەربڕینی بیروڕایەکە کە تایبەت بە پەیوەندیی بەرهەمهێنانی ئەم شێوە دیاریکراوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی بەرهەمهێنان (واتا بەرهەمهێنانی شمەک)ە. لەمڕووەوە لەگەڵ ئەوەی روبەڕووی هەندێک شێوەی تری بەرهەمهێنانی ببینەوە ئەم لایەنە متافیزیایی و پڕ لە نهێنیەی جیهانی شمەکەکان، هەموو روتینەکانی ئەم سیحرو جادوویە چارەسەر دەکـات کە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی شمەک، بەرهەمەکانی کارکردنی بە پەردەیەک لە شێوەی هەور داپۆشیوە.

ئێستا کە زانستە ئابورییەکەی «رابین سۆن» (54) حەزی لە کایەکەیە (55)، سەرەتا لە دوورگەکەیدا سەردانی رابین سۆن دەکەین. سەرەڕای ئەوە کە کەسێکی بێ فیزە هەمیسان پێداویستیی جۆراوجۆری هەیە کە دەبێت جێبەجێیان بکات و لەمڕووەوە ناچارە دەست بداتە هەندێک کاری سوودمەند، کەرەستە و ئامراز دروستدەکات، قەنەفە ساز دەکات، «لاما» (56) ماڵی دەکاتەوە، ماسی دەگرێت و راو دەکات و هتد. هەڵبەت لێرەدا باسی نوێژو هەندێک بواری تر ناکەین، چونکە (رابین سۆن)ەکەمان چێژی لێوەردەگرێت و ئەم جۆرە چالاکییەکانە بە جۆرێک لە ئیسراحەت دادەنێت. سەرەڕای ئەوەی جۆراوجۆری چالاکییە بەبەرهەمەکانی بە باشی دەزانێت ئەو شتەی کە دابینکراوە تەنها شێوازی جۆراوجۆری چالاکییەکانی هەمان رابین سۆنە و لەمڕووەوە جگە لە جۆراوجۆربوونی کاری مرۆیی شتێکی تر لە ئارادا نییە.

ناچاری وا دەکات کە کاتەکانی بە وردی و بەگوێرەی ئەو ئەرکانەی دەبێ جێبەجێیان بکات دابەشی بکات. ئەم ئاستە ڕێزلێنانەی کە بۆ هەر یەک لەوانە لە کۆمەڵەی چالاکییەکانیدا لەبەرچاوی دەگرێت بەندە لەسەر کەم و زۆربوونی ئەو دژوارییانەی کە دەبێت لەسەر ڕێگاکەی لایبەرێت کە بۆ گەیشتن بە دەرنجامێکی بەسوود گەڵاڵە کراوە. ئەزموون هەموو ئەم شتانەی فێر دەکات. رابین سۆن کە کاتژمێرو ژمێرکارییە گشتییەکەی، قەڵەم و مەرەکەبەکەی لە خنکاندن رزگار کردووە بەمزوانە وەکو کەسێکی بەریتانی رەسەن دەست بە تۆمارکردنی بارودۆخی خۆی دەکات.

کرۆکی هێمانەکەی هەندێک شتی بەسوودن کە هەیەتی و هەروەها چەندێک کاری جۆراوجۆر کە جێبەجێکردنیان بۆ دروستکردنی شتی ناوبراو پێویستە، هەروەها ئەو ماوە زەمەنییەی کە بەشێوەی مامناوەند بۆ بەرهەمهێنانی بڕی دیاریکراوی ئەم بەرهەمەکانە بەکارهاتووە لە هێمانە ناوبراوەکەدا تۆمار کراوە. پەیوەندیی نێوان رابین سۆن و ئەو شتانەی کە سامانە خۆخوڵقێنەرەکەی پێکیدێنن ئەوەندە ساناو ساکارە کە خودی جەنابی «ماکس وبرت»یش (57)، دەتوانێت بەبێ بیرکردنەوەیەکی تایبەت لێی تێبگات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەموو تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی بەها هەر لەم پەیوەندییەدا بوونی هەیە.

ئێستاکە دوورگە درەوشاوەکەی رابین سۆن بەجێبهێڵین و خۆمان بەرینەوە بۆ سەردەمە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا. لەبری مرۆڤێکی سەربەخۆ هەر کەسێک گرێدراوی کەسێکی تر دەبینین: وەرزێر (جۆچن) و ئاغاوات، باجدەر و باجوەرگر، خەڵکی ئاسایی و رۆحانی.

گرێدراوی تاکەکەسی لە حاڵێکدا کە دیاریکەری پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانی ماددییە، شوێنی ژینگەیی کە بەرهەمهێنانی لەسەر سەقامگیرە

دەریدەبڕێت، بەڵام لەمڕووەوە کە هاوبەشیکردنی پێکەوە گرێدراوی ئاکەکەسی بناغەی ئەم کۆمەڵگە دیاریکراوەیە، پێویست بەمە ناکات کە کارو بەرهەمەکان شێوەیەکی خورافە و شێوازێکی جیاواز لە راستییەکانیان لەخۆ بگرن. کارو بەرهەمەکان بە شێوەی خزمەتگوزاری سروشتی و باجی شمەکی لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵگەیەدا دەسوڕێنەوە. لێرەدا بە پێچەوانەی چوارچێوەیەک لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی شمەک، شێوەی سروشتی کارو تایبەتمەندییەکەی شێوەی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆی کارە نەک گشتگیربوونی. هەروەها بێگاری وەکو کاری بە بەرهەمی شمەک بەپێی کات هەڵدەسەنگێنرێت، بەڵام هەموو وەرزێرێک دەزانێت بڕێکی دیاریکراو لە هێزی کارەکەیەتی کە بۆ خزمەتی ئاغاوات تەرخان دەبێت و یەک لەسەر دەیەک کە دەدرێتە قەشە روونترە لەو نوێژە خێرەی کە قەشە پێشکەشی دەکات.

لەمڕووەوە سەبارەت بەو دەمامکانەی کە لەو قاڵبەدا خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیە رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە بە هەر شێوازێک دادوەری بکرێت بە گشتی هاوبەشیکردنی کۆمەڵایەتی کەسەکان لەبارەی کارەکانیان بە شێوەی پەیوەندی ئاکەکەسیان دەردەکەوێت و بە شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی شتەکان لەگەڵ بەرهەمی کارەکان رواڵەتی خۆی ناگۆڕێت.

بۆ خوێندنەوەی کاری هاوبەش و بەکۆمەڵ، واتا ئەو کارەی کە راستەوخۆ شێوازی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتووە، پێویست ناکات بگەڕێینەوە بۆ دواوە و بە شێوەی خۆکرد لێی بڕوانین واتا شێوازێک کە لە سەرەتای مێژووی هەموو نەتەوە خاوەن شارستانیەتەکاندا دەبینرێت(58).

پیشەسازی دێهاتی و باوکسالارانەی خێزانێکی جووتیاری کە گەنم، مەڕومالآت، قوماش، جل و شتەکانی تر دابیندەکات کە پێویستیی تایبەت بە خۆیەتی، شێوازێکی نزیکتر لەم شێوە سەرەتاییە دەخاتەڕوو.

ئەم شتە جۆراوجۆرانە لە بەرانبەر خێزاندا بە شێوەی بەرهەمی جۆراوجۆری کاری خێزانی دادەنرێت، بەڵام هیچ یەک لەوانە بەرامبەر بەویتر تایبەتمەندیی شمەکی تێدا نییە. هەندێک کاری جۆراوجۆر کە ئەم شتە جیاوازە بەرهەمدێنن، لە شێوەی سروشتیاندا ئەرکی کۆمەڵایەتین وەکو: جووتیاری، بەخێوکردنی مەڕومالاَت، رستن و چنین و هتد، چونکە خۆی لە ریزی ئەرکە خێزانییەکاندا دادەنرێت و خێزان وەکو دابینکردنی شمەکێک هەر لە سەرەتاوە دابەشکردنی کاری سروشتی و تایبەت بەخۆی هەیە.

جیاوازیی رەگەزی و تەمەن و هەروەها ناکۆکییە باوەکانی تر کە دەبنە هۆی ئاڵوگۆڕی سروشتی لە کاردا دابەشکردنی کار لەنێوان ئەندامانی خێزان و هەروەها کاتی کارکردنی هەریەک لەوانە رێکدەخات، بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی هێزی تاکەکەسی کە بە دەستمایەی کات دادەنرێت، هەر لە سەرەتاوە لایەنی کۆمەڵایەتی خودی کارەکە پیشان دەدات، چونکە هەر لە سەرەتاوە هێزە تاکەکەسییەکانی کار تەنها وەکو هۆکاری هێزی بەکۆمەڵی کاری هەموو خێزانەکە کاریان کردووە.

لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی لە شێوەی دەربڕیندا ئاڵوگۆڕێکمان کردبێت با پێکەوە کۆمەڵێک لە خەڵکی ئازاد لەبەر چاو بگرین کە بە کەرەستەی بەرهەمهێنانی هاوبەش کار دەکەن و بە ئاگایی و هوشیاری بەرامبەر بە هێزە تاکەکەسییەکانو لە رادەبـەدەر کارەکانیان بەشێوەی هێزی یەکەی کۆمەڵایەتی کارکردن بەکاردێنن. ئەو شتەی سەبارەت بە کارەکانی رابین سۆن، بەتایبەتی لایەنی تاکەکەسی هەبوو، دەرەنجام هەندێ شت بوون کە یەکسەر بۆ خودی خۆی بەسوود بوو، بەڵام بەرهەمی بەکۆمەڵ یەکێتیی بەرهەمی کۆمەڵایەتییە. دیسانەوە بەشێک لەم بەرهەمە وەک کەرەستەی بەرهەمهێنان بەکاردێتو بەشێوەی کۆمەڵایەتی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەندامانی

یەکێتییەکە ئەو بەشەکەی تری وەکو کەرەستەی ژیان بەکار دێنن و لەمڕووەوە دەبێ لە نێوانیاندا دابەش بکرێت.

شێوازی دابەشکردن بەگوێرەی جۆری تایبەتی ئامرازی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان و پلەی لەیەکچوونی کامڵبوونی مێژووی بەرهەمهێنەران ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت. تەنها لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ بەرهەمهێنانی شومەکیدا هەماهەنگی دابین بکەین شیمانە دەکەین کە بەشی هەر یەک لە بەرهەمهێنەران لە ئامێرەکانی ژیاندا بەگوێرەی کاتی کارکردنەکەی دیاری کرابێت. لەمڕووەوە کاتی کارکردن دوو ئەرک جێبەجێ دەکات. لە لایەکەوە دابەشکردن لەگەڵ پلانە کۆمەڵایەتییەکەیدا گونجاندنێکی ورد لەنێوان ئەرکە جۆراوجۆرەکانی کارکردن و پێداویستییە جۆراوجۆرەکان دابین دەکات و لە لایەکی ترەوە لە هەمانکاتدا بۆ هەڵسەنگاندنی بەشی تاکەکەسی هەرکام لە بەرهەمهێنەرانی هاورێژەی کاری هاوبەش بە کار دێت و لەمڕووەوە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو بەشەی کە لە بەرهەمی هاوبەشی تاکەکەسی شیاوی بەکارهێنانە بەکار دێت. لەم دۆخەدا پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کەسەکان بەگوێرەی ئەو کارانەی جێبەجێیان کردووە هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ بەرهەمهێنانی کاردا هەم لە بەرهەمهێنان و هەم لە دابەشکردندا زۆر روون و ساکار دەمێنێنەوە.

مەسیحییەت لەگەڵ داب و نەریتی مرۆڤی تایبەت بە خۆی بەتایبەتی جۆری پێگەیشتووی پەسەندکراو لەلایەن بورژواکانەوە واتا پرۆتستانیزم و دەییزم(59) و هتد بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەرانی شمەک گونجاوترین ئایینە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی وادا هاوبەشیکردنی کۆمەڵایەتی وەبەرهێنان بەگشتی بریتی دەبێت لەوەی کە بەرهەمهێنەران بەرهەمەکانیان وەکو شمەک و دەرەنجام وەکو بەها دابنێن و کارە تاکەکەسییەکانیان لەم چوارچێوە

شتەکییەدا بە شێوەی کاری یەکسانی مرۆیی بەرامبەر بە یەکتر دادەنێن. شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیای دێرین و سەردەمی کەونارا و هتد گۆڕینی بەرهەمەکان بۆ شمەک و لە ئاکامدا ژیانی مرۆڤ وەکو بەرهەمهێنەری شمەک رۆڵی لاوەکی دەگێڕێت، بەڵام هەرچەند کۆمەڵگەی هاوبەش لە قۆناخی پووکانەوە نزیک دەبێتەوە، زیاتر گرنگی بەم رۆڵە دەدرێت. ئەو نەتەوانەی کە بەواتا تایبەتییەکەی پیشەیان بازرگانی بووە وەکو خواوەندانی «ئەبیقور» (60)، یان ئەو جوولەکانەی کە لە ئاستی بەرزتر لە خەڵک لە کۆمەڵگەی پولەندا دەژین، تەنها لە ئاستی ماوەی سەردەمە دێرینەکاندا دەردەکەون.

رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان لە رۆژگارانی دێرینەوە دوابەدوای یەک لە رێکخراوە بۆژوازییەکان ساکارترو روونتر بووە، بەڵام یان بەهۆی نەبوونی گەشەکردنی تاکەکەسی کەسانێکدان کە هێشتا وێلاژیان لە گرێدراویی سروشتی خێڵەکی لەگەڵ خەڵک دانەبڕاوە، یان لەسەر بنەمای هاوبەشیکردنی راستەوخۆی ئاغاواتی و کۆیلایەتی جێگیر بوون.

هەلومەرجی ژیانی ئەم رێکخراوانە کاردانەوەی ئاستی دابەزینی پێشکەوتنی هێزی بەرهەمهێنەری کارو سنورداربوونی کە سەرچاوە وەردەگرێت لە هاوبەشیکردنی مرۆڤەکان لە ناواخنی رەوتی دابینکردنی کەرەستەی ماددی ژیان و دەرەنجام لە بارەی پەیوەندیی نێوانیان و سروشتەوەیە. ئەم سنورە راستەقینەیە لە ئایینزا سروشتی و نەتەوەییە دێرینەکاندا رەنگدەداتەوە. بە گشتی رەنگدانەوەی ئایینزای جیهانی راستەقینە تەنها کاتێک دەتوانێت لەناو بچێت کە هەلومەرجی کارو ژیانی رۆژانەی مرۆڤ، پەیوەندیی ژیرانەی تاکەکان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ سروشتدا بە روونی و ئاشکرا پیشانبدات.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی رەوتی ژیان بە واتای رواڵەتی ماددی پرۆسەی بەرهەمهێنان تەنها کاتێک ئەو پەچە عیرفانی و تەمومژاوییە کە رووی داپۆشیوە لایدەباث کە خۆی وەکو بەرهەمی کاری مرۆیی کە بە ئازادییەوە پێکەوە کۆششی هاوبەش دەکەن و لەژێر چاودێریی هوشیارو بەگوێرەی نەخشەکەیان بێنە ئاراوە، بەڵام گەیشتن بەم قۆناخە لە کۆمەڵگەدا پێویستی بە بنەمایەکی مـاددی دیاریکراو هەیە یان کۆکردنەوەی زنجیرەیەکی هەلومەرجی ماددی لە ژیاندا کە خۆی دەرەنجامی کامڵبوونێکی مێژوویی درێژخایەن و پڕ لە ئێکۆشانە.

راستە زانستی ئابوری هەرچەند بە ناتەواوی بەهاو قوربی بەهای لێکداوەتەوە و لە ئۆوی ئەم شێوازانەدا چووەتە ناخی دوایین کرۆکی (61)، بەڵام هەرگیز پرسیاری لە خۆی نەکردووە بۆچی ئەم کرۆکە بەمشێوەیە دێنە ئاراوە، هەروەها بۆچی لە رادەی بەهای بەرهەمی کاردا کار بەهۆی بەهاو قەبارەی کار بە هۆی کاتەوە پیشاندەدرێت(62).

لە زەوێڵی بورژوازی ئەم زانستەدا تەنانەت هەندێک هاوکێشە لە پلەی کاری بەدیهێنان شێوەی ناچاربوونی سروشتی و ئاشکرا لەخۆ دەگرن کە لە ناوچاوانیاندا گرێدراوییان لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەخشێنراو کە مرۆڤ هێشتا تیایدا لە بری زاڵبوون بەسەر رەوتی بەرهەمهێناندا لەژێر رکێفیدایە.

لەمڕووەوە زانستی باسکراو لەگەڵ شێوازی رێکخراوی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی پێش بورژوازی بە هەمانشێوە هەڵسوکەوت دەکات کە باب و باپیرانی کەنیسە بەوجۆرە بەرانبەر بە ئایینەکانی پێش دەرکەوتنی خاچپەرەستی رەوایان دەبینی(63).

مشتومڕێکی بێزارکەرو بێ چێژ کە سەبارەت بە ڕۆڵی سروشت لە پێکهاتەی بەهای ئاڵوگۆڕدا ڕوویداوە پیشاندەدات تا چ ئاستێک چەندێک لە ئابورییناسان لە دەرەنجامی تایبەتمەندیی فتیشی کە جەوهەری جیهانی شمەکەکانە یان بە واتایەکی تر بەهۆی ڕواڵەتی مادیبوونی دیاریکردنی کاری کۆمەڵایەتییەوە تووشی خەون و خاپاندن بوون، چونکە بەهای ئاڵوگۆڕ بریتیە لە شێوازی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بۆ دەربڕینی کارێکە کە بۆ بەرهەمهێنانی شتێک تەرخانکراوە، بە شێوە لۆجیکیەکەی ناتوانێت شتێکی لەخۆ گرتبێت بەهۆی مادیبوونی سروشتیەوە هەروەک چۆن ناکرێت، بۆ نموونە نرخی پێشنیاریی ئاڵوگۆڕەکان بە خاوەن ناواخنێکی وەها دابنین، چونکە شێوەی شمەک گشتگیرترین و لە هەمانکاتدا شتێکە کە بە ڕادەیەکی زۆر کەم پێگەیشتووترین شێوەی بەرهەمهێنانی بورژوازییە کە زوو دەرکەوت ئەگەر چی نە بە شێوە زاڵەکەی و لە ئاستی ئەمڕۆکەدا لەمڕووەوە وا دیارە هێشتا دەکرێت تایبەتمەندییە فتیشییەکەی بە ئاسانییەکی ڕێژەیی لەودیویەوە ببینرێت. ئەم ڕواڵەتە ساکارە لە شێوە دەستنیشانکراوەکانی تردا لەناو دەچێت.

سەرئاویلکە پارەییەکان(64) لە کوێیەوە سەرچاوە وەردەگرێت؟

بەو هۆیەوە کە ئەم سیستمە نابێنێت کە زێڕو زیو لە ڕۆڵی پارەدا بە شێوەی شتی سروشتی لەگەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیی سەرسوڕهێنەردا ناسێنەری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانە، بەڵام ئایا ئابوری نوێ کە گاڵتە و سووکایەتی بە سیستمی پارە دەکات لەگەڵ ئەوەی باسی سەرمایە دێتە ئاراوە بە ئاشکرا خۆی تووشی فتیشیم نابێت؟

جیا لەوەی کە خەیاڵی فیزیۆکراتەکان کە پێداگرن بو قازانجی هەرێمی و ناوچەیی، لە کۆمەڵگەوە سەرچاوە وەرناگرێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ

لە زەوی دەڕوێت، لە کەیەکەوە چارەسەر کراوە؟

لەبەر ئەوەی بە بێهوودە نەڕۆینە پێشەوە، لێرەدا تەنها بەوە رازی دەبین کە دیسانەوە ئاماژە بە نموونەیەک بکەین کە سەبارەت بە خودی شێوەی شمەکەکەیە. ئەگەر شمەکەکان بیانتوانیبا قسە بکەن وەهایان دەوت: هەرچەندە بەهای بەکارهێنانمان بەلای مرۆڤەوە گرنگە، بەڵام بەلای ئێمەوە کە شتین هیچ تەوفیرێکی نییە، بەڵام ئەو شتەی کە وەکو شت بە لامانەوە گرنگە، بەهایە. هاتووچۆمان بە شێوەی شتی شمەکی ئەم راستییە دەسەلمێنێت. تەنها بە واتای بەهای ئاڵوگۆڕە کە ئێمە لەگەڵ یەکتردا لە پەیوەندیدا دەبین و بەس.

ئێستا با ببیستین ئابوریزانێک بە چ شێوازێک باسی ناواخنی شتەکان دەکات: «بەها (بەهای ئاڵوگۆڕ) تایبەتمەندی شتێکە، بەڵام سامان (بەهای بەکارهێنان لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە».

بەها بەم واتایە بەناچار پێویستی بە ئاڵوگۆڕە. لە حاڵێکدا سامان پێویستی بە وەها جێبەجێکردنێک نییە(65)، «سامان (بەهای بەکارهێنان تایبەتمەندییەکی مرۆڤانەیە، بەڵام بەهای تایبەتمەندیی شمەکەکانە. کەسێک یان کۆمەڵێک) بێ سامانە، بەڵام مرواری یان ئەڵماس بەهادارە، یەک مرواری یان ئەڵماسێک وەک ئەوەی مروارییە یان ئەڵماسە بەهادارن»(66 ).

تا ئێستا هیچ کیمیازانێک بەهای ئاڵوگۆڕی لە مرواری یان ئەڵماسدا نەدۆزیوەتەوە، بەڵام ئەو ئابوریزانانەی کە ئەم جەوهەرە کیمیاییەیان دۆزیوەتەوە و خۆیان بە رەخنەگری وردبین دادەنێن، بە پێچەوانەوە وا دۆزیویانەتەوە کە شتەکان جیا لە تایبەتمەندییە مادییەکەیان خاوەن بەهای بەکارهێنانن، بەڵام بەها لە شتبوونیانەوە سەرچاوە وەردەگرێت. ئەو شتەی ئەمانە لەسەر بیروڕاکەیان شێلگیر دەکات ئەم مەسەلە سەرسوڕهێنەرەیە

که بەهای بەکارهێنانی شمەک بەبێ ئاڵوگۆڕ بۆ مرۆڤی دابین دەکاث و دەرەنجام بەهۆی کاریگەری پەیوەندیی راستەوخۆ لە نێوان شث و مرۆڤدا روودەداث لە حاڵێکدا بە پێچەوانەوە بەها جگە لە ئاڵوگۆڕ، واتا جگە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئەگەری جێبەجێبوونی نییە.

کێ لێرەدا ئەو پیاوچاکە (داگبری) بەبیر ناهێنێتەوە کە بەمجۆرە «سیکۆل»ی (67) پاسەوانی شەوی فێر دەکرد: «هەبوونی روخساری جوان خوڵقێنراوی بەڕێکەوتە، بەڵام خوێندن و نوسین لە سروشتەوە سەرچاوە وەدەگرێث» (68).

---

1 – کارل مارکس: لەبارەی رەخنەگرتن لە زانستی ئابوری، بەرلین 1859، لاپەڕە 3.

2 – "تکاکردن پێداویستی گەرەنتی دەکاث و بە واتای ئیشتیهای دەروونە. هەر بەو رادەیە سروشتییە کە برسیەتی بەرامبەر بە جەستە سروشتییە. زۆرجار (شتەکان) لەبەر ئەوە بەهادارن کە پێداویستیەکانی ناخ دادەمرکێنن".

Nicolas Barbon: "A Discourse Concerning coining the new money lither, in answer to Mr. Lockes Considerations etc". London 1696. p. 23–.

3 – شتەکان خاوەن تایبەتمەندیی ناواخنن (چاکە)، (ئەم وشەیە لە لای «بربون» دەستەواژەیەکی دیاریکراوە بۆ بەهای بەکارهێنان) کە لە هەموو شوێنێکدا خاوەن هەمان چاکەیە. هەر وەک چۆن موگناتیس، ئاسن بەرەو لای خۆی رادەکێشێث (هەمان کتێب لاپەڕەی 16) تایبەتمەندیی موگناتیس بۆ راکێشانی ئاسن کاتێک بەسوود دەبێث کە بەهۆی ئەوەوە

جەمسەری موگناتیسی دەدۆزرێتەوە.

4 -بەهای سروشتی لە تایبەتمەندییەکدایە کە ئـەو شتە بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان هەیەتی یـان بە کەڵکی دڵخۆشییەکانی ژیانی مرۆڤ دێت.

(John Lock: Some Consideration on the Lowering of interest “1691, in “works” Ausg. London. Consequences of 1777, Bd. II, S. 28.)

لە سـەدەی هەڤدەهەم لە یەکێتی نـووسـەرە بەریتانییەکاندا دیسانەوە رووبـەڕووی دوو دەستەواژەی (بۆ بەهای بەکارهێنان و بۆ بەهای ئاڵۆگۆڕکردن) دەبینەوە. ئەمەش بە تەواوی شیاوە لەگەڵ ناواخنی زمانەوانیدا کە پێیخۆشە ئامرازێکی پەیوەندی نادیار بە ژرمەنی (ئەڵمانی) دەرببڕێت و شتێکی بیرلێکراو بکاتە رۆمی.

5 - لە کۆمەڵگەی بورژوازیدا ئەم بیرۆکە دادوەرانەیە زاڵە کە هەرکاتێ کەسێک کڕیار بێت ئەوە ناسینی تەواو زانستی هەیە لەبارەی شمەکەکانەوە.

6. «بەها بریتیە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ کە لەنێوان جۆرە شومەکێک لەگەڵ جۆرە شمەکێکی تردا هەروەها لە نێوان رێژەیەک لە بەرهەمێک لەگەڵ رێژەیەکی تردا بوونی هەیە».

لوترۆن: لە بارەی بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتی فیزیۆکراتەکان، پاریس، لا 889.

7. هیچ شتێک ناتوانێت خاوەن بەهای ناوخۆیی بێت» (بربون لە هەمان کتێبی پێشو کە باسمان کرد، لا 6) یان وەک چۆن (بتلەر) دەڵێت: بەهای هەر شتێک بە هەمان رێژەیە کە لێی دەردەکەوێت.

8. (وەرگێڕانی دوایین رستە کە لە بابەتەکەدا هاتووە ئەمەیە: «سەد لیرە ئەستەرلینگ بە شێوازی قوڕقوشم یان ئاسن هەر بەو رادەیە بەهادارە کە 100 لیرە ئەستەرلینگ بەرامبەر بە زیو یان ئاڵتون هەیەتی» (ن. بربون، کتێبی پێش وتار، لاپەڕە 53 و 7).

9. «بەهای شمەکی سوودمەند کە بەبەردەوامی پێکەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن لە رێگای رێژەی ئەو کارەی کە بۆ وەبەرهێنانیان بە پێویست تەرخان دەبێت و زۆرجار بەکاردەبرێت دەستنیشان دەکرێت».

("Some Thoughts on the interest of money in funds etc." London, p. 36)

ئەم بەرهەمە بڕواپێکراو و بێ ناونیشانەی سەدەی رابردوو هیچ بەروارێکی لەسەر نییە. سەرەڕای ئەمەش لە ناوەڕۆکەکەیدا وا دەردەکەوێت کە لە سەردەمی (جۆرج)ی دووهەم لە ساڵی 1739 یان 1740 بڵاو کرابێتەوە.

10. لە راستیدا هەموو بەرهەمەکان لە شێوازە کۆمەڵێکی یەکە پێکدێن کە نرخەکەیان بە گشتی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی بواری تایبەتی هەر یەکەیان دەستنیشان دەکرێت». لوترۆن هەمان کتێبی پێشوو، لاپەڕە، 893.

11. کارل مارکس، رەخنەگرتن لە زانستی ئابوری... لاپەڕە 6.

12. بوشێل پێوانەی کێشە لە بەریتانیا بۆ دانەوێڵە رێژەیەکی بەرامبەرە بە 13 لیتر.

13. ویلیام جاکوب (1762–1851) سەرژمێریاری بەریتانی.

14. ئەشۆگە (ویلهێلم لودویک) زەویناسی ئەڵمانی بەرپرسی کانگاکانی پورتوگال، لەدایکبووی 1777، مردن 1855.

15. فریدریک ئەنگێلس لە چاپی چوارەمی ئەڵمانیەکە لێرەدا رستەیەکی لەنێوان دوو کەوانە هێناوەتەوە وەک لای خوارەوە:

«نەک هەر بۆ کەسێکی تر، جوتیار لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەهرەی ئاغاوانی وەک گەنم بۆ ئاغای دەرەبەگ وەبەردەهێناو بە هەمان شێوەش یەک لە سەدی ڕۆحانییەکانیان وەبەردەهێنا، بەڵام نە گەنمی بەهرەی ئاغاوانی بە شومەک دادەنرا نە یەک لە سەدی ڕۆحانییەکان، لەبەر ئەوە بۆ کەسێکی تر وەبەرهێنراوە. بۆ ئەوەی وەبەرهێنانێک ببێتە شمەک دەبێت بەرهەم لە ڕێگای ئاڵوگۆڕەوە تەسلیمی کەسێکی تر بکرێت کە لەلایەن بەها بەکارهێنانەکەی کەڵکی لێوەردەگرێت». پاشان ئەنگێلس لە پەراوێزی چاپی چوارەمدا درێژەی پێدەدات: «من ئەم بەشەم لەنێوان دوو کەوانە نووسیوە و لێرە دامناوە، چونکە زۆرجار خوێنەر گرنگی بەم خاڵە نەداوە بە هەڵەدا چووە و وایزانیوە مارکس هەموو بەرهەمێک بە شمەک دادەنێت کە کەسێک جیا لە وەبەرهێنەر بە کاری بهێنێت.

16. لەبارەی رەخنەگرتن لە زانستی ئابوری، لاپەڕە 12–13و پاشان ناوەڕۆکە ئەڵمانییەکەی) (وەرگێڕانی فەرەنسی، لا 16و دوایی).

17. "گشت دیاردە جیهانییەکان چ ئەوانەی کە لە کاری مرۆڤەوە سەرچاوە وەردەگرن یان ئەوانەی کە لە یاسا گشتییەکانی سروشت سەرچاوە وەردەگرن لە ڕاستیدا ئافراندنێکی نوێ نین، تەنها بریتین لە ئاڵوگۆڕێکی ساکاری ماددە. کۆکردنەوە و جیاکردنەوە تاقانە هۆکارێکن کە بیری مرۆڤ بە بەردەوامی لەبارەی شیکردنەوەی چەمکی نۆژەنکردنەوەی وەبەرهێنان ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەمەش خۆی جۆرێک نۆژەنکردنەوەی بەرهەمهێنانی بەهایە (مەبەست بەهای بەکارهێنانە سەرەڕای ئەوەی کە (وری) لە بەرهەڵستی نوسیندا دژی فیزیۆکراتەکان بە باشی نازانێت کە باسی کام یەک لە بەهاکان دەکات) و. کاتێک زەوی هەوا و ئاو دەبنە دەنگ، یان دەستی مرۆڤ لیکی مێروویەک دەکاتە ئاورێشم یان هەندێک پارچەی بچوکی کانزا

بە شێوەیەک ڕێکدەخرێن کە کاتژمێرێک درووست دەکات کە زەنگی هەیە.

پیترو وری- «قووڵبوونەوە لە زانستی ئابوری» کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی 1773 لە کۆمەڵەی ئابورناسانی ئیتالیادا بە قەڵەمی کوستۆدی لە چاپدراوە- بەشی نوێ بەرگی 15، لاپەڕە 22.

18. (1623-1687) ئابورناس و سەرژمێریاری بەریتانی کە مارکس ناوی «دامەزرێنەری زانستی ئابوری نوێ و یەکێک لە بلیمەتترین و خوڵقێنەرترین لێکۆڵەرە ئابورییەکان»ی لەسەر داناوە.

19. سەیری کتێبی هیگڵ بکەن: فەلسەفەی ماف (بەرلین 1840، لا 190-250)

20. خوێنەر دەبێت سەرنجی ئەم خاڵە بدات کە لێرەدا مەبەست مووچە یان بەهایەک نییە کە کرێکار بۆ نموونە لە بەرامبەر یەک ڕۆژ کارکردندا وەریدەگرێت، بەڵکو مەبەست لەوە بەهای شمەکێکە کە ئەم یەک ڕۆژ کارکردنە تیایدا وێنا کراوە. لە قۆناخی ئێستای لێکۆڵینەوەدا هێشتا باسی مەسەلەی مووچەی کار نییە.

21. بۆ ڕوونبوونەوەی بابەتەکە وا شیمانە بکەین هێزی وەبەرهێنەر بۆ دوورینی یەک دەست جل، یەک کاتژمێری پێویستە. ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە هێزی وەبەرهێنەر بێتە ئارا بەو جۆرەی کە بکرێت لە ماوەی یەک کاتژمێردا دوو دەست جل بدوورین، ڕێژەی بەهای بەکارهێنان (2) ئەوەندە دەبێتەوە، بەڵام ئەو ڕێژە کارە کە لە یەک دەست جلی پێشۆ و یەک دەست جلی ئێستادا هەیە، یەک کاتژمێرە واتە یەک کاتژمێر کارکردن لە خۆیدا یەک کاتژمێرە چ لە دواکەوتووترین بارودۆخ و چ لە پێشکەوتووترینەکەیدا یەک کاتژمێر کارکردن بەرامبەرە بە یەک کاتژمێر بەهای وەبەرهێنان، نە زیاتر نەش کەمتر. لەلایەکی ترەوە، چونکە کۆی کاتی پێویست بۆ وەبەرهێنانی

(2) دەستە جل کورتتر بووەتەوە، ئێستا لەبری (2) کاتژمێر گۆڕاوە بۆ یەک کاتژمێر، ڕێژەی بەهای (2) دەستە جل کەم دەبێتەوە بۆ نیو. و:فارسی

22. بۆ سەلماندنی ئەم مەسەلەیە کە «کار تەنها پێوانەی دەستنیشانکراو و ڕاستەقینەیە کە بەوپێیە بەهای گشتی شمەکەکان لە هەموو کاتێکدا دەکرێ هەڵبسەنگێنرێت و پێوانە بکرێت»، ئادام سمیس وەها دەڵێت:

«ڕێژەی یەکسانی کار لە هەر کات و شوێنێکدا دەبێت بۆ کەسی کرێکار یەک بەهایان هەبێت. کرێکار لە دۆخی ئاسایی تەندروستی و وزەو چالاکی و بە پلەی مامناوەندی کارامەیی کە دەتوانێت هەیبێت بەردەوام ناچارە هەمان ڕادە لە ئیسراحەت، ئازادی و بەختەوەری خۆی فیدا بکات». (سامانی نەتەوەکان، کتێبی یەکەم، بەشی پێنجەم، لەندەن 1836، تەوەری یەکەم، لاپەڕە 104). لە لایەکی ترەوە ئادام سمیس لێرەدا (نەک لە هەموو شوێنێک) گرێدراویی بەها لەگەڵ کۆی کاری بەکارهاتوو بە هەڵەدا دەچێت لە وەبەرهێنانی شمەک کە گرێدراوی بەهای شمەکە بۆ بەهای کار، لەمڕووەوە دەیەوێت بیسەلمێنێت کە هەر ڕێژە لە کار خاوەن یەک بەهایە. لەلایەکی ترەوە شیمانە دەکات کاتێک کار لە بەهای شمەکەکاندا ڕەنگدەداتەوە تەنها وەک بەکارهێنانی ڕێژەیەک لە هێزی کار دەژمێردرێت، بەڵام تەرخانکردنی ئەم هێزە وەک کردارێکی ئاسایی ژیان ناژمێردرێت، بەڵکو بە تەواوی بە فیداکردن دەیزانێت، تەنانەت بە ئازادی و بەختەوەری دایدەنێت. ڕاستە کە مەبەستی بەرەو داگیرکەرانی سەردەمی نوێیە. ئادام سمیس کە لە پەراوێزی ژمارە (9)دا باسی دەکات بە ڕاستییەکی زیاترەوە دەڵێت: «پیاوێک ماوەی یەک هەفتە بۆ وەبەرهێنانی ئەم شتە سوودمەندە ئەزیەتی کێشاوە، ئەو کەسەش کە لەبری ئەوە شتێکی تری پێدەدات جگە لەوە حیسابی ئەوە بکات لە ڕاستیدا چ شتێک بۆ ئەو هەر ئەم ڕێژە کارو کاتەی بۆ

ئەرخانکردووە، ڕێگایەکی باشتر لەبەردەستدا نیە بۆ قەرەبووکردنەوەی. لە ڕاستیدا ئەمە بە واتای ئاڵوگۆڕی کارێکە کە کەسێک لە کاتێکی دیاریکراودا بۆ شتێک تەرخانی کردووە لە بەرامبەر کاری کەسێکی تر کە لە هەمانکاتدا بۆ شتێکی تر تەرخانی کردووە». (Some Thoughts on the Interest of Money etc. p. 39) (یاداشتی چاپی چوارەم: زمانی ئینگلیزی خاوەن ئەم تایبەتمەندییانەیە کە بۆ دوو دیوی جۆراوجۆری کار دوو وشەی جیاوازی هەیە. هەر کارێک کە بەهای بەکارهێنان درووست دەکات و لە بواری چۆنێتییەوە دەستنیشان کراوە، پێی دەوترێت work، لە بەرامبەر وشەی labor (هێزی مرۆیی) واتا ئەو کارەی کە بەها پێکدێنێت و تەنها لە بواری ڕادەوە پێوانە دەکرێت پێی دەوترێت labor لە بەرامبەر وشەی workدا. سەیری نوسینەکە بکەن کە بۆ وەرگێڕانی ئینگلیزییەکە کراوە. لا –14 ف.ا.)

23. ئاماژەیە بۆ ڕۆحانی (ناڵستاف) کاپتەینی بەریتانی کە (شکسپیر) ئەوی لە ریزی بەناوبانگترین ژنانی (شادویندسور) وەک نموونەی خراپەکاری و دڵڕەقی ناساندووە. و: فارسی

24. چەندین ئابوریناسی دەگمەن وەک ( (S. Bailey لێکدانەوەیان بۆ شێوەی بەها کردووە نەیانتوانیوە بە هیچ جۆرە ئاکامێک بگەن، چونکە یەکەم ئەوانە بەهاو شێوەی بەها پێکەوە تێکەڵ دەکەن و پاشان لەژێر دەسەڵاتی دۆخی سەرسەختی بورژوازیی جێبەجێکردندا پێش هەموو شت بە شێوەی سنوردار سەرنجی وردبینی بۆ سەر ڕادەی بۆچوونیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ”زاڵبوون بە سەر ڕادەدا.. بەها دابین دەکات“.

Money and is vicissitudes, London, 837, p, 11 S.)
(.Bailey

25. پەراوێزی چاپی دووهەم یەکێک لە زانایانی ئابوری کە پاش (و.پتی) درکی بە کرۆکی بەها کرد (فرانکلین)ی بەناوبانگە کە دەڵێت: «چونکە بازرگانی بە کورتییەکەی شتێک نییە جگە لە گۆڕینەوەی کارێک لەگەڵا کارێکی تردا، بەم کارە دەکرێت بە باشترین شێوە بەهای هەموو شتێک بخەمڵێنرێت».

بەرهەمەکانی فرانکلین. چاپی بوستۆن 1836، بەرگی دووهەم، لاپەڕە 267. فرانکلین ئەم خاڵەی نەدەدۆزییەوە کە دەرەنجام دەست نیشانکردنی بەهای هەموو شت بە کارکردن، لە ناکۆکی ئەو کارانەی ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت چاوپۆشی کـردووە و لەم ڕێگایەوە ئەوانەی گواستووەتەوە بۆ کاری یەکەی مرۆیی. سەرەڕای ئەمەش ئەو شتە کە خۆی نایزانێت دەریدەبڕێت. سەرەتا باسی کارێک دەکات پاشان باسی کارێکی ترو دەرەنجام باسی کار دەکات بەبێ هیچ جۆرە تایبەتمەندییەک، باسی ئەو کارە دەکات کە وەک بنەمای بەهای هەموو شمەکەکان بینراوە.

26. مەبەست لە بەرخی خواوەندی، (عیسا)ی مەسیحە کە لە زاری کەنیسەدا پێی دەوترێت بەرخی بێ عەیبی خواوەند، لەمڕووەوە بە لاینگرانی مەسیح دەڵێن مەڕ، یان پەزی خواوەندی.

27. ئاماژەیە بۆ قسەکانی (هینری چوارەم) پاشای فەرەنسا لە کاتی ڕێچەوتکردنەوە لە ئایینزای پرۆتستان و ئامادەبوون بۆ داگیرکردنی پاریس کە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بە زمانی فەرەنسی نوسراوە. لێرەدا نوسەری سەرمایە ویستوویەتی پیشان بدات بە چ شێوەیەک فرمانی valoir لە زمانی فەرەنسیدا مەبەستەکە دەردەبڕێت. بەهای پاریس بە شێوازی پێوانەکردن لەگەڵ نوێژدا دیاریدەکرێت، نە بەهای خودی نوێژەکە. چاوکی بەهاداربوون لە زمانی فارسیدا هەر بەمشێوەیەیە.

28. له هەندێک رووەوە مرۆڤ وەک شمەک وایە. لەسەر ئەو بیرۆکەیە کە مرۆڤ بە هەموو تایبەتمەندییەکانی سروشت یان وەک فەیلەسوفێکی فیتشەیی کردار لە دایک نابێت تاکو بڵێت (من منم)، سەرەتا خۆی لە مرۆڤێکی تردا رەنگدەداتەوە. تەنها بەهۆی پێوانەکردنی خۆی لەگەڵ مرۆڤێکی تر وەک (پل) وەک رەگەزێکی هاوشێوەی خۆیەتی کە مرۆڤێک وەک (پیتەر) بۆ چۆنێتی مرۆییانەی خۆی زانست بە دەست دێنێت. لەمڕووەوە (پل) بە پێست و مووی خۆیەوە بە پەیکەری (پل)یەتی خۆیەوە لەبەرچاوی ئەو وەک شێوەی دیاردە ئاسای مرۆڤ دەردەکەوێت.

29. یەکەی کۆن بۆ کێشی (دانەوێڵە)، یەکسانە بە 12 لیتر و نیو.

30. یەکەی کۆن بۆ کێش بەرامبەر بە نیو کیلۆ.

31. دەستەواژەی بەها هەر بەوجۆرە کە لە لای سەرەوە لە سووچ و کەلەبەرەوە چەندین دۆخی لە خۆ گرت، لێرەدا بە واتای بەهاکەیە کە لە بواری رادەوە دیاریکراوە، لەمڕووەوە بۆ بڕی بەها بەکارهاتووە.

32. چونکە رادەی کارەکە بۆ وەبەرهێنانی خوری بە نەگۆڕ شیمانە کراوە، ئەگەر بە هەر هۆیەک رادەی بەرهەمی خوریەکە زیادو کەم بکات هەمان رادەی کار بەگوێرەی کۆی بەرهەمی بەدەستهاتوو دابەش دەبێت و لەمڕووەوە ئاراستەی رادەی کارەکە لە هەموو بەشێکی بەرهەمەکەدا کەم و زیاد دەکرێت و دەرەنجام بەهاکەی دەگۆڕدرێت.

33. یاداشتی چاپی دووهەم-ئابوریناسە گشتییەکان بە زیرەکی و دانایيە ئاساییەکەیان کەڵکیان وەرگرتووە لەم ناکۆکییەی نێوان رێژەی بەهاو ئەکسپەرسیۆنە رێژەییەکەی. بۆ نموونە دەڵێن: «سەرەڕای ئەوەی کە کاری تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنانی A نەگۆڕ ماوەتەوە ئەگەر پەسەندی بکەین کە A کەم دەبێتەوە، B کە لەبری ئەو گۆڕاوە زیاد دەکرێت، بەمشێوەیە

بنەمای گشتیتان بە مەبەستی دیاریکردنی بەها لەسەر زەوییەکە داوە. ئەگەر قبوڵ بکەن کە بەهای B بەگوێرەی A لەمڕووەوە کەمدەبێتەوە کە بەهای A بەگوێرەی B زیاد دەکرێت، ئەو بناغەیە کە (ریکاردۆ) بەگوێرەی ئەوە بنەما گەورەکەی خۆی درووست کردووە، بەو پێیە کە بەهای شمەکێک ئەنجامی رێژەی ئەو کارەیە کە لەخۆی گرتووە و خاپوورتان کردووە. لە راستیدا ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە بەکارهێنانەکانی A دا بێتە ئارا کە نەک هەر بەهاکەی بەگوێرەی B کە لەگەڵیدا ئاڵوگۆڕ کراوە بگۆڕدرێت، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش کە هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک لە کۆی کاری پێویست بۆ وەبەرهێنانی B بەدەست نەهاتووە، بەهای B بەگوێرەی A بگۆڕدرێت، ئەمە نەک هەر هۆی شکستی بیروڕایە کە پێیوایە بەهای شمەکێک بەندە لەسەر رادەی کاری تەرخانکراو بۆ دابینکردنی، بەڵکو پێویستکراوی شکستی بیروڕایەکی ترە کە بەهای شمەکێک بەپێی خەرجی وەبەرهێنانەکەی رێک دەخرێت».

J. Broadhurst: "Treatise on political Economy". London, "1842. p. 11, 14

پیاوێک بە ناوی "برۆدهۆرست" ئەگەری هەبوو بڵێت: «ئەم رێژە ژمارەییانە بۆ یەک جار لەبەرچاو بگرین 10/20 10/50 10/100. ژمارەی 10 نەگۆڕە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش رادەی رێژەکەی واتا بڕەکەی بەگوێرەی ژێربەشی 20، 50، 100 بە بەردەوامی کەم دەکات. کەواتا بەمشێوەیە ئەو بنەما گەورەیە کە بەو پێیە رێژەی ژمارەیەکی راست وەکو 10 بەگوێرەی بڕی ئەو یەکانەی تێیدایە «رێکدەخرێت»، لە زەوی دەدرێت.

34. ئاماژەیە بۆ پەندێکی پێشینیانی بەناوبانگی ئەڵمانی «پۆشاکەکان مرۆڤ پێکدێنن».

35. لە دەقی ئەڵمانی کتێبەکەدا دەقاودەق دەقەکانی ئەرەستۆ بە یۆنانی نوسراوە، بەڵام لەم وەرگێڕانەدا هێنانی دەقە یۆنانیەکەمان بۆ کەسانی فارسی زمان بە شتێکی زیادە زانیوە، بۆیە چاوپۆشیمان لێکردووە. (ئەم شرۆڤەیە لەبارەی هەرسێ دەقەکەی ئەرەستۆ پشتڕاست دەکاتەوە) و: فارسی

36. دەقاودەق شرۆڤەی پێشۆ.

37. ناوی مرکانتیلیست بە گرووپێکی ئابورىناس دەوترێت کە لە سەدەی پانزەهەمدا دەرکەوتووە و تا کۆتایی سەدەی هەڤدەم بڕوایان باو بووە. ئەمانە بنەمای سامانیان بە کەڵەکەکردنی زێڕو ئاڵتون دەزانی و لە راستیدا دەتوانرێت یەکبوونی سەرمایە و پارە بە بناغەی باوەڕییان دابنرێت. مرکانتیلیزم لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتی شوێنەکانەوە هەندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، بەڵام ئەم بنەمایە کە سامانی ماددی لە سەر بنەمای بڕی کانزا بەنرخەکانە بە بنەمای ئەندێشەیی هەموو لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە مایەوە.

38. (1777–1861) ئابوریناسە فەرەنسییەکان کە مارکس نازناوی پیاهەڵدانی سیستمی قەدەغەکردنی بناپارتی لەسەر داناوە.

39. (1758–1836) شارل گانیث ئابوریناس و سیاسەتمەداری فەرەنسی لە قوتابخانەی نوێ مرکانتیلیستەکان.

40. (یاداشتی چاپی دووهەم)

F. D. A Ferrier (sous– inspecteur des douanes): "Du Gouvernem considere dans ses rapports avec le commerce." Paris 1805, –ch. Ganith: Des Systemes Ipolitique. Paris, 1821.

41. (1801–1850) ئابوریناسی فەرەنسی لە قوتابخانەی لیبڕاڵ و

گرنگترین پیاهەڵدانی قوتابخانەی لیبراڵیزم لە سەدەی نۆزدە.

42. (1821–1920).و

43. گەڕەکی بانکەوانەکان و مەعامەلەچییەکانی شاری لەندەن.

44. یاداشتی چاپی دووهەم: بۆ نموونە بەرامبەر بە یەک، بەهای شمەکێک لە زنجیرەیەک لە شتە جۆراوجۆرەکاندا دەرکەوتووە.

45. هەر لەمڕووەوە کاتێک بەهای قوماش لەگەڵ جلدا پیشاندەدرێت باسی بەهای پۆشاکی قوماش دەکرێت، هەروەها کاتێک کە ئەم بەهایە بەهۆی گەنمەوە پیشاندەدرێت باسی بەهای گەنم دەکرێت و هتد. هەریەک لەم ئەکسپەرسیۆنانە بە واتای ئەوەیە کە بەهای قوماش لە بەهای بەکارهێنانی جل، گەنم و هتد دەرکەوتووە، «چونکە بەهای هەر شمەکێک پەیوەندییەکەی لە ئاڵوگۆڕکردن (لەگەڵ هەر شومەکێکی شیمانەکراوی تر) پیشاندەدات، ئێمە دەتوانین لە بەهای ئەو شمەکە بە شێوەی بەها گەنم یان جلبوونی ئەو شومەکە بە پێی ئەو شومەکە کە پێوانەمان لەگەڵ کردووە باسی لە سەر بکەین. لەمڕووەوە بەو رادەیە کە شمەکەکان لە ئارادان، هەزاران جۆری جۆراوجۆر لە بەها دەدۆزرێتەوە کە هەموویان هەم راستەقینەن و هەم وێناکراون».

(سە. بایلە)، نووسەری ئەم نوسینە بێ ناونیشانە کە لە سەردەمی خۆیدا هەراو هورایایەکی زۆری لە بەریتانیا نایەوە، پێیوایە کە بە ژماردنی ئەم ئەکسپەرسیۆنە جۆراوجۆرەی رێژەییەی بەهای شمەکێک هەرجۆرە پێناسەی چەمکی بەهای لەناو بردووە. سەرەڕای سنورداربوونی بیرکردنەوەکەی، (بایلە) چەندێک لە هەڵە تیۆرییەکانی (ریکاردۆ)ی درکاند و لەمڕووەوە رووبەڕووی پەلاماری رق لەدڵانەی قوتابخانەی ریکاردۆیی دا، بەتایبەتی لە گۆڤاری «وێست مینەسنیر رویۆ»دا.

46. لە یەکەم روانیندا شێوەی ئاڵوگۆڕپەسەندی راستەوخۆ و گشتگیر بە هیچ شێوەیەک واتا ناداتْ کە خودی ئەمە یەکێکە لە شێوە ناکۆکەکانی شومەک، هەروەها لە شێوەی ئاڵوگۆڕپەسەندی راستەوخۆدا هەر ئەوەندە لێکدانەبڕاوە کە سروشتی پوزەتیڤی یەکێک لە جەمسەرە موگناتیسییەکان لێکدانەبڕاوە لە سروشتی نێگەتیڤی جەمسەرەکەی تر. لەمڕووەوە ئەگەری هەیە وا وێنا بکرێتْ کە دەکرێتْ خێرا مۆری ئاڵوگۆڕپەسەندی سەربەخۆ لە سەر هەموو شومەکێک بدرێتْ هەر بەو شێوەیە کە هەموو کەسێک ئازادە بەمجۆرە بیر بکاتەوە کە هەموو کاسولیکەکان دەتوانن بگەنە پلەی پاپی (گەورەی هەموو قەشەکانی جیهان). ئەگەر رزگاربوون لە دەستْ دژوارییە سروشتییەکانی ئەمشێوەیە و بەتایبەتی لە دەستی ئاڵوگۆڕپەسەندی سەربەخۆی شمەکەکان ئاسان بکرایە، بە دڵنیاییەوە بۆ بورژوای ئاستْ نزم کە وەبەرهێنانی شمەکێک بە (لوتکە)ی ئـازادی و سەربەخۆیی تاکەکەسی دادەنێتْ، زۆر چێژبەخشە. سوسیالیزمی «پـرۆدون» جگە لە رەنگ تێهەڵسوڕانی ئەم خەیاڵکردنە روتینیە شتێکی تر لە ئارادا نییە و هەروەها بەوجۆرە کە لە شوێنێکی تردا پیشانمداوە تەنانەتْ پرۆدون توانایی داهێنان و پێشهەنگاوی لەمبارەیەوە نییە، چونکە (گری) و (بری)و کەسانیتر سەردەمانێک پێشتر بەپێی تێپەڕبوونی کاتْ باشتر لە ئەستۆیان گرتووە. ئەم کارەش نەبووە هۆی ئەوە کە بیرکردنەوەی بیرمەندانەی وەها لە سەردەمی ئێمەدا لەژێر ناوی زانستْ و فێربوون لە هەندێک کۆمەڵگەدا ببێتە باو. تا ئێستا هیچ قوتابخانەیەک زیاتر لە قوتابخانەی پرۆدون کەڵکی لە وشەی زانستْ وەرنەگرتووە، چونکە «لەو شوێنەی بیرکردنەوە توانای نامێنێتْ وشەیەک پڕ بە پێستی دێتە ئاراوە».

(دوایین رستە لە نمایشنامەی فاوەستْ لە نووسینی گوتە وەرگیراوە،

ئەو رستەیە کە باسکرا لە بەشی یەکەمی نمایشنامەکەدا وتاری شەیتانە).

47. بریتیە لە شمەکێک کە خەڵکی سەردەمی سەرەتایی یان تایفە دواکەتووەکانی ئێستا بە پیرۆزی دادەنێن و وەکو بت کڕنۆشی بۆ دەبەن و زۆرجار وەکو باب و باپیرانی تایفەکەیان دەیپەرستن.

48. لە بیر ماوەتەوە کاتێک وڵاتی چین و مێزەکان هەڵپەڕین وا دیاربوو شوێنەکانی تری جیهان بە بێدەنگی ماوەتەوە. (بۆ هاندانی کەسانیتر).

49. پەراوێزی چاپی دووەهەم لەلای ژرمەنە(ئەڵمانی) کۆنەکان قەبارەی یەک مورگەن زەوی بە گوێرەی بڕی کار لە رۆژێک دادەنراو لەبەر ئەمەشە کە مورگەن (هەروەها diornalis یان Tagwanne)، jurnalis، jurnalis، terra jurnalis، یان Mannsmahd، mannskraft jurnale)، Mannshauet Mannwerkو هتد خوێندراوەتەوە. سەیری کتێبی "گیۆرک لودویک"-شێوازی ماڤێرەر بکەن. Georg Ludwig von Maurer. "Einleitung zur Geschichte der Mark, Hof, usw. Verfassung" .Munchen 1854, s. 129f

50. پەراوێزی چاپی دووهەم، کەواتا کاتێک (گالیانی) دەڵێت: «بەها بریتییە لە پەیوەندیی نێوان کەسەکان». پێویستە ئەم رستانەی بۆ زیاد بکات: «ئەو پەیوەندییەی لە توێی شتەکاندا شاردراوەتەوە».

(گالیانی لاپەڕە 220 بەشی سێیەم لە کۆمەڵەی کوستۆدی لەژێر ناوی:

Scrittori Classici Italiani di Economia politica" parte"

.(Moderna. Milano, 1803

51. میسرییە کۆنەکان و بە گشتی هەر خەتێک کە بە ئاسانی نەخوێندرێتەوە.

52. لەبارەی یاسایەک کە تەنها دەتوانێت لە ڕێگای شۆڕشە دوا بەدوای یەکەکاندا زاڵ ببێت دەبێت چۆن بیر بکەینەوە؟ ئەوە یاسایەکی سروشتییە کە جەخت لەسەر ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە هوشیارییان نییە و لەژێر کاریگەرییدان. «فریدریک ئەنگێلس» لە کۆی ڕۆژمێرە ساڵانەکانی ئەڵمانیا و فەرەنسەدا لە سەر دەستی (ئارنۆڵد روگە)و (کارل مارکس) لە ساڵی 1844 لە پاریس لە چاپ دراون.

53. لە واتای ئەرەستۆیی ئەم وشەیە لە بەرانبەریدا کە پاشاکانی کۆن و ئێران و عەرەب لە هەندێک بواردا هێمای وشە یۆنانییەکە (غاتیغوریاس) یان بەکارهێناوە (دە وتارەکە، یان غاتیغوریاس) و: فارسی.

54. (رابین سۆن کرۆزەڤ) پاڵەوانی چیرۆکێکە کە (دانیل دوفۆ)ی بەریتانی لە ساڵی 1719 نوسیویەتی و باسی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بەسەر پاڵەوانی چیرۆکەکەدا ڕابوردووەو پاش ئەوەی خەریکە لە ئاودا بخنکێت رزگاری دەبێت و دەکەوێتە دوورگەیەک کە هیچ کەسێک تیایدا ناژیت. زانایانی ئابوری بورژوازی لە سەر ئەم ڕەوتە ڕۆیشتوون کە بۆ لێدوان و ئەندێشە سەبارەت بە مەسەلە ئابورییەکانی رابین سۆن و چۆنێتی چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی و نموونەی بۆ دەهێننەوە و لەم بوارەدا ئەوەندە نواندنی لە ڕادەبەردەیان کردووە کە وردە وردە بنەمای کۆمەڵایەتی زانستی ئابوری لەبیر کراوە و لە ژیانی چیرۆک ئاساو ناڕاستی کەسێکەوە دەیانەوێت مەسەلە هەستپێنەکراو و ئاڵۆزەکانی ژیانی ئابوری کۆمەڵگە نوێیەکان بێننە دەرەوە. چیرۆکی (حەی کوڕی یەقزانی کوڕی تەفیل) دوور نییە لە چیرۆکی رابین سۆنەوە کایەی رابین سۆن وەرگێڕانی «“Robinsonades”».

55. پەراوێزی چاپی دووهەم تەنانەت (ریکاردۆ)ش لە کایەی رابین سۆن بەدەر نییە. «ریکاردۆ، بەخێرایی ماسیگرو ڕاوچییەکی سەرەتایی

وەک خاوەنی شمەک دەهێنێنە ناو هاوکێشەی ئاڵوگۆڕی ماسی و راوکردن، ئەوەش لە کاتێکدا کە لەم بەها ئاڵوگۆڕکراوەدا وێناکراوە. لەمبارەیەشەوە تووشی هەڵەیەکی مێژوویی دەبێنەوە، وەک ئەوەی گوایا ماسیگرو راوچییە سەرەتاییەکە بۆ ژمێرکاری کەرەستەی کارکردنیان خوێندنەوە بۆ خشتەی دابەشکردنی ساڵانە دەکەن کە لە ئاڵوێری (Exchange)لەندەن لە ساڵی 1817دا باو بووە. «لایەکسانەکانی جەنابی (ئوون) بە روتین تەنها شێوەی کۆمەڵایەتییە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی بورژوازی دەیناسی» (کارل مارکس. رەخنەکان–لا 38 و 39).

56. «لاما» جۆرێک مەڕوماڵاتی تایبەتی ئەمریکای باشوورە.

57. ئابوریناسی ئەڵمانی (–1900 1822) و: فارسی.

58. پەراوێزی چاپی دووەم: « لەمدواییانەدا بیرۆکەیەکی پێکەنیناوی هەمەلایەنە بووەتەوە لەسەر ئەو بنەمایە کە شێوە سەرەتاییەکەی خاوەندارێتی هاوبەش شێوازێکە کە بە تەواوی پەیوەستە بە بنەچەی «ئوسلاڤ»و تەنانەت تەنها تایبەت بە روسییەکانە. ئەم شێوە سەرەتاییە کە لەلای (رۆمییەکان) و نەتەوەی (ژرمەن) و (سلێتییەکان) بوونی هەبووە و ئەمڕۆکە هێشتا هەندێک نموونەی جۆراوجۆری لە لای هیندەکان دەبینین هەرچەند تا رادەیەک داڕماوەو پەرش و بڵاو بووەتەوە. خوێندنەوەیەکی قووڵ لە شێوە ئاسیاییەکان و بەتایبەتی هیندی خاوەندارێتی هاوبەش پیشانماندەداث بە چ شێوەیەک شێوازە جۆراوجۆرو خۆکردە خاوەندارێتییە هاوبەشە شێوە جۆراوجۆرەکانی هەڵوەشانەوەی هاتۆتە ئارا. بۆ نموونە لەم رێگایەوە شێوە جۆراوجۆرەکانی خاوەندارێتی تایبەتی سەرەتایی رۆمییەکان و ژرمەنییەکان دەتوانێت لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خاوەندارێتی هاوبەشی هیندەکان پەل پەل ببێتەوە»– (کارل مارکس، کتێبی...لاپەڕە 10).

59. ئایینزایەک کە باوەڕی بە خواوەندێکی تایبەت و متافیزیایی هەیەو وەکو ئایینی مەسیحییەت کەسایەتییەکی دیاریکراو بۆ خوا دانانێن. هەندێک لە رۆشنبیرانی سەدەی هەژدەهەم ئەم باوەڕەیان بەناوی ئایینزای ژیرانە یان لە سەر دەستەواژەی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا بە ئایینی ژیریی تایبەت ناوناوە.

60. فەلسەفەی ئەبیقور کە لەسەر بنەمای بیروڕای دموکریت (زیموقراتیس)ە لەبەر ئەوەی هۆکاری ئاڵوگۆڕەکانی کەون لە دەرەنجامی جووڵەی بەڕێکەوتی ئەتۆم دادەنێن لە جیهاندا ئەو ئەرکە بۆ خواوەند دانانێن و بڕوای وایە کە چونکە ئەوانە لە ماوەی نێوان کاکێشانەکاندان ناتوانن کاریگەرییان لەسەر کاروباری جیهاندا هەبێت.

61. کەموکوڕی لێکدانەوەی ریکاردۆ لەگەڵ قوربی بەها کە خۆی بە باشترین لێکدانەوە دەژمێردرێت، لە کتێبی سێیەم و چوارەمدا دیاری دەکرێت. بە گشتی لەبارەی بەهاوە، زانستی ئابوری کۆن (کلاسیک) لە هیچ شوێنێکدا بە راشکاوی جیاوازی لەنێوان ئەو کارەی کە لە بەها پیشاندراوە لەگەڵ هەمان کاردا کە لە بەهای بەکارهێنانی بەرهەمەکەیدا دەرکەوتووە خەسڵەتی بۆ دانەناوە. هەڵبەت زانستی ئابوریی کۆن بە کردار لە نێوان ئەم دوانەدا جیاوازی دادەنێت چونکە هەندێجار لە بواری رادەو هەندێک کات لە بواری چۆنێتییەوە لە کار ورد دەبێتەوە، بەڵام سەرنجی ئەم خاڵە نادات کە ئەم بڵاوبوونەوەی رادەی کارەکان پێویستی بە یەکبوونی چۆنایەتی یان یەکسانیان هەیە لەمڕووەوە پێویستیان بە گواستنەوەیە بۆ کاری تایبەتی مرۆیی. بۆ نموونە ریکاردۆ خۆی هاوڕای (دستۆت دوتراسی) دەزانێت کە دەڵێت: «هەر بەو جۆرە کە توانای جەستەیی و دەروونیمان بە دڵنیاییەوە تەنها سامانی سەرەتایی ئێمەن، ئاشکرایە کە تەرخانکردنی ئەم وزەیە

واتا جۆرێکی دیاریکراو لە کار، یەکەمین گەنجینەمانە. هەر ئەم کەڵک وەرگرتنەیە کە ئەو شتانەی ئێمە بە سامانی دادەنین دەیخوڵقێنێت، هەروەها شتێکی خاترجەمە کە هەموو ئەم شتانە تەنها پیشاندەری ئەو کارەن کە ئەوانەی بەدیهێناوە و ئەگەر بەهایان هەیە یان تەنانەت خاوەن دوو بەهای جیاوازن هیچ چارێکیان نییە جگە لەوەی ئەو بەها کارییە کە سەرچاوەیانە بەدەستیان هێنابێت. (دستۆت دوتراسی-بنەماکانی ئایدیولۆجی-بەشی چوارەم و پێنجەم، پاریس 1826، لاپەڕە 35 و 36) پێوانەی بکەن لەگەڵ ریکاردۆدا: «بنەمای زانستی ئابوری» چاپی سێیەم لەندەن -1821 لاپەڕە 334) تەنها ئاماژە بەوە دەکەین کە ریکاردۆ بیرۆکەکەی خۆی قووڵترە کە لە بری بیرۆکەکەی دستۆت دایدەنێت. لە راستیدا دستۆت لە لایەکەوە دەڵێت هەموو ئەو شتانەی بە سامان دەژمێردرێن نوێنەری کارێکن کە ئەوانەی خوڵقاندووە، «بەڵام لە لایەکی ترەوە بڕوای وایە ئەم شتانە دوو بەهای جۆراوجۆری خۆی»، واتا بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوگۆڕ لە «بەهای کار» بەدەست دێنێت. بەمجۆرە لە وڕینە ئابورییە سەرەتاییەکانیدا چڕ دەبێنەوە کە پێشتر بەهای بەشمەکبوونی (بۆ نموونە کار لەو مەسەلەیە کە ئێمە باسی لێیەوە دەکەین)، بە شتێکی روونی دادەنێت و پاشان بەهای شومەکێکی تر بەوپێیە دەستنیشانی دەکات و لێی دەردەکات. ریکاردۆ بەمشێوەیە تێدەگات کە گوایا وتراوە هەم بەهای بەکارهێنان و هەم بەهای ئاڵوگۆڕ هەردووک نوێنەری کارن (نەک بەهای کار)، بەڵام ئەوەندە تایبەتمەندیی دوولایەنەی کار کە بە دوو شێوەی جیاواز پیشان دەدرێن بە کەمی لێک جیای دەکاتەوە کە لە هەموو تەوەرە بەر باسەکانی سەبارەت بە «بەهاو سامان و تایبەتمەندیی لێک جیاکەرەوەیان». هەموو مەراقی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەو باسانەی نزیکن لە قسەی ئاسایی کەسێک وەک «ژان

باتیسته سێ»، له ئاکامدا خۆی سەری سوڕماوە کە دستۆت سەبارەت بە کار هاوڕایە لەگەڵیدا بە واتای سەرچاوەی بەها، لەم دۆخەدا بیرۆکەکەی لەبارەی چەمکی بەها لەگەڵیدا یەکدەگرێتەوە.

62. یەکێک لە کەموکوڕییەکانی بنەڕەتی ئابوری کۆن (کلاسیک) ئەوەیە کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی شمەک و بە تایبەتی بەهاکەی هیچکات نەیتوانیوە ئەوە شێوازە بدۆزێتەوە کە شمەکەکە بە شێوەی بەهای ئاڵوگۆڕ دێنێتە ئارا. باشترین نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە «ئادەم سمیس» و «ریکاردۆ»ن کە شێوەی بەها بە شتێکی بێبایەخ و لە دەرەوەی سروشت دایدەنێن. هۆکارەکەی تەنها ئەمە نییە، کە قوربی بەها هەموو سەرنجیانی راکێشابێت، بەڵکو ئاراستەیەکی قووڵتر لە ئارادایە، شێوەی بەهای بەرهەمی کار تایبەتترین و دەرەنجام گشتگیرترین پێکهاتەی شێوەی بەرهەمهێنانی بورژوازییە کە خۆی لەم رێگایەوە وەک جۆرێکی تایبەت لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و لەمڕووەوە لە هەمانکاتدا لە بواری مێژووییەوە جیادەکرێتەوە. کەواتا ئەگەر بە هەڵە ئەوە بە شێوەی سروشتیی نەمری بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی وێنا بکەن بە ناچار رێکخستنەکانی، واتا شێوەی شمەکی و شێوە ئاڵوگۆڕکراوەکەی کە پارەو سامان و هتد لەبەر چاوی ناگرن. هەر لەمڕووەوە ئەو ئابوریناسانەی کە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی قوربی بەها لە رێگای کاتی کار لەگەڵ یەکتردا بە تەواوی هاوڕان، لەبارەی پارە واتا شێوەی ئامادەی هاوشانی گشتی، تاساوترین و ناکۆکترین بیروبۆچوونەکان دەدەبڕن. بۆ نموونە کاتێک لێکۆڵینەوە لەبارەی مەسەلە بانکییەکانەوە دەستپێدەکات و ناساندنی رەمەکیی پارە بۆ شرۆڤەکردنی بەس نییە. ئەم شپرزەییە لە بیرکردنەوەدا بە بێزراوترین شێوە دەبینرێت. هەر لەمڕووەوە لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانەدا سیستمێکی نوێ لە مرکانتیلیزم هاتۆتە ئاراوە

کە بەها تەنها بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی یان باشتر بڵێین رواڵەتێکی بەتاڵ لە کرۆک دادەنێت، «گانیل» و ئەوانیتر.

بۆ ئەوەی یەکجار بۆ هەمیشە وترابێت دووپاتی دەکەینەوە کە لەژێر ناونیشانی زانستی ئابوری کۆندا هەر جۆرە ئابورییەک لەبەرچاو دەگرم کە لە سەردەمی «ویلیام پتی»یەوە لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە پەیوەستبوونی ناواخنی هاوبەشی کردنی بەرهەمهێنانی بورژوازی کردووە. من ئەو شتانە لە بەرانبەر ئابوریی رەمەکی دادەنێم کە تەنها لە ناواخنی پەیوەندییە روتینیەکان لە هاتووچۆدایە، تاکو لە هەندێک دیاردە کە توندوتیژ دیارن بە جۆرێکی رێگەپێدراو بیکەنە شیاوی تێگەیشتن و پێداویستییەکانی ناو ماڵێکی بورژوازی لەبارەی هەندێک بوارەوە کە ماوەیەکە لەلایەن زانستی ئابورییەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، ئێستا بە کاوێژکردنێکی نوێوە چارەسەری بکات، بەڵام هێشتا لەم ئاستەدا رازی دەبێت بەوەی کە وێناکردنی بێبایەخ و خۆپەرستانەی خاوەنکاری بەرهەمهێنانی بورژوازی کە لە جیهانی تایبەت بەخۆیان هەیانە و بە باشترین جیهانی دادەنێن، رێکخی بخات و دۆخی زانستی پێبدات، ئینجا وەکو راستییە نەمرەکان رایبگەیەنێت.

63. ئابورناسەکان شێوازێکی تایبەتیان لە جێبەجێکردندا هەیە. تەنها دوو جۆر سیستم و دابونەریت بوونی هەیە، یەکێک دەسکرد و ئەویتر سروشتی. یاساو رێسای دەرەبەگایەتی دسنکردە، بەڵام سیستمی بورژوازی سروشتییە. لەمڕووەوە هاوشێوەی ئەو کەسانەن کە پەرستش دەکەن و دوو جۆر ئایینیان هەیە. هەر ئایینێک کە لەوان نییە داهێنانی مرۆڤە، بەڵام ئایین و رێوڕەسمی خۆیان خواوەندییە. کەواتا مێژوویەکی لەمشێوە بوونی هەبووە، بەڵام ئیتر نییە». کارل مارکس: (هەژاری فەلسەفە وەڵامی فەلسەفەی هەژاری، نوسینی پرۆدون، 1847، لاپەڕە 113). لە راستیدا

جەنابی (باستیا) زۆر گاڵتەچییە کاتێک وابیر دەکاتەوە کە یۆنانیو رۆمییە کۆنەکان تەنها بە تاڵانکردن دەژیان. لەبەر ئەوەی بکرێت چەندین سەدەی بەردەوام بە تاڵانەوە ژیان بکرێت پێویستە شتێک بۆ تاڵانکردن بوونی هەبووبێت، یان ئەو شتانەی تاڵان دەکرێن بە بەردەوامی بەرهەمبهێنرێنەوە. کەواتا وا دیارە کە یۆنانییەکان و رۆمییەکان بەش بەحاڵی خۆیان شێوەی بەرهەمهێنان و هەروەها ئابورییان هەبووە کە بنەڕەتی جیهانی مادییانی پێکدەهێنا، کتومت بەو جۆرەی کە ئابوری بورژوازی بنەمای ماددی جیهانی ئێستا پێکدێنێت رەنگە «باستیا» وا بیر دەکاتەوە ئەو شێوە بەرهەمهێنانەی بەپێی کاری کۆیلەکانە لەسەر بنەمای تاڵان و قاژو دانراوە؟ لەم دۆخەدا لە بوارێکی مەترسیداردا بەدواداچوونی کردووە. کاتێک پیاوێک وەک ئەرەستۆ کە زەبەلاحی ئەندێشەیە و لەبارەی خەملاندنی کاری کەسەکان بە هەڵەدا دەچێت بۆچی ئابوریناسێکی بچوک وەکو (باستیا) دەبێت لە خەملاندنی دەسهەقدا رێگای راستی گرتبێتە بەر؟ کاتەکە بەهەل دەقۆزمەوە و بە کورتی رەخنەیەک رەتدەکەینەوە کە گۆڤارێکی ئەڵمانی و ئەمریکی لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەم لەبارەی (رەخنەگرتن لە زانستی ئابوری دا، 1859) ئەو رەخنەیەیان لێگرتووم. وتراوە: بیرۆکەکەی من بەو پێیەی کە شێوازی دیاریکراو و هاوبەشیکردنی بەرهەمهێنان گونجاوە لەگەڵیدا یان بە کورتیەکەی «پێکهاتەی ئابوری کۆمەڵایەتی بنەمایەکی راستەقینەیە کە لەسەر ئەو بنەڕەتە چوارچێوەی یاسایی و سیاسی دادەمەزرێت و شێوازی دیاریکراو لە زەوێڵەی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەگونجێت «هەروەها ئەم خاڵەش کە شێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی مادییە و بە گشتی هۆکار دێنێتەوە بۆ پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئەندێشە، نەخۆشی دەخات»، لە جیهانی ئێستادا کە بەرژەوەندی ماددی تیایدا دەسەڵاتدارە بە تەواوی راستە، بەڵام

لەبارەی سەدەکانی ناوەڕاست راگەیەنەری ئایینی کاسولیک و لەبارەی ئەسینا و رۆما کە سیاسەت داگیری کردووە، پشتڕاست ناکاتەوە.

سەرەتا سەرسوڕهێنەرە کە کەسێک وا بیر بکاتەوە ئەمجۆرە چیرۆک سازکردنەی جیهان شارەزا لەبارەی سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمانی کۆن بۆ ئەویتر بە نەناسراوی ماوەتەوە. ئەوە روونە نەک سەدەکانی ناوەڕاست دەیتوانی داوای رزق و رووزی لە ئایینزای کاسولیک بکات، نەک جیهانی کەونارا ئەگەری هەبوو بە سیاسەت ژیانی خۆی دابین بکات. بە پێچەوانەوە ئەو شێوازەی کە خەڵکی ئەم سەردەمانە بۆ ئاسوودەیی ژیانیان بەکارییان دەهێنا، روونی دەکاتەوە چونکە لە شوێنێکدا سیاسەت و لە شوێنێکی تردا کاسولیزیزم رۆڵی گرنگیان گێڕاوە. جیالەمەش کورتە زانیارییەک بۆ نموونە لەبارەی مێژووی رۆما بۆ زانینی ئەم خاڵە بەسە کە نهێنی ئەم مێژووە لە خاوەندارێتی زەوی و زاردا حەشاردراوە. لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی «دون کیشووت» وا بیر دەکاتەوە سوارچاکی تاکەکەسی دەتوانێت لەگەڵ هەموو شێوە ئابورییە کۆمەڵایەتییەکاندا بگونجێت، سزای هەڵەکەی خۆی بینی.

64. لێرەدا ئاماژەیە بە بۆچوونی مرکانتیلیزمەکان کە پارەیان بە بنەمای سامان دەزانی و زانایانی ئابوری لیبراڵ گاڵتەیان پێدەکەن، بەڵام کاتێک باسی سەرمایە دەکرێت گیرۆدەی هەمان فتیشم دەبن.

65. (Observation on certain verbal disputes in political Economy, Particularly relating to value and to demand and supply.” London, 1821, p. 16.)

66S. Bailey («A critical Dissertation etc.» p. 165 Much ado

about nothing.

67. ئاماژەیە بۆ کارەکتەرەکانی نمایشنامەی شکسپیر بە ناونیشانی (هەندێک هەراوهوریا لەبەر هیچ). ئەم بڕگەیە لە ناوەڕۆکدا لە پەردەی سێیەمی لەقتەی سێیەم وەرگیراوە کە ئینگلیزییەکەی بەمجۆرەیە:

"to be well – favored man is the gift of fortune; but to write and read come by nature." و

68. نووسەری کتێب – تێبینیەکان (سەردانی پەراوێزی پێشوو بکەن)، هەروەها (س. بیلە)، ریکاردۆ بەوە تاوانبار دەکات گوایا ئەو تایبەتمەندی بڕواپێکراوی بەهای ئاڵوگۆڕی گۆڕیوە بۆ تایبەتمەندییەکی تەواو. بابەتەکە رێک پێچەوانەیەتی، چونکە ریکاردۆ رێژەی روتینی ئەم شتانە (وەکو مرواری و ئەڵماس) لە بواری بەهای ئاڵوگۆڕەوە دەوڵەمەندن بۆ پەیوەندی راستەقینەیان کە لەژێر ئەم روتینەوە حەشاردراوە، (واتا رێژەکەیان بەو متمانەیە کە دیاریکراوی کاری مرۆیین) گواستوویەتیەوە. ئەگەر لایەنگرانی ریکاردۆ وەڵامێکی قورس و بێدەرەتان بە بیلە بدەنەوە تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە لەلای ریکاردۆ هیچ جۆرە زانیارییەک لەبارەی پەیوەندیی جەوهەری لەنێوان بەهاو شێوەی بەها یان بەهای ئاڵوگۆڕییان نەدۆزیوەتەوە.

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە  یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |